حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستیی
زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
بەشی زمانی کوردیی

# فریزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا

نامەیەکە

شنە عزیز حمەرحیم

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزووری زانکۆی هەڵەبجەی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت:

پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید

(٢٧٢٣) ی کوردیی (٢٠٢٣) ی زایینی

ئەم نامەیە، بە ناونیشانی **(فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا)**، لەلایەن خوێندکار **(شنە عزیز حمەرحیم)**ەوە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی هەڵەبجە/ کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ بەشی زمانی کوردیی، ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا.

ناو: پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید

ڕۆژ:    /    /

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د.ئاریان سدیق عەزیز

سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی

ڕۆژ:    /    /

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: / /

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوورەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.ی.د. ئەحمەد میرە
ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
ڕۆژ: / /

# پێشکەشە . . .

- بە ڕۆحی پێنج هەزار پەپوولەی بێتاوانی شارەکەم.
- بە دایکوباوکی میهرەبانم، کە هەر لە منداڵییەوە بە پشتیوانیکردنیان و نزا پڕ لە ئەوینەکانیان، منیان گەیاندە ئەم قۆناغە.
- بە هاوژینی خۆشەویستم (شوان)، بە جگەرگۆشەکانمان (محمد، مینا).
- بە سەرجەم خوشکوبرا دڵسۆزەکانم.
- بە خوێنەری ئەم نامەیە.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

- ئەو زاتەی، کە سەرچاوەی هەموو خۆشبەختییەکانمانە.
- مامۆستای زانستخوازو زماندۆستم (پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید)، کە بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە سەرپەرشتیی ئەم نامەیەیان گرتەئەستۆ و هەنگاو بە هەنگاو بە زانیارییە وردو ڕێنماییە زانستییەکانیان لەگەڵمدا بوون و باسەکەیان بەم ئەنجامە گەیاند، بۆیە تەمەنێک خۆم بە قەرزاریان دەزانم.
- بەڕێزان ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور (پ.ی.د.ئەحمەد میرە) و سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی (د.ئاریان سدیق عەزیز)
- بەڕێز (پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف)، کە لەنوسینی نامەکەدا زۆر بە دڵفراوانییەوە وەڵامی پرسیارەکانمیان داومەتەوە.
- هاوژینم (شوان افراسیاب علی)، کە لە نووسینی نامەکەدا پشتیوان و هاوکارێکی زۆر باشم بووە.
- بە خوشکی ئازیزم(فریشتە عزیز حمەرحیم)، کە زۆر دڵسۆزانە هاوکاریی کردووم.
- بەڕێز (د. بڕوا ڕەسوڵ احمد)، کە لە دەستخستن و وەرگێڕانی سەرچاوەی ئینگلیزیدا یارمەتییان داوم.
- بەڕێزان (م.زوبێر علی عارف، م.یاسین نادر ڕەحمان، پشتیوان حسن حسێن، کاوان ئەحمەد بابا)، کە بە پیی پێویست وەڵامی پرسیارەکانمیان داومەتەوە.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی، لە قۆناغەکانی خوێندندا فێریان کردووم وانەیان پێگووتووم .

# هێماو کورتکراوەکان

| هێماو کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| پ | پۆلەڕەگەزدیاریکردن |
| ت.س | تەواوکەری سینتاکسیی |
| د.ک.ژ | دیالێکتی کرمانجیی ژووروو |
| /   / | مۆرفیم/ وشە |
| [. . .] | نواندنی ناواخنی فەرهەنگیی |
| {  } | فرێز |
| ← | دەبێت بە |
| ـِ | Det |
| / | یان |
| ≠ | ناهاوتا |
| * | ناڕێزمانیی |
| ~ | هەمان واتا |
| > < | ڕستە |
| A° | ئاوەڵناوی فەرهەنگیی |
| AP/A⁻ | فرێزی ئاوەڵناویی |
| N° | ناوی فەرهەنگیی |
| NP/N⁻ | فرێزی ناویی |
| V° | کرداری فەرهەنگیی |

| | |
|---|---|
| فرێزی کرداریی | VP/V⁻ |
| پێشناو | P° |
| فرێزی پێشناویی | PP/P⁻ |
| دیارخەر | D° |
| فرێزی دیارخەریی | DP/D⁻ |
| تاف | T° |
| فرێزی تاف | TP/ T⁻ |
| ڕێککەوتن | AGR° |
| فرێزی ڕێککەوتن | AGRP/ AGR⁻ |
| واژەگۆکەر | C° |
| سپێک | Spec |
| توخمی فەرهەنگیی | X° |
| تەواوکەر | Y |
| فرێزی تەواوکەر | YP |
| دیارخەر | Det/D |
| فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی | LDP |
| فرێزی دیارخەریی ئەرکیی | FDP |
| فرێزی ئەرکیی | FPH |
| دیارخەری پلەی باڵای ئاوەڵناو | $D^{A}$ |
| دیارخەری ژمارە | $D^{Num}$ |
| دیارخەری کۆ | $D^{Plu}$ |
| دیارخەری ڕادە | $D^{q}$ |

| | |
|---|---|
| پێش_فرێز/ دەستەواژیلە | Pre.P |
| پێش_فرێز/ دەستەواژیلەی ناویی | Pre.NP |
| پێش_فرێز/ دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی | Pre.AP |
| پێش_فرێز/ دەستەواژیلەی ئەرکیی | Pre.FPh |
| پاشگر | Suf. |
| پلەی باڵا | Sup.DEG |

# لیستی زاراوەکان

| | | |
|---|---|---|
| ئـ | | |
| ئاوەڵناوی شکاوە | صفات متصرفه | Inflected Adjective |
| ئەکوزەتیڤ | مفعولی | Accusative |
| پ | | |
| پارامیتەر | پارامیتەر | Parameter |
| پارامیتەری سەر | پارامتر هستەای | Head parameter |
| پاڵێوەر | صافی | Filter |
| پریدیکات/ ئارگومێنت-داواکەر | گزاره | Predicate |
| پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی | زیر دسته بندی واژگانی | Lexical sub categorization |
| پێش_ڕستەیی | پیش –جملەای | Pre sentence |
| پێش_فریز/ دەستەواژیلە | پیش- گروه | Pre phrase |
| پێشناو | حرف اضافه | Preposition |
| پلەی بەراورد | صفات تفضیلی | Comparative |
| پلەی باڵا | صفات عالی | Superlative |
| ت | | |
| تاف | زمان دستوری | Tense |
| ترۆپک | مبتدا | Topic |
| توخم | عنصر | Element |
| توخمی فەرهەنگیی | عنصر واژگانی | Lexical category |
| تەواوکەر | متمم | Complement |
| ج | | |

| | | |
|---|---|---|
| Positions | موقعيت | جێکەوتە |
| | | ح |
| Governor | حاكم | حوكمكەر |
| | | خ |
| Coordinate | تطابق | خستنەتەكيەک |
| | | د |
| Argument structure | ساخت موضوع | دروستەی ئارگومێنت |
| Nominative Case | حالت فاعلى | دۆخی بکەریی |
| Accusative Case | حالت مفعولى مستقيم | دۆخی بەرکاریی |
| Genitive Case | حالت اضافى | دۆخی خستنەپاڵ |
| Dative Case | حالت مفعولى غير مسقييم | دۆخی داتیڤ |
| Structure Case | حالت ساختارى | دۆخی دروستەیی |
| Inherent Case | حالت زاتى | دۆخی زگماکیی |
| Subjacency Case | حالت همجوارى | دۆخی هاوسێیەتیی |
| Determiner | تعين گر(حرف تعريف) | دیارخەر |
| Clitical determiner | تعين گر ميان واژەاى | دیارخەری بەند |
| Null Determiner | تعين گر خالى | دیارخەری دەرنەبڕاو |
| Free determiner | تعين گر ازاد | دیارخەری سەربەخۆ |
| | | ڕ |
| Projection Principle | اصل فرافكنى | ڕێسای پڕۆژەسازدان |
| ExtendedProjection Principle | اصل فرافكنى گسترده | ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانكراو |
| Agreement | مطابقه | ڕێککەوتن |

| | | |
|---|---|---|
| Root | ریشه | ڕەگ |
| | | س |
| Head | هسته | سەرە |
| Initial Head | هسته- اغازی | سەرسەرەتا |
| Final Head | هسته- پایانی | سەرکۆتا |
| Functional Head | هسته نقشی | سەری ئەرکیی |
| Null Head | هسته تهی | سەری دەرنەبڕاو |
| Grammatical Head | هسته دستوری | سەری ڕێزمانیی |
| Lexical Head | هسته واژگانی | سەری فەرهەنگیی |
| | | ش |
| Inflection | تغیری | شکانەوە |
| | | ف |
| Tense phrase | گروه زمان | فرێزی تاف |
| Genitive phrase | گروه ملکی | فرێزی خستنەپاڵ |
| Functional Determiner phrase | گروه تعین کننده نقش | فرێزی دیارخەریی ئەرکیی |
| Lexical Determiner phrase | گروه تعین کننده واژگانی | فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی |
| Agreement phrase | گروه/ عبارات تطابق | فرێزی ڕێککەوتن |
| Lexical phrase | گروه واژگانی | فرێزی فەرهەنگیی |
| Verb phrase | گروه فعلی | فرێزی کرداریی |
| | | ق |
| Stress | تکیه | قورساییخستنەسەر |
| | | ک |
| Lexical verb | فعل واژگانی | کرداری فەرهەنگیی |

| | | |
|---|---|---|
| Syntactic category | مقولەای نحوی | کەتیگۆریی سینتاکسیی |
| Lexical category | مقولەای واژگانی | کەتیگۆریی فەرهەنگیی |
| | | گ |
| Transformation | گشتار | گواستنەوە |
| | | م |
| Constraint | محدودیت | سنوردانان |
| | | ن |
| Representation | نمایندگی | نواندن |
| Obligatory representation | نمایندگی اجباری | نواندنی خورتیی |
| Optional representation | نمایندگی اختیاری | نواندنی سەرپشکیی |
| Nominative | فاعلی | نۆمینەتیڤ |
| | | و |
| Individual word | کلمه مسلطی | وشەی بەدەسەڵات |

# پێڕستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەکیی** |
| 1 | ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٢/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٣/٠) ڕێبازو تیۆریی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٤/٠) گرنگیی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| | **بەشی یەکەم**<br>**بنەما تیۆرییەکان** |
| 3 | ١/١) ڕوانگەکانی ناسینەوەی فریز |
| 3 | ١/١-١) دروستەی فریز/ فریزپێکهێنان |
| 5 | ١/١-٢) تیۆری X_bar |
| 9 | ١/١-٣) ڕوانگەی ئەرکیی |
| 10 | ٢/١) پێکهاتەی فەرهەنگیی و زمانیی |
| 13 | ٣/١) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی |
| 16 | ٣/١-١) جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانیی |
| 17 | ٣/١_٢) نیشانەی دۆخ |
| 18 | ٤/١) سەری ڕێزمانیی و جۆرەکانی |
| 18 | ٤/١_١) سەری فەرهەنگیی |
| 19 | ٤/١_٢) سەری ئەرکیی |
| 19 | ٥/١) پرۆژەسازدان |
| 19 | ٥/١_١) مەودای پرۆژەسازدان |
| 20 | ٥/١_٢) پرۆژەسازدانی سینتاکسیی |
| 20 | ٥/١_٢_١) پرۆژەسازدانی سینتاکسیی پێش-فریز (دەستەواژیلە) |
| 22 | ٥/١_٢_٢) پرۆژەسازدانی سینتاکسیی فریز |
| 24 | ٦/١) توخمە پرۆژەسازدەرەکان |
| 25 | ٧/١) هەمواری پرۆژەی NP بۆ DP |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم**<br>**فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا** | |
| ١/٢) کەتیگۆریی فەرهەنگیی و سەری فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا | 28 |
| ٢/٢) بنەمای دیاریکردنی سەری فەرهەنگیی | 28 |
| ٣/٢) پارامیتەر لە فرێزی فەرهەنگییدا | 29 |
| ٤/٢) مەودای فرێزی فەرهەنگیی | 32 |
| ٥/٢) فرێزو جۆرەکانی بەپێی چەشنی سەرە لە زمانی کوردییدا | 33 |
| ٢/٥-١) فرێزی فەرهەنگیی | 34 |
| ٦/٢) جۆرەکانی فرێزی فەرهەنگیی | 34 |
| ٦/٢_١) ناوو فرێزی ناوییNP | 34 |
| ٦/٢_١_١) بەفرێزبوونی ناوی گشتیی | 36 |
| ٦/٢_١_٢) بەفرێزبوونی ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ | 39 |
| ٦/٢_٢) ئاوەڵناوو فرێزی ئاوەڵناویی | 40 |
| ٦/٢_٣) فرێزی پێشناویی PP | 44 |
| ٦/٢_٤) فرێزی کرداریی و دروستەکانی | 49 |
| ٦/٢_٤_١) دروستەی بنەڕەتیی فرێزی کرداریی | 49 |
| ٦/٢_٤_٢) دروستەی فراوانکراوی فرێزی کرداریی | 50 |
| ٦/٢_٤_٣) فرێزی کرداریی VP | 51 |
| ٦/٢_٤_٤) ناوی کرداریی هەڵگوێزراو پەیوەست بە پێشناوی فەرهەنگییەوە | 54 |
| ٦/٢_٤_٥) کرداری فەرهەنگیی هەمبەر بە کرداری سینتاکسیی | 55 |
| ٦/٢_٥) فرێزی دیارخەریی DP | 56 |
| ٦/٢_٥_١) دروستەکانی DP پەیوەست بە چەشنی سەرەوە | 57 |
| ٦/٢_٥_١_١) فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی Lexical Determiner Phrase (LDP) | 58 |
| ٦/٢_٥_٢) جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی | 59 |
| ٦/٢_٥_٢_١) فرێزی دیارخەریی وشەی نیشانە | 59 |
| ٦/٢_٥_٢_٢) فرێزی دیارخەریی ژمارە | 61 |
| ٦/٢_٥_٢_٣) فرێزی دیارخەریی ڕادە | 63 |
| ٦/٢_٥_٢_٤) فرێزی دیارخەریی ئاوەڵناو | 63 |

| | |
|---|---|
| 64 | ٦/٢_٥_١_٢) فریزی دیارخەریی ئەرکیی Functional Determiner Phrase (FDP) |
| 67 | ٥/٢_٢) فریزی ئەرکیی |
| 67 | ٥/٢_٢_١) فریزی تاف TP |
| 69 | ٥/٢_٢_٢) فریزی ڕێککەوتن AGRP |
| 70 | ٧/٢) گۆکردنی سینتاکسیی فریزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا |
| 70 | ٧/٢_١) گۆکردنی بکەریی فریزی فەرهەنگیی |
| 71 | ٧/٢_٢) گۆکردنی فریزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی جێگری بکەردا |
| 71 | ٧/٢_٣) گۆکردنی بەرکاریی فریزی فەرهەنگیی |
| 71 | ٧/٢_٤) گۆکردنی ئاوەڵکرداریی فریزی فەرهەنگیی |
| 72 | ٧/٢_٥) گۆکردنی فریزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی بەشەبکەردا |
| | **بەشی سێیەم**<br>**فریزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا** |
| 73 | ١/٣) کەتیگۆریی فەرهەنگیی و سەری فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا |
| 73 | ٢/٣) پارامیتەر لە فریزی فەرهەنگیی زمانی فارسییدا |
| 76 | ٣/٣) مەودای فریزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا |
| 76 | ٤/٣) فریزو جۆرەکانی بەپێی چەشنی سەرە لە زمانی فارسییدا |
| 76 | ٤/٣-١) ناوو فریزی ناویی لە زمانی فارسییدا |
| 78 | ٤/٣-١-١) بەفریزبوونی ناوی گشتیی لە زمانی فارسییدا |
| 79 | ٤/٣-١-٢) بەفریزبوونی ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ لە زمانی فارسییدا |
| 81 | ٤/٣-١-٣) فریزی خستنەپاڵی ناویی لە زمانی فارسییدا |
| 82 | ٤/٣-٢) ئاوەڵناوو فریزی ئاوەڵناویی لە زمانی فارسییدا |
| 87 | ٤/٣-٣) فریزی پێشناویی لە زمانی فارسییدا |
| 91 | ٤/٣-٤) فریزی کرداریی و دروستەکانی لە زمانی فارسییدا |
| 91 | ٤/٣-٤-١) دروستەی بنەڕەتیی فریزی کرداریی |
| 92 | ٤/٣-٤-٢) فراوانکردنی دروستەی فریزی کرداریی |
| 92 | ٤/٣-٤-٣) فریزی کرداریی لە زمانی فارسییدا |
| 99 | ٤/٣-٤-٤) فریزی دیارخەریی لە زمانی فارسییدا |
| 100 | ٤/٣-٤-٤-١) دروستەکانیDP پەیوەست بە چەشنی (سەر)ەوە لە زمانی |

| | |
|---|---|
| فارسییدا | |
| ٤/٣-٤-٤-١-١) فریزی دیارخەریی فەرهەنگیی LDP لە زمانی فارسییدا | 100 |
| ٤/٣-٤-٤-٢) جۆرەکانی فریزی دیارخەریی فەرهەنگیی | 101 |
| ٤/٣-٤-٤-٢-١) فریزی دیارخەریی وشەی نیشانە | 101 |
| ٤/٣-٤-٤-٢-٢) فریزی دیارخەریی ژمارە | 106 |
| ٤/٣-٤-٤-٢-٣) فریزی دیارخەریی ڕادە | 107 |
| ٤/٣-٤-٤-٢-٤) فریزی دیارخەریی ئاوەڵناو | 108 |
| ٤/٣-٤-٤-١-٢) فریزی دیارخەریی ئەرکیی FDP لە زمانی فارسییدا | 109 |
| ٤/٣-٤-٤-٣) جۆرەکانی فریزی دیارخەریی ئەرکیی | 109 |
| ٤/٣-٤-٤-٣-١) فریزی دیارخەریی ناسراویی | 109 |
| ٤/٣-٤-٤-٣-٢) فریزی دیارخەریی نەناسراویی | 112 |
| ٤/٣-٤-٤-٣-٣) فریزی دیارخەریی کۆ | 115 |
| ٥/٣) فریزی ئەرکیی لە زمانی فارسییدا | 116 |
| ٥/٣-١) فریزی تاف TP لە زمانی فارسییدا | 116 |
| ٥/٣-٢) فریزی ڕێککەوتن AGRP لە زمانی فارسییدا | 117 |
| ٦/٣) گۆکردنی سینتاکسیی فریزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا | 118 |
| ٦/٣-١) گۆکردنی بکەریی فریزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا | 119 |
| ٦/٣-٢) گۆکردنی فریزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی جێگری بکەردا | 119 |
| ٦/٣-٣) گۆکردنی بەرکاریی فریزی فەرهەنگیی | 120 |
| ٦/٣-٤) گۆکردنی ئاوەڵکرداریی فریزی فەرهەنگیی | 120 |
| ٦/٣-٥) گۆکردنی فریزی فەرهەنگیی لەجێکەوتەی بەشەبکەردا | 120 |
| **ئەنجام** | 121 |
| **سەرچاوەکان** | 125 |
| **چکیدە** | 136 |
| **المستخلص** | 137 |
| Abstract | 138 |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (فریزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا) ئەنجامدراوە، تێیدا زاراوەی (فریزی فەرهەنگیی) بۆ جۆرێکی دیاریکراوی فریز پەیوەست بە توخمە پڕۆژەسازدەرەکانەوە، لە هەردوو زمانەکەدا بەکارهێنراوە.

## ٢/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا، پشت بە (زمانی کوردیی، دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانیی و زمانی ستانداردی فارسیی) بەستراوەو نموونەو بەڵگەکانی لێکۆڵینەوەکەیان لێوەرگیراون.

## ٣/٠) ڕێبازو تیۆریی لێکۆڵینەوەکە

لە لێکۆڵینەوەکەدا، هەردوو ڕێبازی (پەسنی شیکاریی)و (بەراوردکاریی) پەیڕەوکراون، پەیوەست بە لایەنی تیۆرییشەوە، تیۆرەکانی (GB)، بەتایبەت تیۆری (X-bar)، کراونەتە بنەمای کارکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان.

## ٤/٠) گرنگیی لێکۆڵینەوەکە

بۆ خستنەڕوو و نیشاندانی چۆنیەتیی بونیاتنانی پێکهاتە سینتاکسییەکان (پڕۆژە ناوەندییەکانی لە چەشنی فریزی فەرهەنگیی) لەنێوان زمانی کوردیی و زمانی فارسییدا بەپێی زانیاریی ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکان، گرنگ و بەهادارە، بەوهۆیەوە دروستەی سینتاکسیی و نواندنی فریزی فەرهەنگیی، بەپێی ئاوەزمەندیی ئاخێوەری هەردوو زمانەکە، پەسندەکرێن.

## ٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بۆ فریزە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیی و فارسییدا تەرخانکراوە، هەڵبژاردنی ئەو جۆرەی فریزیش، بۆ فرە چەشنیی فریزەکان و ئەو سنوورە دەگەڕێتەوە، کە پەیوەست بە دروستەو ئەرکەوە، لە تیۆری (X-bar)دا بۆ ئەوجۆرەی فریز هەمبەر بە فریزە ئەرکییەکان، دانراوە. لێکۆڵینەوەکە جگەلە پێشەکیی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێکدێت:

لە بەشی یەکەمدا، کە بەشێکی تیۆرییە، بە گشتی ڕوانگەکانی ناسینەوەی فریز خراونەتەڕوو، ئەوانیش ڕوانگەکانی (فریزپێکهێنان، تیۆری X_bar، ڕوانگەی ئەرکیی)ن، بۆئەوەش لە تەواوی لێکۆڵینەوەکەدا کار بە بنەماکانی تیۆری X_bar کراوەو بۆ بونیاتنانی پڕۆژەی فریز لە زمانی

کوردیی و فارسییدا پشتی پێبەستراوە. پاشان ئەو وەچەتیۆریی و تیۆرانە خراونەتەڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا کاریانپێکراوە.

بەشی دووەم، تایبەتە بە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی پڕۆژەی فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا، ئەویش بە پشتبەستن بە سەرە فەرهەنگییەکانی (V, P, A, D/N)، کە لەڕێیانەوەو بەهۆیانەوە، پڕۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکانی (VP, PP, AP, DP/NP) لە سنورو مەودای ڕێسای پڕۆژەسازداندا بونیاتدەنرێن.

بەشی سێیەمیش، بۆ (فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا) تەرخانکراوە، ئەم بەشە پەیوەستە بە چۆنیەتیی بونیاتنانی فرێزە فەرهەنگییەکان لە زمانەکەدا، تێیدا هاوشێوەی زمانی کوردیی، پشت بە تیۆری X-bar بەستراوەو بنەماکانی جێبەجێکراون، بەڵام نموونە و داتاکان بە گشتی لە زمانی ستانداردی فارسییەوە وەرگیراون و کراونەتە کەرەستەی شیکردنەوەکانی ئەم بەشە. لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێک بەدەستهاتوون، کە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی ئەم چەشنەی فرێز لە هەردوو زمانەکەدا، لەڕووی دروستەو ڕێزمانەوە، دەخاتەڕوو.

# بەشی یەکـەم

# بنەما تیۆرییەکـــان

## ١/١) ڕوانگەکانی ناسینەوەی فرێز

### ١-١/١) دروستەی فرێز/ فرێزپێکهێنان

یاساکانی فرێزپێکهێنان، قۆناغی پێش تیۆری X-bar بوو، کە بۆ شیکردنەوەی دروستەکانی فرێزی ڕستە بۆ کەرەستەی پێکهێنەری بچووکتر، کاریانپێدەکرا. تێیدا کۆمەڵێک یاسا بۆ پێکهێنانی فرێز لە ڕستەی جیاوازدا خرابوونەگەڕ، کە کار لەسەر کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکانیان دەکرا، نەک پەیوەندییە ڕێزمانییەکان. لەمڕووەوە، یەکەم یاسا، ڕستە بۆ دوو بەشی سەرەکیی شیدەکاتەوە/ دابەشدەکات، فرێزی ناویی و فرێزی کرداریی، پاشان بۆ هەریەکێکیان ئەو یاسایانە دیاریدەکات، کە کەرتەکانی کەتیگۆرییە جیاوازەکانی ئەو فرێزانەی پێجیادەکرێتەوە، تا ئەو یەکانەی، لەوە زیاتر لێکناترازێنرێن/ شیناکرێنەوە (چۆمسکی، 1985، 10) لە (قادر، 2009، 20) وەرگیراوە.

بەمپێیە سەرەتا لە چوارچێوەی یاساکانی فرێزپێکهێناندا، تەنها دوو جۆر کەتیگۆریی دیاریکرابوون، ئەوانیش (کەتیگۆریی فەرهەنگیی و کەتیگۆریی ئەرکیی) بوون، کە بەپێی یاساکان، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان (ناو، کردار، پێشناو، ئاوەڵناو) دەگرێتەوەو هەرچی کەتیگۆرییە ئەرکییەکانیشە، بریتین لە (فرێزی ناویی، فرێزی کرداریی، فرێزی پێشناویی و فرێزی ئاوەڵناویی). (Radford, 1982, 92)، بۆ ئەمەش، لە سەرەتادا یاساکانی فرێزپێکهێنان لە (٨) یاسا پێکهاتبوو (قادر، 2009، 20)، بڕوانە یاساکان لە (١)دا، کە بەهۆیانەوە ڕستەو فرێزەکانی پێ شیتەڵدەکرا، ئەوانیش فرێزەکان و یەکە فەرهەنگییەکان بوون، بەوەش (ئەو کاتیگۆرییانە زۆر سنوردارو نیشانکراو بوون، کە گەورەترینیان فرێز و بچووکترینیشیان فەرهەنگیی/ لێکسیکیی بوون، واتە لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا، هیچ کەتیگۆرییەکی ناوەند نەبوو، بەڵکو هەر پێکهێنێک دەبوو وشە، یان فرێز بێت، بەڵام هەندێک بەڵگەی ئەزموونکراو/ تێستکراو ئەوە دەخەنەڕوو، کە کەتیگۆریی ناوەندییش هەن) (مشكوەالدين، 1386، 243). کەواتە بەپێی یاساکانی فرێزپێکهێنان، تەنها مامەڵە لەگەڵ توخمی فەرهەنگیی و فرێزەکاندا دەکرا، لە کاتێکدا (کەتیگۆریمان هەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو کەتیگۆریی فەرهەنگیی و فرێزەوە، کە ئەمجۆرەش بە کەتیگۆریی ناوەند دەناسرێت و ئاستێکی باڕیی دەدرێتێ، بۆ نموونە کەتیگۆریی دەستەواژیلە، کە لە فرێز بچووکترەو لە وشەش گەورەترە، بۆیە بە کەتیگۆریی ناوەند دادەنرێت) (عەبدوڵا، 2022، 10)

1.a. S ⟶ NP + VP
   b. VP ⟶ V + NP
   c. NP ⟶ DET + N
   d. V ⟶ AUX + V
   e . DET ⟶ the  a …..
   f. N ⟶ (man, ball, book….)

g. AUX ⟶ (will, can,….)

h. V ⟶ (hit, wrote, read, ….)

یاساکان ئەوە ڕوونەکەنەوە، کە سادەترین ڕستە لە زمانەکاندا لە (بنە، بار)ێک پێکدێت، کە تێیدا بنە NPو باریش VP دەگرێتەوە.

بەگشتی لە نواندنی پێکهاتەکانی ڕستەدا، چەند ڕێگەیەک دەگیرێنەبەر: (Aitchison, 1999, 65- 67), (Cook & Newson, 2007, 29-31)

١. هێڵکاریی درەختی Tree Diagram: تایبەتە بە نیشاندان و نواندنی پێکهاتەکانی ڕستە لە شێوەی هێڵکاریی درەختیدا.

٢. داڕشتنەوەی یاساکان Rewrite Rules: جێگرەوە/ ئەلتەرناتیڤی دەربڕینی زانیارییەکانە بەهۆی هێڵکاریی درەختییەوە. بۆ نموونە هەر ڕستەیەک، کە لە NPو VP یەک پێکدێت، بەمجۆرە نیشاندەدرێت.

S ⟶ NP VP

VP ⟶ V NP

NP ⟶ Det N

٣. کەوانە ناونراوەکانLabelled Bracketing: شیکردنەوەی ڕستەیە بۆ پێکهاتەی بچووکتر تا ئاستی مۆرفیم و وشەکان و نواندنیان لە کەوانە ناونراوەکاندا، بەمجۆرە:

$[_{s}$ $[_{NP}$ $[_{Det}$ My cat$]$$[_{vp}$ fears $_{NP}$$[$foxes$]]]]$.

هەر لە ڕوانگەی یاساکانی فرێزپێکهێنانەوە، یاساکان زۆر فراوان بوون، تا ئەو ڕادەیەی، بۆ هەر جۆریکی فرێز، یاسایەک، یان زیاتر لەئارادابوو، بڕوانە نواندنی یاساکانی فرێزپێکهێنان لە هێڵکاریی (١_أ،ب،پ،ت)دا. (Haegeman, 1998, 104)، کە ئەوە نیشاندەدەن، هەریەک لە فرێزەکان نواندنی تایبەت بە خۆی هەبوو، تێیاندا کەتیگۆرییەکان کرابوونە ناولێنەر/ دەرخەری ناوی فرێزەکان، ئەمەش ڕێگر بوو لەوەی، یاسایەکی گشتیی پێکهێنانی فرێز لە هەموو زمانەکاندا دیارییبکرێت، بەڵام (تیۆری X-bar ئەم تەمومژییەی نەهێشت، لەبری ئەوەی، کە بۆ هەر گرێیەک یاسایەک، یان چەند یاسایەکی جیاواز دابڕێژێت، بۆ هەر هەموو گرێیەکان یەک یاسای گشتیی و هاوبەش و ئاسانکراو دادەڕێژێت) (محەمەد، 2009، 151). بەو واتایەی، هێمایەکی گشتیی بۆ توخمەکان دانراو بەهایان بۆ دیاریکرا، کە X° بۆ کۆی توخمە فەرهەنگییەکان و Y لەبری تەواوکەرو X⁻ یش بۆ کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان دەستنیشانکرا، ئەمەش بۆ نواندنی توخمەکانی هەموو زمانەکان بەگشتیی لەبارەو دەستەدەدات. بڕوانە هێڵکاریی (٢)، تایبەت بە نواندنی دروستەی ناوەکیی گشت جۆرەکانی فرێز لە زمانی مرۆڤدا. (Haegeman, 1998, 104)

هێڵکاریی (١_أ)




هێڵکاریی (١_ب)




هێڵکاریی (١_پ)




هێڵکاریی (١_ت)




## ٢-١/١) تیۆری X_bar

تیــۆری X_bar، پێڕەوێکــی شــیکردنەوەی ڕێزمــانیی/ گرامــاتیکیی دروســتەی فرێــزە، لە زمــانەوانیی بەرهەمهێنانــدا وەک جێگــرەوەی یاســاکانی فرێزپێکهێنــان هاتەکــایەوە. بە واتــا (بــۆ ســەرلەنوێ داڕشــتنەوەی بیــرە کۆنەکــانی ســەرەی فرێزەکــان و مەرجــدارکردنی ئەو زنجیــرە ئەگەرانەی، کە لە یاساکانی فرێزپێکهێناندا هەبوون، هاتەکایەوە). (Trask, 1993, 307) لە (عەبدولا، 2022، 9) وەرگیراوە. لەم تیۆرەدا، یاساکانی فرێزپێکهێنان زۆر سنوردواردەکرێن و لە بەرامبەریشدا

کەتیگۆریی فریزەکان لەڕووی دروستەییەوە زیاتر شیدەکرێنەوە و دەردەخرێن. ( Crystal, 2003, 503)

تیۆری X-bar، لەلایەن (Ray Jackendoff) و (Noam Chomsky) ییەوە لە ساڵی (١٩٧٠)دا وەک مۆدێلێک بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی_فریز خرایەڕوو، پاشان لە قۆناغەکانی دواتری GBدا تیۆرەکە گەشەیسەند، بەجۆرێک بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە لێکچوونگەلێکی گشتیی لە ئاستی پێکهاتەیی هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە (Dalarna, 2006, 4)، ئەم لێکچوونانەش، وەک پرنسیپی گشتیی زمانەکان لێیاندەڕوانرێت، کە دواتر پارامیتەر/ بگۆڕەکان پنتی جیاوازیی نێوان زمانەکان دیاریدەکەن. لە GB دا هەردوو زاراوەی (بنەماو پارامیتەر)، کرانە سەنگی مەحەک بۆ پەسنکردنی زمانی مرۆڤ، بڕوانە (Chomsky, 1981, 6) لە (حاجی، 2007، 29) وەرگیراوە. تێڕوانینەکەش بەوجۆرە بوو، کە پەیوەست بە زمانی مرۆڤەوە، ڕێزمانێکی گشتیی جیهانیی هەیەو لەسەر چەند بنەمایەک بونیاتنراوە، هەریەک لەم بنەمایانەش، چەندین بگۆڕی جیاواز لەخۆدەگرن، کە پێکداچوون و کارلێکی نێوانیان، ئەدگارەکانی زمانێکی دیاریکراو دەخەنەڕوو. دواتر ئەم تیۆرە بوو بە یەکێک لە لقە تیۆرییەکانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە. هەر لە تیۆرەکەدا، چۆمسکی هەوڵیدا یاساکانی فریزە جیاوازەکان بۆ بنەمایەکی گشتگیر بگۆڕێت و (وەچەتیۆری X-bar ی بۆ دیاریکردنی دروستەی هەموو جۆرە فریزێک لە هەموو زمانێکدا داناوە) ((مجید، 2016، 11)). واتە تیۆرەکە وەک تیۆرێکی سەربەخۆ، تایبەتە بە شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی دروستەی فریزی هەموو زمانەکان بێ جیاوازیی، بەوەش تیۆرەکە تایبەت نییە بە زمانێک، یان چەند زمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو هەر زمانێک بەپێی تایبەتمەندیی دروستەی فریزەکانی، ئەم تیۆرە بەکاردەبات و کارییێدەکات، هەر لەمڕووەوە، تیۆرەکە تیۆرێکی سینتاکسییەو چۆنیەتیی داڕشتنی فریزەکان پەسندەکات، لەبەرئەوە "X-bar بە تیۆری دروستەی فریز و داڕێژەری دروستەی قووڵ و ڕووکەش و فۆرمە لۆجیکییەکان دادەنرێت" (حسێن، 2009، 55)

تیۆرەکە، تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕۆنان و پێکهاتەی فریزی زمانەکان بەشێوەیەکی گشتی و لە یەک ڕووکاری ئاساییدا دەخاتەڕوو. واتە ئەم تیۆرە (تایبەتە بە پێکهاتەی ناوەوەی پێکهاتەکانەوەو پەیوەندی پێکهێنەرەکانی ناو پێکهاتەکان ڕووندەکاتەوە). (یونس، 2013، 5)، بەجۆرێک هەوڵی شیکردنەوەی دروستەی فریزەکان دەدات، ئەمە جگە لەوەی، کە (تیۆرێکی سینتاکسییەو چۆنیەتیی داڕشتنی فریزەکان، کە پێکهێنی ڕستەن، لە ئاستە دروستەییەکاندا پەسندەکات.) (سعید، 2015، 20)

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە "تیۆرەکە لە دروستەی فریزەکانەوە دەستپێدەکات، کە بەهۆی توخمە فەرهەنگییەکانی (N°, V°, A°, P°، .....) ەوە بەرهەمدەهێنرێن"

(سەعید، 2020، 103). تیۆرەکە ڕەگەزەکانی (سەر، تەواوکەر، دیاریکار) بە کەرەستەی سەرەتایی و بەرایی فرێزەکان دادەنێت، کە لەناویاندا (سەر) بنچی و خورتییەو لە چەشنی فرێزەکەیەو پێویستە هەموو کاتێک بوونی هەبێت (حسەین، 2009، 55)، بەوەش سێ توخم ڕۆڵیان لە بونیاتی دروستەی فرێزدا دەبێت.

لە تیۆرەکەدا پەیوەندییەکان دووپەلکین، تێیدا $X^{\circ}$ ئەو توخمە فەرهەنگییانەن ( Lexical Category)، کە زانیارییە سینتاکسییەکانیان تێدا گەنجکراوەو بەهۆیانەوە دروستەو پرۆژەی سینتاکسیی دادەڕێژرێن (Cook, & Newson,1997, 160). $X^{\circ}$ەکان لە دروستەی فرێزدا ڕۆڵی سەرە دەگێڕن، هەربۆیە تیۆرەکە سەرە ڕێزمانییەکان دەکاتە سیمای جیاکەرەوەی فرێزەکان، چونکە ئەوان توخمی پرۆژەسازدەرن و ڕیزبوونی سینتاکسیی سەرو تەواوکەر یەکلادەکەنەوە. $X^{\circ}$ەکان کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار، دیارخەر) دەگرنەوە، وەک گوترا توخمی فەرهەنگیین و بە سەری ڕێزمانیی فرێزەکان دادەنرێن، دروستکەری پرۆژەی سینتاکسیین و بوونیان لە دروستەی فرێزدا خورتییە، bar یش نواندنی فرێزەکانە لە سینتاکسدا.

تیۆری X-bar، نەخشەی تێکردە فەرهەنگییەکان بۆ سەرجەمی فۆرمە سینتاکسییەکان دەنوێنێت، کە لە ($X^{\circ}$)ەوە دەستپێدەکات. (مەعروف و ئەوی تر، 2011، 401). پاشان تیۆرەکە نواندنی دروستەی فۆرمە سینتاکسییەکان و بەدوایەکداهاتنی X,Y و جێکەوتەی سەرو دەسەڵاتی $X^{\circ}$ بەسەر تەواوکەرەکەY یدا لەخۆدەگرێت. (Cook & Newson, 1997, 133-147). هەر بەپێی تیۆرەکە، پێویستە هەموو فرێزێک خاوەنی سەرێکی ڕێزمانیی بێت، چونکە فرێزەکە بە فرێزی ناوەکیی دادەنرێت و تێیدا "سەریش هەر لەو خێزانەیە، کە دەستەواژەکە هەیەتی". (باقر، 2002، 98)

وەک پێشتر ئاماژەپێدرا، X-bar وەک مۆدێلێکی ڕێزمانیی تایبەت بە دروستەی فرێز، زانیاریی سینتاکسیی فۆرمێکی فەرهەنگیی، لە ڕێگای دروستە سینتاکسییەکانەوە دەخاتەڕوو، بەوەش پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و سینتاکس ڕێکدەخات، لەو ڕووەوە، کە "دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگیی توخمێک نیشاندەدات، چونکە وەک لە تیۆرەکەدا هاتووە، $X^{\circ}$ەکان، کە (کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، دیارخەر) دەگرێتەوە، دروستکەری پرۆژەی سینتاکسیین، واتە سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرن". (سەعید، 2020، 103_104)، بەوەش "هەر فرێزێک پرۆژەی سەرێکە" (AARONS, 1994, 36). پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیەوە، دروستەی سینتاکسیی فرێزە فەرهەنگییەکان دەخرێنەڕوو، تێیدا تەواوکەری سەرەی ئەمجۆرە فرێزانە، لە جۆری تەواوکەری سینتاکسیی دەبن، چونکە "بەپێی تیۆری GB، ئەوەی حوکمدەکرێت و دواتریش دۆخی ڕێزمانیی پێدەدرێت، مەرجە فرێز بێت، نەک وشە". (سەعید، 2020، 136)

بە گوێرەی تیۆرەکە، $X^{\circ}$ وشەی بەدەسەڵاتەو بونیاتنەری سەرەکیی و خورتیی دروستەی فرێزە، لە بەرامبەردا هەر XP یەک، پرۆژەی سەرەکەیەتی $X^{\circ}$، کە هاوتای کەتیگۆریی توخمێکی

فەرهەنگییە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Ott,2015, 3), (MATTHEWS, 2007, 439). لەو ڕوانگەیەوە، کە $X^{\circ}$ توخمێکی بنەڕەتیی بێت لە بەرهەمهێنانی هەر جۆرێکی فرێزدا، ئەوا هێڵکاریی (٢)، پێشنیازی هێڵکاریی ناوکۆیی نواندنی دروستەی ناوەکیی گشت جۆرەکانی فرێز دەکات لە زمانی مرۆڤدا.

هێڵکاریی (٢)




لە تیۆرەکەدا، بونیاتنانی دروستە سینتاکسییەکان لە دوو ئاستدا خراونەتەڕوو. (Ott, 2015, & (Gibson, 2005, 20), (Haegeman, 1994, 105)1). (أ) کەتیگۆریی تەواوکەر، کە دەبنە خوشکی $X^{\circ}$ و پێکەوە پرۆژەکانی $X^{-}$ بەرهەمدەهێنن، (ب) دیاریکارSpec لەگەڵ بەرزترین پرۆژەی $X^{-}$ دا، پرۆژەی XP بەرهەمدەهێنن. کەواتە بۆ بونیاتنانی دروستەی فرێز بەپێی تیۆری X-bar، یاساکانی ژمارە (٢) پەیرەودەکرێن.

(٢) أ. $XP \longrightarrow X^{-}$ Spec

ب. $X^{-} \longrightarrow$ X YP (comp)

بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی تیۆری X-bar ەوە، بڕوانە:

(Carnie, 2001 135_136) &

(Sun, 2015, 7)/http://59.108.48.12/lcwm/course/fs/lec/lec03.pdf

یاسای ژمارە (٢)، کە بۆ دروستەی فرێزێکی X-bar لەئارادایە، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە یاسای دیاریکارو یاسای تەواوکەر تێیدا، خورتیی و ناچاریین. هەر بە گوێرەی یاساکە، پرۆژە گەورەکان لە $X^{\circ}$ ەوە _کە سەری ڕێزمانییە_ ناواخنی فەرهەنگییان تێردەکەن، چونکە تەواوی زانیارییەکان لە $X^{\circ}$دا هەڵگیراون، $X^{\circ}$ ەکانیش، بەوپێیەی سەری ڕێزمانین، دروستکردنی ئاستی باڕو پرۆژە ناوەندییەکان لە چوارچێوەی پرۆژەسازاندا دەگرنەئەستۆ، واتە "پەیوەست بە زمانەکانی ترو زمانی کوردییشەوە، لە بنچینەدا تیۆرەکە بە ڕێسای پرۆژەسازدانەوە پەیوەستە، کە

لە هەنگاوەکانی دواتردا پرۆژەسازدانی فراوانکراو و دروستەی سینتاکسیی گەورەتریشی گرتەوە، بەجۆرێک بەپێی تیۆرەکە، سەرە فەرهەنگییەکان فریزی فەرهەنگیی و سەرە ئەرکییەکانیش، فریزی ئەرکیی دروستدەکەن". (سەعید، 2020، 105). ئەمەش دەبێتە بەڵگەی ئەو ڕاستییەی، کە ئەو دروستانە پەیوەست بە پێکهاتەی سینتاکسیی جیاوازەوە بونیاتدەنرێن، بۆیە شوێنی بەرهەمهێنانیشیان لە یەکتر جیاواز دەبێت (کە لە بەشەکانی دواتردا لێیاندەدوێین).

## ٣-١/١) ڕوانگەی ئەرکیی

لە ئەم ڕوانگەیەدا، دۆخ کراوەتە بنەمای ناسینەوەی فریز، بەجۆرێک، دۆخ وەک کەتیگۆریی شکانەوەی ناو، یان فریزی ناویی، پەسنکراوە. تێیدا دۆخە جیاوازەکان، ئاماژەن بۆ ئەرکی سینتاکسیی جیاواز، وەک بکەر، بەرکار، تەواوکەری کردار.....هتد، یاخود ڕۆڵی ئەرکیی وەک کارا. (CRUSE. 2006, 22)، کەواتە بەپێی ئەم ڕوانگەیە، دۆخ تەنها بە فریزی ناویی دەدرێت، بەوەش فریزە ناوییەکان گۆکردنی سینتاکسیی جیاوازیان دەبێت، واتە لە هەر ئەرکێکیاندا دۆخێکی جیاوازیان پێدەدرێت، لێکەوتەی ئەمەش، بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لەنێوان دۆخی ڕێزمانیی و ئەرک/ گۆکردنە سینتاکسییەکەی فریزی ناوییدا، بۆیە دۆخ و ئەرک وابەستەی یەکن، بە واتا گۆکردنی سینتاکسیی فریزە ناوییەکە، مەرجی وەرگرتنی دۆخ دەسەپێنێت و بەپێچەوانەشەوە دروستە. بە دەربڕینێکی تر، بوونی دۆخ، ئاماژە بۆ بوونی فریزێکی ناویی دەکات لە جێکەوتەیەکدا، کە گۆکردنی سینتاکسیی تێدا ڕوودەدات، هەروەک "بنەمای گشتیی تیۆری دۆخ، کە بە پاڵێوەری دۆخ ناودەبرێت، بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، کە پێویستە هەموو فریزە ناوییەکان لە جێکەوتەی دۆخدا ڕووبدەن" (Cook & Newson, 2007, 75)، بۆ نموونە دۆخی نۆمینەتیڤیی، پەیوەست بە ئەرکی بکەریی و دۆخی ئەکیوزەتیڤیی پەیوەست بە ئەرکیی بەرکاریی فریزە ناوییەکانەوە دەدرێن، بۆ دۆخەکانی تریش بەهەمانشێوە. لە بەرامبەردا فریزە بێدۆخەکان، بە ئاوەڵکردار و فریزە پێشناوییەکان (جگەلەو فریزە پێشناوییانەی وەک تەواوکەر گۆدەکەن) دیاریکراون، ئەمجۆرانە لەوڕووەوە، کە سەربارن، دۆخ وەرناگرن، بۆیە بوونیان خورتیی نییە، بەڵکو لە ڕستەدا سەرپشکیین و تەنها بە زانیاریی سیمانتیکییەوە پەیوەستن.

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەردەبڕن، کە لە ڕوانگەی ئەرکییدا، دروستە کراوەتە بنەمای ئەرک-بینین و وەرگری دۆخەکان، کە بە فریزی ناویی سپێردراوە، ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە سەرەتادا تەنها دروستەی فریزە ناوییەکان بە کەرەستەی دۆخ-وەرگر هەژمارکراون، واتە پێیانوابوو بە تەنها دروستەکە بڕیاردەدات، بۆیە پەیوەست بە دروستەی فریزی ناوییەوە دۆخ و جۆرەکانی دیاریکراون، بەڵام دواتر تێڕوانینەکان گۆڕانیان بەسەردا هات،

بەجۆرێک دروستەو دۆخ لەیەکجیاکرانەوە، بۆیە بۆچوونی وابەستەیی دۆخ/ ئەرک، بە دروستەی فریزی ناوییەوە بە تەنها، هەڵوەشێنرایەوە، بەوپێیەی لە قۆناغەکانی گەشەی تیۆری X-bar دا، لێکدانەوەیەکی دروستەییانەی نوێ بۆ فریزی ناویی کرا، بڕوانە (Black, 1998, 59)، کە تێیدا D° بە سەری پڕۆژەسازدەر دانرا، بڕوانە (Cook & Newson, 2007, 105)، ئەوکات فریزە ناوییەکان لەناو دروستەی فریزی دیارخەرییدا، گۆکردنی تەواوکەریان دەبێت.

هەموو ئەمانەش ئەوەمان پێدەڵێن، کە جگەلە فریزی ناویی، جۆرەکانی تری فریزیش، ئەوانەی پڕۆژەی ئەو سەرە دۆخدەرانەن، کە لەلایەن تیۆری X-bar ەوە دیاریکراون، دۆخیان پێدەدرێت و ئەرک و گۆکردنی سینتاکسییان دەبێت، وەک دروستەی (فریزی دیارخەریی، فریزی ئاوەڵناویی، فریزی پێشناویی تەواوکەر). بڕوانە (٧/٢)

## ٢/١) پێکهاتەی فەرهەنگیی و زمانیی

بـایەخ و گرنگیـی زمـان و وردبـوونەوەو تێڕامانەکـانی مـرۆڤ وایـانکردووە، بەردەوام کـارو لێکـۆڵینەوەی زانسـتیی لەسـەر گشـت پێکهاتەکـانی زمـان ئەنجامبـدرێت. ئەو زانیارییانەشـی، ئاخێوەرانی هەر زمانێک لەبارەی زمانەکەیانەوە هەیانە، لە دەوروبەرەوە وەریاندەگرن، تەنانەت بە بێئاگایی فێریاندەبن و بە ڕاست و دروستیی بەکاریاندەبەن، بەڵام کاتێک ئاخێوەر ئاگایی لەبارەی زمـانەکەیەوە دەبێـت، ئەوکـات "دەتوانێـت دەربـارەی زمـان و بەکارهێنانەکـانی، تێڕامـان و قوڵبـوونەوەی زیـاتر ئەنجامبدات و زمـان بـۆ بیرکـردنەوەو قسـەکردن لەبـارەی خـودی زمـانەوە بەکاربهێنێـت، کە ئەمەش یەکـێکە لە تایبەتمەنـدییە دیارەکـانی مـرۆڤ". (جـورج، 1948، 15). هەر لەمڕووەوە، زمانی سروشتیی مرۆڤ لە فەرهەنگ و ڕێزمان پێکهاتووە، (زانینی زمانێکی دیاریکراو کەوا هەزاران وشە لەخۆدەگرێت بە (فەرهەنگی ئاوەزیی) ناودەبرێت، کە بەرامبەر بە لیستی وشەو واتاکانی ناو فەرهەنگ دەوەستێتەوە). (عەبدولڕەحیم، 2014، 3)، هەربۆیە دەشێت فەرهەنگی ئاوەزیی، بە دەزگـایەک بچوێنرێـت، کە هەرگیـز بە جێگیریـی نـامێنێتەوە، بەڵکـو پەیوەسـت بە هاتنەنـاوەوەی وشەی نوێوە، لە گۆڕانی بەردەوامدایە.

ڕێزمـان گشـت زانیارییەکـان لە فەرهەنـگەوە وەردەگرێـت، بەوپێـیەی فەرهەنـگ دەروازەی کۆزانیاریی زمانیی مرۆڤەو زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکانی تێدا هەڵگیراوە، بەوەش لەبەرئەوەی "فەرهەنگ (Lexicon) لیستی وشە تۆمارکراوەکانە، بەشێکی هەر زمـانێکەو تەواوکەری بەشـی ڕێزمـانەکەیەتی. لێکـۆڵینەوەو شـیکردنەوەی پڕاوپڕێتـی پێـڕەوی نـاو مێشـکی مرۆڤـی کوردە، لێرەوە فەرهەنـگ و ڕێزمـانی کوردیی یەکتـری تەواو دەکەن. مەرج نییە

فەرهەنگی بنەڕەتیی زمانەکەمان هەموو دیاردەکانی زمان بە دەستەوە بدات و فۆرمی بۆ هەموو چەمک و واتاو ناوەرۆکەکان دارشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس فەرهەنگەکە تەواو دەکەن"(مەعروف، 2020، 194)، بەو هۆیەشەوە، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە، لەڕێی دروستەو دەرکردەکانیانەوە کەلێنە فەرهەنگییەکانی زمانەکە پەیوەست بە پێویستیی ئاخێوەرانەوە پڕدەکەنەوە و فۆرمیان بۆ دادەڕێژن.

لێرەوە دەکرێت بوترێت، ئاخێوەری هەر زمانێک بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی زمانیی ڕاست و دروست، سوود لەو کۆزانیارییە زمانییانە وەردەگرێت، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە ئاوەزیدا هەڵگیراون. هاوکات لەبەرئەوەی "ڕێزمان لەڕووی دروستەوە هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دەگرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی تایبەت بەخۆیانن" (مەعروف، 2017، 54)، یاساو ڕێساکانی ئەو پێکهاتانە بەسەر کەرەستەکانیاندا پەیڕەودەکرێن، بەوەش دروستەی زمانیی جیاواز بونیاتدەنرێت. لەلایەکی دیکەوە، فەرهەنگی ئاوەزیی بەو جۆرە پەسندەکرێت، کە کۆگای هەمیشەیی وشە زانراوەکانە لە ئاوەزی هەر ئاخێوەرێکی زماندا، کە زانیاریی سیمانتیکیی، گراماتیکیی، فۆنۆلۆژیی لەبارەی دانە دانەی وشەکانەوە تێدایە، ئەو زانیارییانەی بۆ بەکارهێنانی وشەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو، پێویستن. (Cruse, 2006, 104), (Lieber, 2012, 15). کەواتە "فەرهەنگ گەنجینەیەکە بۆ هەڵگرتنی گشت تایبەتێتییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان. تایبەتێتییەکانیش، ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی دروستەی ئارگۆمێنتی Argument structureی سەرەکاندا هەیە، هەروەک کردار وەک ئارگومێنت_داواکەر، چەند ئارگومێنتێک هەڵاوێردەکات و چەند ڕۆڵێکی سیمانتیکییش دەدات. ئەمانەش دەریدەخەن، کە پێکهاتەی فەرهەنگ بە مەبەستی دروستکردنی یەکەی زمانیی جیاواز لە جۆری (برگە، وشە، فریز)، زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناوی، بە پێکهاتەکانی دیکەی زمان دەبەخشێت."(سەعید، 2019، 10)، بشڕوانە: (Katamba, &Stonhan, 2006, 14). بڕوانە هێڵکاریی (٣)، کە لە (سەعید، 2019، 10) وەرگیراوە.

هێڵکاریی (٣)




هێڵکارییەکە ئەوە دەردەخات، کە لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا، پەیوەندییەکی تەواوکەریی هەیە، بەجۆرێک سەرجەم زانیارییەکان لە فەرهەنگەوە دەدرێن و لە ڕێزماندا پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە دەنوێنرێن، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە زانیاریی زمانیی ناو توخمە فەرهەنگییەکان، پەیوەست بە (أ) فۆرمدارشتن/ پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی، (ب) سینتاکسەوە دەنوێنرێن و بەرجەستەدەکرێن، بۆیە وەک پێشتریش خرایەڕوو، فەرهەنگ و ڕێزمان دوو چەمکی پێکەوەگرێدراو و تەواوکەری یەکترین، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، "کەرەستە فەرهەنگییەکان خاوەنی دروستەی ناوەکیی خۆیانن، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن و بریتین لە: یاساکانی فۆرمدارشتن (formation rules)و یاساکانی هەڵگواستن (گواستنەوەکان) و یاسای کۆت و بەندکردن و مەرجو سنوردانان (constraint)" Jackendoff, 2009, 41)، لە (حسێن، 2011، 56) وەرگیراوە.

پەیوەندیی سینتاکس بە فەرهەنگەوە لەوەدا دەبینرێت، کە سینتاکس لە هەموو ئەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە، کەوا لەناو پێکهاتەی ڕستەدا هەن و بەهۆیانەوە وشەکان بۆ دروستکردنی یەکەیەکی لە وشە گەورەتر (فرێز پاشان ڕستە) لێکدەدرێن، کەواتە سینتاکس لە سەرێکەوە خۆی بە خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفیمەکانەوە بۆ بنیاتنانی دروستەی سینتاکسیی (فرێز) خەریکدەکات،

هاوکات ئەرکی ڕێزمانیی فرێزەکانیش لە چوارچێوەی ڕستەدا دیاریدەکات، بەڵام لەلایەکی ترەوە سینتاکس وەک پێکهاتەیەکی ڕێزمان، تەواوکەری فەرهەنگیی گشت زمانێکە، کە ئەویش دوولایەن دەگرێتەوە (أ) تەواوکردنێکی کۆنکرێت، (ب) تەواوکردنێکی ئەبستراکت. (سعید، 2015، 13-14)

شـیکردنەوەکان ئەوە دەسـتدەخەن، کە لە نێـوان فەرهەنـگ و سینتاکسـدا، پەیوەنـدییەکی تێکچـڕژاو هەیە بەوەی، کە نوانـدنە سینتاکسـییەکان لە فەرهەنـگەوە سـەرچاوەدەگرن، هەروەک گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، زانیاریی سینتاکسیی، لەلایەک پەیوەستە بە دروستەو لەلایەکیش بە ئەرکی سینتاکسییەوە. دروستە، چۆنێتیی بونیاتنانی پێکهاتە سینتاکسییەکانی لە جۆری (پڕۆژە پێش-فرێزییەکان، پڕۆژە ناوەندییەکان، پڕۆژە ڕستەیی و پاش_ ڕستەییەکان) دەگرێتەوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کار لەسەر دروستەی سینتاکسیی فرێزەکان دەکرێت و تێیدا (پڕۆژە پێش- فرێزیی و پڕۆژە ناوەندییەکانی لە جۆری (فرێزی فەرهەنگیی) بەهەندوەردەگیرێن و بەپێی تیۆری X-bar دروسـتەییانە لێکـدەدرێنەوە. هەرچیـی ئەرکـی سینتاکسییشـە، نوانـدنی دیـوێکی تـری زانیـاریە سینتاکسییەکانە پەیوەست بە گۆکردنی سینتاکسییانەی فرێزو ڕستەکان لە دروستەی ڕووکەشدا.

## ٣/١) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی

بیرۆکەی دۆخ لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە کۆندا پێیـانوابووە، کە دۆخ بـریتییە لەو پاشگرو زیـادەیەی، کە لە ڕسـتەدا لە کۆتـایی نـاوو وشـەکانەوە دەردەکەوتـن، ئەمەش ئامـاژەیەک بـوو بـۆ پەیوەنـدییە واتاییەکـانی نـاو ڕسـتە، بەمەش دەرکەوت، کە "سـنوری کارکردنی ئەم تیۆرییە لە نواندنی سینتاکسیی ڕستەدایە" (قادر، 2015، 16)

بـوونی پاشـماوەی دۆخ لە زۆربەی زمانەکانـدا ئەوە دەسـەلمێنن، کە لە کۆنـدا زۆریـنەی زمانەکان خاوەنی دۆخی مۆرفۆلۆژیی بوون، تەنانەت دەرکەوتنی دۆخ مەرجێکی سـەرەکی بووە، بەڵام بە تێپەڕبـوونی کـات، هەنـدێک لە زمانەکـان دۆخیـان لەدەسـتداوە، هۆکـاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە، کە بەردەوام زمـان بەرەو ئاسـانیی دەڕوات، ئەمەش بە جۆرێـک لە ئـابوریکردن لە زماندا دادەنرێت. دۆخ پێڕەوێکی جیهـانییەو لە گشـت زمانێکدا بـوونی هەیە. وەک لە سەریشـەوە ئاماژەیپێدرا، پێشتر دەرکەوتنی مۆرفۆلۆژییانەی دۆخ لە زۆرینەی زمانەکاندا مەرجێکی بنەڕەتیی بووە، بەڵام لە GBدا بۆچوونەکان گۆڕان، چونکە هەر زمانێک پێڕەوێکی دۆخـی تـایبەت بە خـۆی هەیە، بە جۆرێـک دۆخ لە هەنـدێک زمانـدا دەردەکەوێـت و بەپێچەوانەشـەوە هەنـدێک زمـان بـێ نیشـانەی دۆخن. بـۆ نمـوونە زمـانی عەرەبیی، دیـاردەی دۆخـی پاراسـتووە، کەچیی دۆخ (حـالات الاعـراب) لە زمـانی ئـارامیی و زارە سـیریالییەکاندا نەمـاوەو لە زمـانی عیبرییشـدا کەمبـووەتەوە. هەروەهـا لە زمـانی بـابلی کۆنـدا، دۆخ سـێ نیشـانەی هەبـووە، کەچیـی دواتـر بـۆ دوو نیشـانە کەمبووەتەوە. (گاصد یاسر، 1987، 129) لە (قادر، 2009، 73) وەرگیراوە. لەزمـانی فارسـیی کۆنیشـدا،

ڕەنگە پێڕەوی دۆخ دەوڵەمەند بووبێت، بەڵام لە ئێستای زمانەکەدا شوێنەوارێکی ئەوتۆی نەماوە، جگەلەو (را)یەی، کە دەچێتە سەر بەرکار و بە بۆچوونی هەندێک لە زمانەوانەکان، پاشگری دۆخە. بڕوانە >علی حسن را کشته است<. (محەمەد، 2009، 188)

پەیوەست بە زمانی کوردییشەوە، ڕەنگە پێشتر هاوشێوەی زمانی فارسیی، خاوەنی پێڕەوێکی دەوڵەمەندی دۆخ بووبێت، بەڵگەشمان بۆ ئەمە، پاشماوەی ئەو دۆخانەیە، کە لە هەندێک شێوەزاری زمانەکەدا ماونەتەوە، بۆنموونە لە شێوەزاری هەورامییدا، تاڕادەیەکی باش پاشماوەی دۆخ پارێزراوەو وەکخۆی ماوەتەوە. بڕوانە (محەمەد، 1998)، هەروەها لە زاری کرمانجیی ژوورووشدا، فرێزەکان بەپێی جێکەوتەکانیان، کە جێکەوتەی دۆخن، مۆرفیمی تایبەت بە دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت، بە واتا "زمانی کوردیش بە تایبەتی (د.ک.ژ) یەکێکە لەو زمانانەی خاوەن نیشانەی دۆخی ڕێزمانییە... مەبەستمان لە هەبوون و نەبوونی دۆخ لەم زمانانەدا لە ڕووی نیشانەکانی مۆرفۆلۆژییەوەیە، واتە ئەو زیادەیەی، کە دەچێتە سەر ئارگومێنتەکانی نێو ڕستە، ئەگەرنا هەموو زمانێک خاوەن دۆخی ئەبستراکتییە" (عەبدوڵا، 2022، 27). کەواتە بەگشتی دەکرێت بڵێین، لە ئێستای زمانی کوردییدا، جگەلە زاری کرمانجیی ژووروو و شێوەزاری هەورامی، کە دۆخەکانیان پاراستووە، زارو شێوەزارەکانی تر، تاڕادەیەک مۆرفیمی دۆخیان لەدەستداوە.

لەو ڕوانگەیەوە، کە "دۆخ نیشانە تایبەتییەکانی فرێزە ناوییەکانن" (محەمەد، 2009، 191)، کەواتە ڕێسای پێدانی دۆخ لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە و جێبەجێدەکرێت. هەر لەوڕووەوە دۆخی ڕێزمانیی، پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان سەرو تەواوکەر لە فرێزەکاندا ڕێکدەخات، واتە پەیوەندیی نێوان (X,Y)، کە تێیدا "پێویستە دۆخ-پێدەر -X- سەرە ئاڕاستەی دۆخ _وەرگر_Y_بکات" (Musabhien, 2008, 87) پەیوەندییەکەش بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سەرەناوێکدا Substantive دێن، بەهۆی گۆکردنیەوە لە دەقی سینتاکسییدا، بۆیە واتاکەی تاڕادەیەکی زۆر (حاڵەت)ەکەی دەبەخشێت. (مەحویی و ئەوانی تر، 2010، 39)، (باتینی، 1993، 62). لە زمانی کوردییدا، ناسینەوەی دۆخی ڕێزمانیی بەپێی جێکەوتەیە، بۆیە سەرە بەپێی جێکەوتە دۆخ بە تەواوکەرەکەی دەدات، واتە کاتێک دۆخ دەبەخشرێت، کە گواستنەوەکان جێبەجێکرابن، بەوەش Xەکان، کە سەری ڕێزمانیین، دۆخی ڕێزمانیی بەYیەکان دەدەن.

لە تیۆری دۆخی ڕێزمانییدا، X°ەکان سەری ڕێزمانیی دۆخدەرن و تەواوکەرێک بۆ خۆیان هەڵاوێردەکەن، هەر X°ێکیش، دەتوانێت تەنها دۆخ بە یەک تەواوکەر بدات. بەمپێیە "تیۆری دۆخ

ئەوە دەسەپێنێت، کە پێویستە هەر فرێزێکی ناویی، نیشانەیەکی دۆخی ئاشکرا، یان ئەبستراکتی لە دروستەیەکی دیاریکراودا هەبێت". (Chomsky, 1986a, 6)

پێشتر ئاماژە بەوە درا، کە دۆخ نیشانە تایبەتییەکانی فرێزەکانن و ڕێسای پێدانی دۆخیش بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان سەرو تەواوکەرە، واتە "هەر (NP)یەک دۆخی وەرنەگرتبێت، فۆرمدروست نابێت، هەر دروستەیەکیش سەگمێنتێکی فۆرمنادروستی تێدابوو، دروستەیەکی نارێزمانیی بەرهەمدەهێنێت". (Razmjoo, 2004, 28) لە (مەجید، 2016، 20)ەوە وەرگیراوە.

ئەوەی گرنگە لەم پارەدا بخرێتەڕوو، جیاکردنەوەی دۆخی زگماکیی و دۆخی دروستەییە، کە لە زمانە جیاوازەکاندا بە شێوازی جیا دەبینرێن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە هێڵکاریی (٤)، کە لە دروستکردنیدا، سوود لە (والی، 2015، 9-17) و(مەعرووف، چاوپێکەوتن،2022/11/8)وەرگیراوە.

هێڵکاریی (٤)




## ١-٣/١) جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانیی

پەیوەست بە سەرە دۆخدەرەکان و جێکەوتەی کەرەستەی دۆخ-وەرگرەوە، جیاوازیی جۆرەکانی دۆخ دیاریی و دەستنیشاندەکرێن. لەو ڕووەشەوە، دۆخی زگماکیی و دۆخی دروستەیی لەیەکجیاکراونەتەوە، بەجۆرێک دۆخی زگماکیی، دۆخێکە لە ئاستی قوڵی ڕستەدا و لەلایەن کردارەوە بە هەندێک ئارگومێنت دەدرێت. (مەعرووف، 2020، 9)، هەروەک (ئەحمەد، 2011، 36)یش دەڵێت: "دۆخی بنجی ئەو دۆخانەن کە بە هەندێک ئارگومێنتی تایبەتی پریدیکاتەکان دەدرێت و لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەردەکەون". دۆخی زگماکیی، بە زۆری لەو زمانانەدا دەردەکەوێت، کە کردارەکانیان دەسەڵاتیان بەسەر دوو بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەدا هەیە. زمانی ئینگلیزیی، یەکێکە لەو زمانانەی، کە دۆخی زگماکییان تێدایە، بەوپێیە بێت، دۆخی زگماکیی، لە دروستەی قوڵدا پێش ئەوەی گواستنەوەکان ڕووبدەن، بە چەند ئارگومێنتێکی تایبەتی دەدرێت. جێی ئاماژەیە ئەمجۆرەی دۆخ لە زمانی کوردیدا بەدیناکرێت.

له لایەکی تریشەوە دەوترێت: "ئەم چەشنە دۆخە، پاساوە بۆ ئەو فرێزانەی، کە لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخەکانیان لێکنادرێتەوە" (قادر، 2015، 19)، بڕوانە شیکردنەوەی (١- أ_ت)

١_ أ. I gave her the gift.

ب. هدیه را به او دادم.

پ. من دیارییەکەم به ئەو دا.

ت. دیارییەکەم پێدا.

لە (١_أ)دا، فرێزی {her} دۆخی زگماکیی هەیە، کەچیی لە (١_ب)دا بۆ هەمان ڕستە لە زمانی فارسییدا، {her} لە فۆڕمی فرێزێکی پێشناوییدا گۆیکردووە، ئەوکات پێشناوی سینتاکسیی /بە_/و فرێزە ناوییەکەی {او} پێکەوە، دروستەی فرێزێکی پێشناوییان پێکهێناوە. لە (١-پ)یشدا پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، فرێزی {her} بە هەمانشێوەی زمانی فارسیی، لە فۆڕمی PP یەکدا بەرجەستەبووە، بەوەش دۆخەکە لە زگماکییەوە بۆ دروستەیی گۆڕاوە. بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (١_پ)، کە تێیدا دۆخی داتیڤی لەلایەن پێشناوە سینتاکسییەکەی /بە_/وە بە فرێزی ناویی {ئەو} دراوە. جێی سەرنجە لە (١_ت)دا، پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ-، تێ-، لێ-/ دۆخدەر نین، چونکە لە فەرهەنگدا بەشێکی زگماکیی ناوە کردارییەکەیان پێکهێناوە، بۆیە بە هەمان فۆرمەوە حوکمی فرێزی ناوییان پێناکرێت، هەربۆیە (/پێ-، تێ-، لێ-/ بە پێشناوی ڕاستەقینەو ڕەسەن دانانرێن، بەڵکو پێویستە لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا فۆڕمی فۆنۆلۆژیی پێشناوی ڕەسەنیان پێبدرێت). (مەحویی، 2001، 57). بەوپێیە "دۆخی داتیڤ لەلایەن پێشناوەوە بە جێکەوتەی تەواوکەرەکەی دەدرێت" (مەجید، 2016، 21)، بەوەش تەنها پێشناوە سینتاکسییەکان /لە-، بە-، بۆ-/ دەتوانن دۆخی ڕێزمانیی ببەخشن. هەرلەمڕووەوە دەشێت بگوترێت، هەریەک لە پێشناوە فەرهەنگییەکان، پێشناوی سینتاکسیی بەرامبەر بە خۆیان هەن، پێشناوی فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییش، تەنها لە زمانی کوردیدا هەن. (مەحویی، 2011، 236). هاوکات (١-پ) ئەوە دەردەخات، کە دۆخی داتیڤ لەلایەن پێشناوە سینتاکسییەکانەوە بە فرێزێکی ناویی، یان فرێزی ناوییئاسا دەدرێت، چونکە کردار لەیەک کاتدا، دەسەڵاتی پێدانی دوو دۆخی ڕێزمانیی بە دوو ئارگومێنتی ناوەکیی نییە، بۆیە لەڕێی پێشناوە سینتاکسییەکانەوە دۆخ بە ئارگومێنتی دووهەم دەدرێت.

### ٢_٣/١) نیشانەی دۆخ

سەبارەت بە نیشانەکانی دۆخی ڕێزمانیی، بەوپێیەی دۆخ تایبەتمەندییەکی گشتیی هەموو زمانەکانە، بۆیە بە نیشانەی جیاواز بەرجەستەدەکرێت و دەنوێنرێت، لەناو ئەوانەشدا زمانی

کوردیی، دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانی، هەردوو میکانیزمی (مۆرفۆلۆژیی، شکانەوە) بۆ پێدانی دۆخ پەیڕەودەکات، بە بەڵگەی (أ) پێدانی دۆخی نۆمینەتیڤ لەلایەن $T^-$ەوە بە شێوەی مۆرفۆلۆژییانە، (ب) شکانەوەی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن – جێناوە لکاوەکان- بە مەبەستی پێدانی دۆخ. هەروەک دۆخی بکەریی "Nominative Case" بەو NP یە دەدرێت، کە لەلایەن AGR ەوە حوکمدەکرێت. (Chomsky, 1982, 259). واتە "دۆخی نۆمینەتیڤ لەلایەن $T^-$ ەوە بە بکەر دەدرێت، کرداریش تەرزی ئەگریمێنت AGR° وەک هۆو هۆکاری گواستنەوەی دۆخەکە نیشانەدەکات. (سەعید، 2020، 89). بڕوانە (٢)، کە تێیدا $T^-$ دۆخی نۆمینەتیڤیی بە ئارگومێنتە دەرەکییەکەی بکەر {ئەوان} بەخشیوە.

٢-ئەوان وانەکەیان خوێند.

ڕوونکردنەوەکان ئەوە دەردەخەن، کە لە زمانی کوردییدا، پەیوەست بە پێدانی دۆخی نۆمینەتیڤییەوە لەلایەن $T^-$ ەوە، تەنها نیشانەی ئەو دۆخە ڕێزمانییە دەرکەوتنی دەبێت، ئەویش بەهۆی بەخشینی دۆخەکە لە ڕێگای ئەگریمێنتەوە، کە نیشانەکانی ڕێککەوتن لە زمانی کوردییدا نوێنەرایەتییاندەکەن/ دەیاننوێنن.

## ٤/١) سەری ڕێزمانیی و جۆرەکانی

لەناو تیۆری X-barدا سەرە ڕێزمانییەکان، ئەوانەی پرۆژەسازدەرن، دیاریکراون، بەجۆرێک ئەو سەرانە، وەک توخمی پرۆژەسازدەر هەڵگری زانیاریی زمانیی پێویستن بۆ بونیاتنانی پرۆژەی سینتاکسیی بێکەموکوڕیی. هەر لەمڕووەوە، لەبەرئەوەی بەپێی تیۆرەکە پەیوەندییەکان دروستەیین، بۆیە دەکرێت هەر بەهۆی دروستەکانەوە پەیوەندیی تەواوکەر بە سەرە ڕێزمانییەکەوە دیاریبکرێت، بەجۆرێک سەرە فەرهەنگییەکان فرێزی فەرهەنگیی و سەرە ئەرکییەکانیش فرێزی ئەرکیی دروستدەکەن. لەناو ئەوانەشدا، دوو جۆر سەری ڕێزمانی جیاکراونەتەوە:

### ٤/١_١) سەری فەرهەنگیی

بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدانی جیهانیی، سەرەڕێزمانییەکان بریتین لە ڕەگی کردار V°، ناو N° (ناوی تایبەتی و جێناوی سەربەخۆ)، ئاوەڵناوA°، پێشناو P°، دیارخەر D° (Determiner)، تاف T° (Tense)، ڕێککەوتن Agr° (Agreement)، واژەگۆکەر C° (complementizer). هەریەکە لەو سەرە ڕێزمانییانە لە ئاستێکدا جۆرێک لە فرێز دروستدەکەن. (مەعرووف، 2020، 9،10)

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، جەخت دەخرێتەسەر کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار، دیارخەر)ەکان، وەک توخمی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەر و سەری ڕێزمانیی فرێزە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە بنەمای پەسنکردنیان وەک سەری فەرهەنگیی. بڕوانە (٢/٢)ی لێکۆڵینەوەکە. لەناو X° ەکانیشدا، تەنها کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (A° ‘P° ‘N° ‘V°) سەری دۆخدەرن و لەتوانایاندایە پاش هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکانیان، دۆخیان بدەنێ، بەپێچەوانەی X°ەکانی وەک (C° ‘Agr° ‘T°)ەوە، کە سەری ئەرکیی حوکمکەرن.

## ٤/١_٢) سەری ئەرکیی

بەپێی بنەماکانی تیۆری X-bar، دروستەی ئەو فرێزانەی لە مەودای ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا بەرهەمدەهێنرێن، بە (فرێزی ئەرکیی) دیاریکراون، ئەوەش وابەستەی جۆری سەرە ڕێزمانییەکەیە و پەیوەستە پێوەی، کە دەبێتە هەڵگری ناوی فرێزەکەو جۆرەکەی دیاریدەکات. سەرە ئەرکییەکان، ئەو کەتیگۆرییە ئەرکییانەن، کە پڕۆژەی فرێزە ئەرکییەکان بونیاتدەنێن، ئەو کەتیگۆرییانەش هاوشێوەی سەرە فەرهەنگییەکان، حوکمی X° یان هەن و وەک سەری ڕێزمانیی فرێزەکە گۆدەکەن، بەڵام جیاوازییان لەگەڵ کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکاندا لەوەدایە، کە سەر/ کەتیگۆرییە ئەرکییەکان، خاوەنی فۆڕمی سەربەخۆی فەرهەنگیی نین، بەپێچەوانەوە خاوەنی فۆڕمی نائازادی سینتاکسیین و گۆکردنیان وابەستەی ئەرکە سینتاکسییەکەیانە، کە وەک توخمی پڕۆژەسازدەر لە چوارچێوەی فرێزەکەدا دەیبینن. ئەمجۆرەی سەر، کەتیگۆییە ئەرکییەکانی (تاف T°، ڕێککەوتن Agr°) دەگرێتەوە، کە وەک سەری حوکمکەر T° پڕۆژەسازدەری فرێزی ئەرکیی تاف و Agr° یش، پڕۆژەسازدەری فرێزی ڕێککەوتن دەبێت. بڕوانە (سەعید، 2019، 160)

## ٥/١) پڕۆژەسازدان

## ٥/١_١) مەودای پڕۆژەسازدان

پڕۆژەسازدان، مەودای دروستەیی و سینتاکسیی بەرهەمهێنانی پڕۆژە ناوەندییەکانی لە جۆری (پێش_فرێز، فرێز) دەگرێتەوە، ئەمەش مەرجی دیاریکردنی یەکەو توخمی فەرهەنگیی پێویست پەیوەست بە بەرهەمهێنانی کەتیگۆریی سینتاکسیی دەهێنێتەئاراوە، کە پەیوەست بە ڕێسای دووپەلکییەوە X,Y دەگرێتەوە، هاوکات بڕی زانیاریی سینتاکسیی پێویست لەناو ئەو توخمانەدا هەڵگیراون، کە وشەی بەدەسەڵات Individual Word ی فەرهەنگیین، بەوەش فەرهەنگ کەرەستە خاوەکانی هەر پڕۆژەیەکی سینتاکسیی تێداخراوە، بۆ بەرهەمهێنانی هەر فرێزێکیش، سەرو تەواوکەر X,Y پێکەوە پێویستیی پڕۆژەکە تێردەکەن، پێواژۆی یەکگرتنی ئەم

کەرەستە خاوانەش، پێڕەوبەندانە بە دوو قۆناغی جیاواز ڕوودەدات: (أ) بونیاتنانی پڕۆژەی $X^{-}$ لە چوارچێوەی VP دا، (ب) پشتبەست بە دەرکردە بەرهەمهاتووەکەی (أ)، پرنسیپی بەرهەمهێنانی پڕۆژە گەورەکەی XP دەچەسپێنرێت و دەستدەخرێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا، "پڕۆژە ناوەندییەکانیش، گشت جۆرەکانی فرێزن، کە لە سنوری ڕێسای پڕۆژەسازاندا بەرهەمدەهێنرێن. ئەو جۆرانەش بەپێی گۆکردن و ئەدگارەکانی سەرە ڕێزمانییە حوکمەکەرەکەیان، فرێزی (فەرهەنگیی، ئەرکیی، هەڵواسراو) دەگرنەوە، کە بنەماکەیان لە بنەڕەتدا، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان $X^{\circ}$ن." (سەعید، 2019، 68).

## ١/٥_٢) پڕۆژەسازدانی سینتاکسیی

## ١/٥_٢_١) پڕۆژەسازدانی سینتاکسیی پێش-فرێز (دەستەواژیلە)

ئەگەر بونیاتنانی پڕۆژە ناوەندییەکان وابەستەی جێبەجێکردنی پرنسیپ و بنەما سینتاکسییەکان بن لە چوارچێوەی ڕێسای پڕۆژەسازداندا، ئەوا "پڕۆژەسازدان; پێواژۆی یەکگرتنی یەکلەدواییەکی زنجیرە دووپەلکییەکانە، تێیدا مەرجی یەکگرتنی جووتە توخمە پێکهێنەرەکان بۆ بونیاتنانی دروستەی گەورەتر، لە دوو هەنگاودا جێبەجێدەکرێت: (١) دروستکردنی پڕۆژەی ناوەندیی $X^{-}$ لە سنوری VP دا، (٢) ئاڕاستەکردنی پڕۆژە ناوەندییەکە وەک بنەمای بونیاتنانی پڕۆژەی مەزن XP. (سەعید، 2020، 34-35)

ئەوەی لێرەدا گرنگە، پڕۆژە ناوەندییەکان بە پڕۆژە پێش-فرێزییەکان دەستپێدەکەن، واتە ئەو پێکهاتە سینتاکسییانەی، کە پەیوەست بە سینتاکس و واتاوە، دەرفەتی گۆکردنیان نییە، بڕوانە (مەعروف، 2010، 26). شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، کە فرێز لێکەوتەی پڕۆژەی سینتاکسیی پێش_فرێزەکانە، واتە پڕۆژە پێش_فرێزییەکان دەبنە دەستپێکی هەنگاوەکان بۆ گۆکردنی سینتاکسییانەی فرێز. بەوەش پڕۆژە ناوەندییەکان، هەردوو پڕۆژە سینتاکسییەکەی (پێش_فرێز، فرێز) دەگرنەوە (بڕوانە هێڵکاریی (٥) تایبەت بە خستنەڕوو هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی پڕۆژە ناوەندییەکان)، ئەمەش بەجۆرێکە، کە پڕۆژەی یەکەم (پێش-فرێز)، گۆکردنی تەواوکەری سینتاکسیی دیارخەرە نائازادەکەی دەبێت، بڕوانە (٣)، بەوەش دروستە نائازادەکەی دەستەواژیلە، بنەمای دەستخستن و بەرهەمهێنانی پڕۆژە تەواو و بێکەموکوڕییەکەی فرێزە پەیوەست بە سینتاکس و واتاشەوە. بڕوانە هێڵکاریی (٦)

هێڵکاریی (٥)

$X^0$ فەرهەنگ

↓

پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی

↓

پرۆژە ناوەندییەکان

↓

پێکهاتەی سینتاکسیی پێش- فرێز Pre.P

٣. خوێندکار + [کوڕ] ⟵ {کوڕە خوێندکار} Pre.NP
ڕیزبوونی سینتاکسیی

بەوپێیە "دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی و دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژیی، دروستەیەکن، کە لە نێوان ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدان، نە وشەی لێکدراون نە بوونەتە فرێزیش، بۆیە لەڕێی دیارخەرەکانەوە دەکرێنە فرێز. (مەعروف، 2010، 26). هاوکات (سەرچاوەی پێشوو، 31) بەرهەمهێنانی دروستەکانی دەستەواژیلەی لە یاساکانی (٣)دا شێوازبەندکردووە:

**٣) أ-** N+[N+det] ⟵ دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژیی    بڕوانە (٤)
**ب- N+[A+det]** ⟵ دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی مۆرفۆلۆژیی    بڕوانە (٥)
**پ-** N+[N+det] ⟵ دەستەواژیلەی ناویی سینتاکسیی    بڕوانە (٦)

٤. {کوڕە دارتاش، ژنە بەرگدروو} Pre.NP
٥. {کچە وریا، مناڵە ژیر} Pre.AP
٦. {پەنجەی دەست، زانکۆی حکومی} Pre.NP

هەریەک لەو دروستە/ دەستەواژیلانە، دەبنە تەواوکەری سینتاکسیی دیارخەرەکان و ڕێگەپێدانی سینتاکسیی فرێزیان بۆ دەستەبەردەکرێت. بڕوانە (١/٥_٢_٢) ی لێکۆڵینەوەکە.

## ٥/١_٢_٢) پرۆژەسازدانی سینتاکسیی فرێز

پرۆژەسازدانی سینتاکسیی، لێکەوتەی پێواژۆیەکی سینتاکسییە بۆ بونیاتنانی پرۆژە (پێش_فرێزیی، فرێزیی)یەکان، هەربۆیە "لە بنەچەدا، پرۆژەسازدان بنەمایەکی سینتاکسییە، بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی، ئەویش لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی زانیارییە دروستەییەکانی ناو (X)ەکانەوە" (عبدالرحمن، 2022، 19)

لە ڕێسای پرۆژەسازداندا "زانیارییە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی سینتاکسیی دەنوێنرێن". (محەمەد، 2009، 107)، لێرەوە گرنگیی کەرەستە فەرهەنگییەکان لە پێکهێنانی دروستە سینتاکسییەکاندا دەردەکەوێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت "دروستەی سینتاکسیی هەر ئاستێک، بە پرۆژەی فەرهەنگیی هەژماردەکرێت." (Cook & Newson, 1997, 163)

وەک پێشتر گوترا، سەر X°، بناغەی پرۆژەسازدانی سینتاکسیی فرێزەکانە، بۆیە بوونی خورتییە، بەوپێیەی گرنگترین زانیاریی سیمانتیکیی لە فرێزەکەدا هەڵگرتووە. "سەر؛ فرێزە وابەستەکییەکانی لە پۆلە وشەیەکی دیاریکراوەوە هەڵاوێردەکات" (مەجید، 2016، 12)، هەروەها بیشرەوانە(سعید، 2015، 9). هەموو ئەمانە پێماندەڵێن، پرۆژەسازدان قۆناغێکە، دەرفەتی سینتاکسییانەی بەرهەمهێنانی پرۆژە ناوەندییەکان (فرێز) لە سنورێکی دیاریکراودا دەڕەخسێنێت، بە جۆرێک دروستە سینتاکسییە بەرهەمهاتووەکە، وەک دروستەیەکی بێکەموکوڕیی لەناو پێکهاتە واتاییەکەدا، گۆکردنی سینتاکسییانەی دەبێت و بەوەش دۆخ و ڕۆڵە واتاییەکان وەردەگرێت و حوکمی واتاییش دەکرێت.

هێڵکاریی (٦)




بەپێی هێڵکاریی (٦)، فرێز لێکەوتەی یەکگرتنی دروستە نائازادەکەی دەستەواژیلە و دیارخەرێکی نائازادە، بەجۆرێک دروستە پێش-فرێزییەکە پاش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی، هەڵسوکەتی سینتاکسییانەی تەواوکەری دەبێت، ئەوکات پاش لێدانی پارامیتەر و جێگیربوونی ڕیزبوونە سینتاکسییەکەی، مەرجی شکانەوەی پڕۆژە پێش-فرێزییەکە وادەکات، دیارخەرەکە وەک سەری ڕێزمانیی، حوکمیبکات و ئازادیی گۆکردنی سینتاکسییانەی فرێزی بۆ برەخسێنێت. بڕوانە (٧). لەلایەکی دیکەوە گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، (أ) لەلایەک دروستە پێش- فرێزییەکان لەناو توخمە پڕۆژەسازدەرەکاندا، وابەستەی کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو)ن، واتە پەیوەست بەو دوو پۆلەڕەگەزەوە ڕوودەدەن، بۆیە دەرکردەی پێواژۆکە، لە جۆری پڕۆژەی پێش-فرێزی (ناویی و ئاوەڵناویی) دەبن. بۆ پێش-فرێزی ناویی Pre.NP، بڕوانە (٣) و بۆ پێش-فرێزی ئاوەڵناوییشPre.AP، بڕوانە (٨). (ب) بۆ دروستە پێش-فرێزییەکان، جگەلە مەرجی شکانەوەیان بۆ بەرهەمهێنانی فرێز، هاوکات مەرجی مۆرفۆلۆژیی بەلێکسیمبوونیشیان بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە، دەبێتە ئەلتەرناتیڤی شکانەوەی سینتاکسییانەو دروستەکە دەکاتە دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی، ئەوەش پەیکاڵی مەرجی یەکەم، ئازادیی ڕوودانی بۆ دەڕەخسێنێت، بەڵام بە هەمان بیچم/ فۆرم و ڕیزبوونە سینتاکسییەکەیەوە، بڕوانە (٩_أ،ب). بۆ زانیاریی لەبارەی دەستەواژیلەو جۆرەکانییەوە، بڕوانە (مەعروف، 2010، 26_31) و (سەعید، 2020، 115_116)

٧. {کوڕە خوێندکار}$^{Pre.NP}$ + /_ەکە/ ⟵ {کوڕە خوێندکارەکە}$^{DP}$

ت.س $D^{-1}$ $X^{-}$

٨. {پیاوە ئازا}$^{Pre.AP}$

٩_أ. {شاخەسوور}$^{Pre.AP}$

ب. /شاخەسوور/$^{X°}$

فرێز لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا پارامێتەری سەرەکەی دیاریدەکرێت، ئەویش لە چێوەی ڕێسای پرۆژەسازدانەکەیدایەتی، کە پارامێتەرەکە پەیوەست بە فرێزە فەرهەنگییەکانی وەک (فرێزی کرداریی و ناویی و ئاوەڵناویی و پێشناویی و دیارخەریی) لە فەرهەنگەوە بۆ پێکهاتەی سیمانتیکی وەردەگیرێن، بۆیە لەو نێوەندەدا پارامێتەری سەرەکانیان یەکلادەکرێنەوە، چونکە بە فرێزی، دەبنە تێکردە بۆ پێکهاتەی سیمانتیکیی. (مەعرووف، 2020، 10)

## ٦/١) توخمە پرۆژەسازدەرەکان

لەم لیکۆڵینەوەیەدا لەڕوانگەی تیۆری (X-bar)ەوە زیاتر کار لەسەر فرێزە فەرهەنگییەکان دەکرێت، کە وەک گوترا، تیۆرەکە سەرە ڕێزمانییەکانی (D°,P°,A°,N°,V°) دەکاتە سیمای جیاکەرەوەی فرێزەکان، چونکە ئەم سەرە ڕێزمانییانە ڕیزبوونی سینتاکسیی دەستنیشاندەکەن، دواجار فرێزە فەرهەنگییەکانی لە چەشنی فرێزی ناویی (NP) و فرێزی ئاوەڵناویی (AP) و فرێزی دیارخەریی (DP) و فرێزی کرداریی (VP) و فرێزی پێشناویی (PP)، بەرهەمدەهێنن، بەوەش "هەر فرێزێک پرۆژەی سەرێکە." (AARONS, 1994, 36)، وەرگیراوە لە (سەعید، 2019، 65)

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە، فرێز پەیوەست بە بنەمای هەبوونی (سەر)ەوە، دەبێتە پرۆژەیەکی تێرو بێکەموکوڕیی، بۆیە (سەرە ناتوانرێت لاببرێت و دەسەلاتی بەسەر کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیەوە هەیە و لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیدا ڕێکدەکەوێت) (محەمەد، 2016، 23)، کەواتە هەروەک پێشتر خرایەڕوو، لە تیۆرەکەدا بوونی سەر بنجییە، بەوپێیە "هەر پرۆژەیەک (فرێزێک) بەپێی سەرە ڕێزمانییەکەی ناو دەنرێت و دەناسرێتەوە، سەرەی فرێزێکی ناویی ناوێکەو سەرەی فرێزێکی کرداریش کردارێکەو..."(برزو، 2012، 14)، ئەگەرچیی ناوبراو کرداری بە سەرەی فرێزی کرداریی داناوە، بەڵام پەیوەست بە

بنەماکـانی هەڵاوێرکردنـی سـیمانتیکیی و پێـدانی دۆخەوە، ڕەگ بە سـەری فرێـزی کرداریـی دادەنرێت، بەوپێیەی لە کوردیدا ئاستەکانی نواندنی کردار جیاکراونەتەوە، بەوەش کردار لە هەر ئاستێکی نواندنیدا، هەڵسوکەوتی سینتاکسیی جیاوازی دەبێت.

توخمە پڕۆژەسازدەرەکان، کە ژمـارەیەکی سنورداری پۆلەڕەگەزن، توانـای دروسـتکردنی فـۆرمی سینتاکسـییان هەن، لەبەرئەوەی لە توانـای پڕۆژەسـازداندا وەکـیەکن، بـۆیە بەگشـتی لەڕووی تایبەتمەنـدیی سینتاکسـییەوە بە °X نـاونراون، لەنـاو ئەوانەشـدا نوانـدنی سینتاکسـیی جیـاواز پەیوەسـت بە جـۆری پۆلەڕەگەزەکانیـانەوە هەڵگیـراوە. کەواتە "ئەگەرچـی (°X)ەکـان لە پڕۆژەسـازداندا چـونیەکن، بەڵام لە زانیـاریی سینتاکسـییاندا (Syntactic information) جیادەبنەوە." (مەعروف و ئەوی تر، 2018 ، 1)

## ٧/١) هەمواری پڕۆژەی NP بۆ DP

ئەگەر ڕوانگەی گریمانەی NP بکەینە بنەما، ئەوا ناوەکان دەبنە سەری ڕێزمانیی دروستەکە، واتە نـاوەکە دەسـەڵاتی دروسـتەیی و واتـایی هەڵاوێرکردنی دەبێت، کە زۆرجـار دەشـێت جگەلە سـەرە، دیارخەرێـک، یـان چەنـد دیـارخەرێکی دیـکە لەگەڵ فرێـزە نـاوییەکەدا بـن، هەریەکە لەم دیارخەرانەش لە پێش، یان لە دوای سـەرەوە دەردەکەون، کە لە هەنـدێک سـەرچاوەدا ئەمـانە بە (فراوانکردنـی سـەرەی فرێـزی نـاویی بەهـۆی چەنـد یەکەیەکـی تـری ڕێزمـانیی (مـۆرفێم، فرێـز، ڕستە)) دادەنرێت. بروانە (برزو، 2012، 20)

بەپێـی گریمـانەی NP، لە دروسـتەی نـاوەوەی فرێـزی ناوییـدا، فرێـزە نـاوییەکە بەسـەر دیارخەرەکەدا زاڵدەبێت، هەر ئەوەش هۆکاری ناونانی فرێزەکەیە بە NP، چونکە لە قۆناغەکـانی پێش تیـۆری X-barدا، دیارخەرەکـان وەک سـەر مامەڵەیـان لەگەڵ نەدەکرا، بەڵکو (نـاو)ەکە بە سـەری ڕێزمـانیی دادەنـرا، هەربـۆیە نـاوەکە دەبـووە هەڵگـری نـاوی فرێزەکە، لە بەرامـبەردا ئەو مۆرفیمـانەی تـایبەتن بە دەوروبەری شـکانەوەی نـاو، وەک مـۆرفیمە ئازادەکـانی وشـەی نیشـانە /ئەم...ە، ئەو...ە، ئەم...انە، ئەو...انە/ و مۆرفیمە نائازادەکانی ناسراویی و نەناسراویی و کۆ /_ێک، _ەکە، _ەکان، _ان/، لە دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوییدا گۆکردنی دەرخەریان هەن، ئەمە جگە لەوەی، کە هەرگیـز لە یەک کاتـدا لە دروسـتەی فرێـزی ناوییـدا پێکەوەنـایەن، دروسـتەی فرێـزە ناوییەکەش لە شێوەی دروستەی (Det+N) بۆ مـۆرفێمە نائازادەکـان و (N+Det) بۆ ئازادەکـان دەردەکەون، کە دواتـر یەکێـک دەبـن لە دروسـتەکانی فرێزی دیـارخەریی) (مەعروف، 2010، 165، 20، 23). بەوپێیەی دواتـر تێڕوانینەکـان گـۆڕان، بەجۆرێـک بەپێـی گریمـانەی (DP)، دیارخەرەکـان

دەبن بە سەری فرێزەکە، ئەوکات دەسەڵاتی هەڵاوێرکردنی تەواوکەریان دەبێت و بەوەش فرێزی دیارخەریی بەرهەمدەهێنن. بڕوانە (١٠)

١٠_أ. {پیاوەکە}

ب. {منداڵێک}

پ. {ئەم/ ئەو منداڵە/ انە}

پەیوەست بەNPیەوە، لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتردا، هەریەک لە (تاکبەندەکان، ژمارە، ڕادە، وشەی پرس، وشەی نیشانە، بریناو، ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا، ناوی ئاوەڵکرداریی)، بە دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناویی دادەنران. بڕوانە (ڕەشید، 2015، 29)، (برزو، 2012، 22-26)، (کامیار و دیگری، 1395، 68)و کەرەستە هێڵ_ بەژێرداهاتووەکانی (١١)، بەڵام لەوڕووەوە، کە ناوە گشتییەکان بە تەنها ناتوانن وەک فرێز گۆبکەن، دیارخەرەکان ڕێگەدانی سینتاکسییان بۆ فەراهەمدەکەن، واتە ناوە گشتییەکان بەهۆی دیارخەرەکانەوە دەبنە فرێز، هەربۆیە لە بۆچوونەکانی دواتری تیۆری X-barدا، هەریەک لەو کەرەستانەی وەک دەرخەر ئاماژەیانپێدرا، بە سەری ڕێزمانیی_دیارخەر هەژمارکران و هەڵسوکەوتی سینتاکسییانەی سەریان لەگەڵدا کرا، بەوەش لەسەر بنەمای سەر، ناولێنەری دروستەیی فرێزەکە دەبن، ئەوکات ناوی فرێزەکە لە NPیەوە بۆ DP دەگۆڕن، واتە بەڵگەکان کرانە هۆکاری هەموارکردنەوەی بۆچوونەکان سەبارەت بە فرێزی ناویی و لێکەوتەکەشی، گۆڕانی فرێزەکەیان بۆ DP پەسەندکرد.

| | |
|---|---|
| ١١_ أ. هەر سارا بانگبکە. | تاکبەند |
| ب. دوو مامۆستا نەهاتبوو. | ژمارە |
| پ. تۆزێک خواردن بکڕە. | ڕادە |
| ت. چەند پێنوست دەوێت؟ | وشەی پرس |
| ج. ئەو کچە پوورزامە. | وشەی نیشانە |
| ح. شێخ عەلی پیاوێکی دانایە. | بریناو |
| خ. باشترین چێشتلێنەر هەڵبژێررا. | ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا |
| د. ژێرپردەکە باڵندەی جوانی لێیە. | ناوی ئاوەڵکرداریی |

هەر لەو ڕوانگەیەوە، کۆمەڵێک کەرەستەی ڕێزمانیی دیکە، وەک دەرخەری دواوەی فرێزی ناویی دیاریکراون، کە دەتوانن لەگەڵ فرێزە ناوییەکەدا ڕێکبکەون، ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییەش، کە لە نێوان سەرەی فرێزەکەو دەرخەری دواوەدا دروستدەبێت، پەیوەندییەکی شوێنکەوتووییە، (چونکە پاش سەرەکان دەرخەرن بۆ سەر، کە دەرخراوە، بەرهەمی ئەم فرێزەش بڵاوترین

جۆری فریزە لە زمانی کوردیداو ئەو فریزانەشی لەم دروستەیەوە بەرهەم دێت فریزی ناویی خستنەپاڵن) (عەول، 2008، 11). (دەرخەرەکانی دواوەی فریزی ناویی سادە، لە فریزی خستنەپاڵی ناویی و ئاوەڵناویدا دەخرێنەڕوو.) (مەعروف، 2010، 44). کەواتە زۆرینەی ئەو کەرەستانەی وەک دەرخەری پێشەوەی فریزی ناویی دەستنیشانکراون، جارێکی دیکە وەک دەرخەری دواوەی فریزەکە دیاریکراون، بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (١٢)دا، بەڵام بەپێی بنەماکانی کارکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، (أ) ئەو کەرەستانەی وەک دەرخەری دواوە خراونەتەڕوو، بەشێکن لە دروستەی بنەڕەتیی فریزەکە، واتە پێویستیی خورتیی بەرهەمهێنانی فریزەکەن، چونکە وەک سەری پڕۆژەسازدەر X ی پڕۆژەکە هەڵسوکەوتدەکەن. (ب) بەپێی خاڵی (أ)، ئەو کەرەستانە پارامیتەری سەرکۆتایی جێبەجێدەکەن.

| | |
|---|---|
| ١٢_أ. منداڵێکی <u>جوان</u> | ئاوەڵناو |
| ب. خانووی <u>نەوزاد</u> | فریزی ناویی خستنەپاڵی خاوەنداریی |
| پ. جریوەی <u>چۆلەکە</u> | فریزی ناویی خستنەپاڵی زگماکیی |
| ت. شاری <u>سلێمانی</u> | فریزی ناویی خستنەپاڵی تایبەتیی |
| ج. دایکی <u>من</u> | جێناوی کەسیی سەربەخۆ |

لێرەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، "بەپێی تیۆری X-bar، کە بۆ نواندنە سینتاکسییەکانی توخمە فەرهەنگییەکانە، دەبێت پەیوەست بە پۆلەڕەگەزە جیاوازەکانەوە، ئەو $X^{\circ}$انە دیاریی و دەستنیشانبکرێن، کە دەتوانن لە سینتاکسدا بشکێنەوەو پڕۆژە جیاوازەکانی $\bar{X}$ دروستبکەن". (سەعید، 2019، 70)، (بڕوانە بەشی دووەم و سێیەمی لێکۆڵینەوەکە).

# بەشی دووەم

# فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا

## ١/٢) کەتیگۆریی فەرهەنگیی و سەری فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا

وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەپێدرا، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان، توخمەکانی (V° ،P° ،N° ،A°) دەگــرنەوە، ئەو توخمـــانەی ئـــازادن و خـــاوەنی فـــۆڕمی ســـەربەخۆی فەرهەنگیـــین، پـــاش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییان و بەکۆنکرێتکردنی ناواخنەکانیان، ئەو فرێزانەی بەرهەمیاندەهێنن، لە جۆری فرێزی فەرهەنگیی دەبن.

تیۆری X-bar، ئەو کەرەستە فەرهەنگییانەی، کە پرۆژەیان پێسازدەدرێت بە (X°) ناودەبات و هەر (X°)ێکیش زانیارییە سینتاکسییەکانی تێدا هەڵگیراوە، بەهۆیەوە فۆرم و پرۆژەی سینتاکسیی دادەڕێژرێـت. (مەعـرووف، 2020، 9). پەیوەسـت بە زمـانی کـوردییەوە، هەریەک لەو کەتیگـۆرییە فەرهەنگییانەی لە سەرەوە خرانەڕوو، سەری فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرن، بۆیە دەبنە کەرەستەی خورتیی بەرهەمهێنان لە دروستەی فرێزی فەرهەنگییدا. لێرەوە پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و سینتاکس دروستدەبێت، چونکە هەر کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی، چووەناو سینتاکسەوە، وەک کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی/ فرێز، مامەڵەدەکات.

## ٢/٢) بنەمای دیاریکردنی سەری فەرهەنگیی

پەیوەست بە دیاریکردنی جۆری سەرەکانەوە، دروستە دەکرێتە بنەماو سەنگی محەک بۆ یەکلاکردنەوەیان و جیاکردنەوەی سەری فەرهەنگیی لە سەری ئەرکیی، بەجۆرێک سەربەخۆیی فۆڕمی سەرەکان، دەبێتە پێوەرو بەڵگەی ناسینەوەی سەری فەرهەنگیی، کە سەرەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار)ەکان دەگرێتەوە، ئەو توخمانەش بە شێوەی فۆڕمی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، ئەمەش دەریدەخات، کە "سەرەی گشت گرێیە فەرهەنگییەکان سەر بە بەشەکانی ئاخاوتنن، هەروەها هەڵگری واتا و ناونیشانی گرێیە فەرهەنگییەکانن" (عەبدوڵڵا، 2022، 50). بەوپێیە "ئەوانەی فرێزی فەرهەنگیی (Lexical Phrase)ن، تەواوکەرەکانیان تەواوکەری فەرهەنگیین، کە دەکرێت لە سینتاکسدا فۆڕمەکەیان بۆ تەواوکەرێکی سینتاکسیی بگۆڕێت" (مەعرووف، 2020، 108-109). کەواتە (أ) هەریەک لە کەتیگۆرییەکانی سەر، فۆڕمی فەرهەنگییان هەن و هەر لە فەرهەنگەوە هێنراونەتەناو سینتاکسەوە، هەروەک تەواوکەرەکانیشیان لە فەرهەنگدا لە ناواخنی سەرەکاندان، (ب) هەر لەبەرئەوەیە سەرەکە بە سەرێکی فەرهەنگیی و تەواوکەرەکەشی بە تەواوکەرێکی فەرهەنگیی دادەنرێن، بەڵام کە دەرخراو چووەناو سینتاکسەوە، دەبێتە تەواوکەرێکی سینتاکسیی، هەموو ئەمانەش پاساون بۆئەوەی، دروستە بەرهەمهاتووەکە بە (فرێزی فەرهەنگیی) لەقەڵەمبدرێت. "بەم پێیە تیۆری (X-bar) چەند جۆرێک لە گرێی فەرهەنگی دیاریدەکات، کە بریتین لە: (گرێی ناوی NP، گرێی

کـرداری VP، گرێـی ئاوەڵنـاوی AP، گرێـی بەنـد PP" (ڕەسـوڵ، 2012، 19). لێـرەوە، هەنگاوەکـانی بەرهەمهێنــــانی فرێـــزی فەرهەنگیـــی لە چێـــوەی ڕێســـای پڕۆژەســـازداندا، بـــۆ گشـــت ســـەرە پڕۆژەسازدەرەکان لە هێڵکاریی (١)دا پێشنیازدەدرێت. (سەعید، 2020، 112–113)

هێڵکاریی (١)




## ٣/٢) پارامیتەر لە فرێزی فەرهەنگییدا

چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونی سەر و تەواوکەر لە فرێزدا، بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکان دەگۆڕێت، کە دەشێت تەواوکەر جێکەوتەی لای ڕاست، یان چەپی X بگرێت، بۆئەوەش پارامیتەری زمانەکە بەپێی دروستەی فرێزەکانی ئەوە یەکلادەکاتەوە، کە زمانەکە سەرسەرەتا، یان سەرکۆتایە.

ئەوەی لەم پارەدا پەیوەست بە دروستەی فرێزە فەرهەنگییەکانەوە مەبەستمانە، خستنەتەکیەکی ســەرو تەواوکەرە بەپێـی بنەماکـانی تیـۆری X–bar و ڕێســای پڕۆژەســازدان، کە تێیـدا مەرج نیـیە ڕیزبـــوونی فەرهەنگیـــی ســـەرو تەواوکەر لە قۆنـــاغی نوانـــدنی فەرهەنگیـــی/ پۆلەڕەگەزدیـــاریکردنی فەرهەنگیـی پـێش لێـدانی پـارامیتەردا، هەمـان سـەرەوڕیزبوونی قۆنـاغی سینتاکسـیی پـێش- فرێـز/ دەسـتەواژیلەو فرێزیـان هەبێـت. بـڕوانە (سـەعید، 2020، 114_116)، چـونکە تایبەتمەنـدیی دروسـتەی سینتاکسیی زمانی کوردیی بە جۆرێکە، کە سەرەوڕیزبوون و بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکانی سەرو

تەواوکەر، پاش لێدانی پارامیتەر بەهۆی ڕوودانی گواستنەوەکانەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەوپێیەی لە سەرەتادا هەڵاوێرکردنی سەرو تەواوکەر لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەدا، بنەمایەکی جیهانیی هەیە (بڕوانە شێوازبەندکردنی یاساکەی لە (٤_أ)دا)، کە تێیدا سەرە لە ڕاستەوە بۆ چەپ تەواوکەرەکەی هەڵاوێردەکات، بەڵام ڕێسای سەرکۆتایی زمانی کوردیی، ئەوە دەسەپێنێت، کە تەواوکەر بۆ لای ڕاستی سەرە بگوێزرێتەوە، بڕوانە یاسای (٤ _ب)، بەوەش (أ) لەلایەک ڕێسای سەرکۆتایی لە دروستەکاندا دەپارێزرێت، (ب) لەلایەکی دیکەشەوەو پەیوەست بە خاڵی (أ)ەوە، حوکمکردن و ئاڕاستەی پێدانی دۆخ (جگەلە پێشناوەکان)، لە چەپەوە بۆ ڕاست دەبێت، ئەمەش وادەکات دروستە سینتاکسییەکان لە جێبەجێکردنی بنەمایەکی جیهانییەوە، حوکمی دروستەیەکیان دەبێت، کە یاساو ڕێساکانی تایبەت بە زمانی کوردییان تێدا پەیڕەودەکرێت.

٤) أ- $X^{\circ}$+ [Y]

ب- [Y]+ $X^{\circ}$

ئەوانەی لە سەرەوە خرانەڕوو، بۆ گشت جۆرەکانی فرێزە فەرهەنگییەکان دروستە، (جگەلە فرێزی پێشناویی)، کە پاش قۆناغی پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەی، گواستنەوەی تەواوکەر تێیدا ڕوونادات، واتە سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان پێش لێدانی پارامیتەر و دواتریش، هاوشێوەو چونیەکن. هەر لەوڕووەوە (أ) لە دروستەی فرێزی فەرهەنگییدا، پاش لێدانی پارامیتەر، تەواوکەرەکان دەبن بە کەتیگۆریی سینتاکسیی، چونکە وەک پێشتر خرایەڕوو، سەرە ڕێزمانییەکان دۆخ بە فرێز دەدەن، نەک وشە. (ب) گواستنەوەی تەواوکەرەکان لە چەپەوە بۆ ڕاستە، ئەویش پەیکاڵە لەگەڵ نواندنی سینتاکسی کوردیی و پارێزەری ڕێسای سەرکۆتاییە، بۆ دەرخستنی پارامیتەری سەرە لە زمانی کوردییدا. (قادر، 2015، 32)

کاتێک دەگوترێت "سینتاکس لە هەموو ئەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە، کە لەناو پێکهاتەی ڕستەدا هەن و بەهۆیانەوە وشەکان لێکدەدرێن بۆ دروستکردنی یەکەی لە وشە گەورەتر (فرێز پاشان ڕستە" (سعید، 2015، 13). لەلایەکی ترەوە، "نواندنە سینتاکسییەکان بریتین لە دەرخستنی توانای هەڵگیراوی توخمێکی فەرهەنگیی بۆ بونیادنانی فرێز و ڕستە بە جۆرەکانیەوە" (قادر، 2015، 28)، ئەوا پارامێتەر، چۆنیەتیی ڕیزبوون و بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکانی سەرو تەواوکەر لە دروستە سینتاکسییەکاندا نیشاندەدات). (Smith, 1999, 80-81) لە (محەمەد، 2009، 135) وەرگیراوە، بە دەربڕینێکی تر، پارامێتەر دیاریکردنی جێکەوتەی بنەڕەتیی سەری ڕێزمانییە لە زمانەکاندا بەگشتیی و پەیوەست بە زمانی کوردییشەوە، تایبەتە بە نیشاندانی چۆنیەتیی ڕیزبوونی سەرو تەواوکەر لەناو دروستەی فرێزەکاندا، لەوڕووەوە، کە سەرە ڕێزمانییەکان جێکەوتەی سەرەتا، یان کۆتایی دروستەکە دەگرن؟

لەو ڕوانگەیەوە، پەیوەست بە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنەکانی سەرەوە، دیاریکردنی پارامیتەری سەر، لە سینتاکسدا نەخشەی بۆ کێشراوە، واتە سینتاکس ناوەندێکی یەکلاکەرەوەیەو تێیدا لێدانی پارامیتەری سەر جێبەجێدەکرێت، چونکە دروستە سینتاکسییەکە یاساو ڕێسا سینتاکسییەکان و تەنانەت پارامیتەریشی لێوەهەڵدەهێنجرێت، ئەمە بۆ زانیاریی پارامیتەری زمانی کوردییش هەر ڕاستە، بە جۆرێک (زانیاریی سیتاکسیی لەناو کەرەستە خەزنکراوەکانی ناو فەرهەنگدا هەڵگیراون و سینتاکس بەپێی پارامێتەری زمانی کوردیی دەینوێنێت، واتە پارامێتەری سەری فرێز، لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا دیاریدەکرێت، کە ئەویش لە چێوەی ڕێسای پرۆژەسازدانەکەیدایەتی، پارامێتەر لە زمانی کوردییدا پەیوەست بە فرێزە فەرهەنگییەکانی وەک (فرێزی کرداریی و ناویی و ئاوەڵناویی و پێشناویی و دیارخەریی) لە فەرهەنگەوە بۆ پێکهاتەی سیمانتیکیی وەردەگیرێن، بۆیە لەو نێوەندەدا پارامێتەری سەرەکان یەکلادەکرێنەوە، چونکە بە فرێزیی دەبنە تێکردە بۆ پێکهاتەی سیمانتیکیی). (مەعروف، 2020، 9، 10)

پەیوەست بە ڕیزبوونی سەرو تەواوکەرەوە، ئەوەی لەبارەی زمانی کوردییەوە دەگوترێت ئەوەیە، کە "زمانی کوردیی تەواوکەر لەلای ڕاستەوە هەڵدەبژێرێت" (سعید، 2015، 22)، جگەلە پێشناوەکان، کەواتە (أ) لەلایەک زمانی کوردیی، زمانێکی سەرکۆتایە، جگەلە پێشناوەکان، کە سەرسەرەتان، چونکە لە زمانی کوردییدا "جێکەوتەی (سەر) جێکەوتەیەکی چەسپاوە، بۆیە پێشبینیدەکرێت ئەوەی دەگوێزرێتەوە تەواوکەر بێت، نەک سەر، بە جۆرێک گواستنەوەکە بەرەو لای ڕاست بۆ جێکەوتەیەکی دۆخدار ڕوودەدات تاوەکو لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکەوە حوکمبکرێت"(سەعید، 2019، 67). (ب) پەیوەست بە پێشناوەکانیشەوە، پێشبینییدەکرێت زمانەکە بە سەرسەرەتا هەژماربکرێت. ئەوکات زمانەکە حوکمی دوو پارامیتەریی دەبێت. بۆ پارامیتەری سەرکۆتا بڕوانە هێڵکاریی (٢)و بۆ پارامیتەری سەرسەرەتاش، بڕوانە هێڵکاریی (٣)

هێڵکاریی (٢)



هێڵکاریی (٣)




کەواتە لە تیۆری X-barدا، وەکچۆن سەرە ڕێزمانییەکان جڵەوی پرۆژەکەیان گرتووەو وەک توخمی پرۆژەسازدەر کراونەتە سیمای جیاکەرەوەی فریزەکان، هەر ئەوانیش ڕیزبوونە سینتاکسییەکەی سەرو تەواوکەر دیاریدەکەن.

## ٤/٢) مەودای فریزی فەرهەنگیی

دیاریکردنی سنورو مەودای فریزی فەرهەنگیی، وابەستەی جۆری کەتیگۆریی و ئەو دۆخانەشە، کە سەرە فەرهەنگییەکان دەیدەن، بەوپێیەی ئەو دۆخانە، لە مەودایەکی دیاریکراوداو پەیوەست بە ڕێسای پرۆژەسازدانەوە دەدرێن. وەک پێشتریش گوترا، مەبەست لە پێدانی دۆخ، ڕێکخستنی پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان سەروتەواوکەر (X,Y)ە، کە بەپێی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە، دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی (structure case) دەگرێتەوە. لە زمانی کوردییدا، پێدانی دۆخ بەپێی جێکەوتەیە، واتە فریز/ تەواوکەر بەپێی جێکەوتە، دۆخ لە سەرە ڕێزمانییە دۆخدەرەکەیەوە وەردەگرێت، بڕوانە (مەحویی، 2001)، بەمەش جێکەوتە ڕۆڵی گرنگی لە پێدانی دۆخدا دەبێت، کە بەهۆی ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە دیاریدەکرێت.

گرنکە ئاماژە بەوە بدرێت، پشتبەست بەو زانیارییەی، کە تیۆری X-bar بۆ دروستەی هەر فریزێک بوونی (سەر و تەواوکەر)ی کردووەتە مەرج، کەواتە بەپێی جۆری فریزە فەرهەنگییەکە و لەناویدا، هەریەک لە سەرە فەرهەنگییەکانی (N°, A°, P°, V°) وەک سەری دۆخدەر دیاریکراون و هەریەکەیان دۆخی جیاواز بە تەواوکەرەکەیان دەدەن و پەیوەندییە سینتاکسییەکان ڕێکدەخەن. بۆئەوەش، ئەو دۆخانەی لەناو فریزی فەرهەنگییدا دەدرێن، جیاوازن لەو دۆخانەی لەناو فریزی ئەرکییدا دەدرێن. لەوڕووەوە، کە لەناو فریزی فەرهەنگییدا دۆخەکانی (ئەکوزەتیڤیی، خستنەپاڵ، داتیڤیی) دەدرێن، بەوپێیەی دۆخەکان پەیوەستن بەو فریزانەوە، کە لە مەودای پرۆژەسازداندا

بونیاتنراون. لەلایەکی دیکەوە، لەبەرئەوەی لە فریزە فەرهەنگییەکاندا تەواوکەرەکان پەیوەستن بە سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکانەوەو لە جۆری تەواوکەری دەرەکیی نین، بۆیە پێدانی دۆخ لەڕێی ڕێککەوتنەوە ڕوونادات، بەڵکو هەر (X)ێک بەپێی جۆری سەرە فەرهەنگییەکەی، پاش هەڵاوێرکردنی تەواوکەر، دۆخێکی جیاوازی دەداتێ، هەروەک بەپێی پاڵێوەری دۆخ، هەر سەرێک تەنها توانای پێدانی یەک دۆخی ڕێزمانیی هەیە و هەر تەواوکەرێکیش تەنها یەک دۆخ وەردەگرێت. بڕوانە ( Cook & Newson, 2007, 146-153). هەمبەر بەمە، پڕۆژەی فریزە ئەرکییەکان، دۆخی ڕێزمانیی (نۆمینەتیڤ)ی تێدا دەدرێت، چونکە لە چوارچێوەی پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕوودەدەن و دۆخەکەش لەلایەنTP یەوەو لەڕێی ڕێککەوتنەوە، بە تەواوکەری دەرەکیی بکەر دەدرێت. بڕوانە (مەعرووف، 2020، 77)

## ٥/٢) فریزو جۆرەکانی بەپێی چەشنی سەرە لە زمانی کوردییدا

ئاشکرایە، کە زانیاریی فەرهەنگیی گشت زمانێک، لەلایەن سینتاکسەوە دەنوێنرێت و سینتاکسیش خۆی بە بنیاتی دروستەی فریزەکانەوە خەریکدەکات، لەناو فریزەکانیشدا، سەرە بناغەی فریزەکەیە. سەبارەت بە جۆرەکانی فریز پەیوەست بە چەشنی سەرەکانەوە، دەکرێت بەپێی تیۆری X-bar، دوو جۆر فریز لەیەکجیابکرێنەوە، (فریزی فەرهەنگیی، فریزی ئەرکیی)، کە بەهۆی کەتیگۆرییە فەرهەنگیی و ئەرکییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن، بەجۆرێک (سەرە فەرهەنگییەکان فریزی فەرهەنگیی و سەرە ئەرکییەکانیش فریزی ئەرکیی دروستدەکەن، ئەمەش دەریدەخات، ئەو دروستانە پەیوەست بە پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە لە شوێنی جیاوازدا بەرهەمدەهێنرێن.) (سەعید، 2019، 66)، بشڕوانە: (فرشید ورد، 1394، 53). ڕوونکردنەوەکان ئەوە بەدەستەوەدەدەن، کە لە پێکهاتەی سەرەکیی تیۆریX-barدا، ئەو کەرەستەیەی شوێنی X° پڕدەکاتەوە، سەرەی فریزەکەیە، جا کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی/ لێکسیکی بێت، یان ئەرکیی.

وەک پێشتر خرایەڕوو، پشتبەستوو بە تیۆری X-bar، لەناو ڕێسای پڕۆژەسازداندا سەرە ڕێزمانییەکان بە (C°, Agr°, T°, D°,V°,P°, A°, N°) دیاریکراون، کە هەریەکێکیان دەسەڵاتی بەرهەمهێنانی جۆرێکی جیاوازی فریزیان هەن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەگشتی جۆر و دروستەی فریزەکان لە زمانی (کوردیی و فارسیی)دا دەخرێنەڕوو، پاشان تیشکدەخرێتەسەر دروستەی فریزە فەرهەنگییەکان و لە هەریەک لەو زمانانەدا لێیاندەکۆڵرێتەوەو ئەدگارەکانیان لەڕووی پێکهاتەو سینتاکسەوە، پەسندەکرێن.

## ١-٥/٢) فریزی فەرهەنگیی

فریزی فەرهەنگیی، بە گشتی لە ڕووی پێکهاتەوە دروستەیەکی فرە وشەیین، هەندێکجاریش لە دارشتن/ پەیڕەوکردنی یاسا سینتاکسییەکانەوە پێکدێن. (Laufer, 1989, 10). هەر لەمبارەیەوە، (عەبوزەید، 2019، 35) پێیوایە، فریزی فەرهەنگیی، ئەو جۆرە فریزانەن، کە سەرەکانیان بریتین لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار)، سەرەکانیش، جۆری فریزە فەرهەنگییەکان دەستنیشاندەکەن.

ئاشکرایە زانیارییە سینتاکسییەکان لە بنەڕەتدا زانیاریی فەرهەنگیین، لەبەرئەوە X-bar وەک مۆدێلێکی ڕێزمان بۆ دروستەی فریز، لە ڕێگای دروستە سینتاکسییەکانەوە زانیاریی سینتاکسیی فۆرمێکی فەرهەنگیی دەخاتەڕوو، بەوەش دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگیی توخمێک نیشاندەدات، وەکچۆن لە تیۆرەکەدا هاتووە، X°ەکان، کە (کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، دیارخەر)ەکان دەگرێتەوە، دروستکەری پرۆژەی سینتاکسیین، واتە سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرن، بەوەش هەر فریزێک پرۆژەی سەرێکە. (سەعید، 2019، 68). بشڕوانە: (سەددیق، 2013، 30)، (Trask, 1999, 201)

جێی ئاماژەیە، هەندێکجار بەرامبەر زاراوەی /فریزی فەرهەنگیی/، /وشەی فریزی/ بەکارهێنراوە. "وشەی فریزیی بەو مۆرفیمانە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا دروستدەکرێن، کە لە سینتاکسدا فریزیان پێبەرهەمدەهێنرێن. ئەوانە بریتیین لە سێ مۆرفیمی سەرەکیی و بریتیین لە مۆرفیمەکانی /_ی/ خستنەپاڵ، /و/ی بەستنەوەو /ە/ی دیاریکردن.... وەک نموونەکانی /شەقامی سالم، گوڵەگەنم، دەموچاو/" (مەحویی، 2019، 410). بەوپێیە ئەو کاتەی بەهۆی پرۆسەی بەلێکسیمبوونەوە، فۆرمێکی سینتاکسیی بۆ فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی/ فەرهەنگیی دەگۆڕێت، ئەوا ئەو پێکهاتانە، حوکمی وشە/ لێکسیمیان دەبێت و بە یەکەی فەرهەنگیی هەژماردەکرێن، بەڵام وەک پێشتر ڕوونکراوەتەوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەکە -فریزی فەرهەنگیی- بۆ جۆرێکی تایبەتیی فریز بەکاردەهێنرێت، کە یەکەیەکی سینتاکسییەو لە سینتاکسدا گۆدەکات.

## ٦/٢) جۆرەکانی فریزی فەرهەنگیی

## ١_٦/٢) ناوو فریزی ناوییNP

فریزی ناویی لە زمانی کوردیدا، جۆرێکە لە جۆرەکانی فریزی فەرهەنگیی، کە لەسەر بنەمای X,Y دروستەکانی بنیاتدەنرێن، چونکە فریز دروستەیەکی سینتاکسییەو تێیدا سەرو تەواوکەر پێکەوە لە جێکەوتەکانی ڕستەدا گۆکردنی سینتاکسییان دەبێت. لەمڕووەوە (خۆشناو، 2012، 122) دەڵێت: "فریزی ناویی لە سەرەیەک و دیارخەرێک یان چەند دیارخەرێک پێکدێت و دیارخەرەکانیشی لەپێش

سەرە یان لە دوای سەرەوە دێن و دەشێت دیارخەرەکان بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەسەر، یان بەبێ مۆرفیمی خستنەسەر بە سەرەی فرێزە ناوییەکەوە بلکێن".

ناو وەک سەرێکی ڕێزمانیی پڕۆژەسازدەر، لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا، تەواوکەرێکی فەرهەنگیی لە جۆری DP هەڵاویردەکات، بەوەش لە چوارچێوەی ڕێسای پڕۆژەسازداندا، سەر و تەواوکەر پێکەوە پەیوەست بە بنەمای هەبوونی سەر و ڕێسای دووپەلکییەوە، دروستەی فرێزێکی ناویی تێروتەسەل لەڕووی سینتاکس و واتاوە، بونیاتدەنێن.

بەپێی تیۆری X-bar، مەرجی بونیاتنانی دروستەکە، کە بۆ هەر سەرێک ناواخنێکی فەرهەنگیی لەئارادایە، کەچیی (ناوی تایبەتیی کەس، جێناوی سەربەخۆ)، بە تەنها گۆکردنی فرێزیان دەبێت، بەوەش ئەو بنەمایەی تیۆرەکە دەبەزێنن، بۆیە بۆ پابەندبوون بەو بنەمایەی تیۆرەکەوە، "وەها گریمانەدەکرێت، کە ناوە تایبەتییەکان DP ن و بەرهەمی دیارخەری دەرنەبڕراو D Null ن" (Carnie, 2013, 25). لەمەوە "ڕاڤەکردنی سەری دەرنەبڕراو، پێویستیی خورتیی پڕۆژەکە پەیوەست بە بنەمای تیۆرەکەوە ڕازی و جێبەجێدەکات" (سەعید، 2020، 99). بڕوانە هێڵکاریی (٤). لێکدانەوەکانی سەرەوە پاڵپشتی ئەو بۆچوونە دەکەن، کە ناوەکان وەک سەر گۆناکەن و بەوەش نابنە ناولێنەر بۆ فرێزەکە (NP)، بەڵکو خودی زانیارییەکانی ناواخنی توخمەکە، دەرفەتی دەرکەوتنی سینتاکسیی وەکDP یان بۆ فەراهەمدەکات.

هێڵکاریی (٤)




هەر لەوبارەیەوە، ناو کاتیگۆرییەکی لێکسیکییەو توخمێکی سەربەخۆی ناو فەرهەنگە، بەڵام کە دێتەناو سینتاکسەوە، دەبێتە توخمێکی پڕۆژەسازدەر و دۆخ بە تەواوکەرەکەی دەدات، واتە لە بەرهەمهێنانی فرێزی ناوییدا ڕۆڵی سەرە دەگێڕێت. بڕوانە نموونەی (١)و هێڵکاریی (٥)، کە تێیدا {سارا}، سەرێکی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەرەو بەپێی ڕێسای سەرکۆتایی، لەلای چەپەوە بۆلای ڕاست،

دۆخ بە فریـزە تەواوکەرەکەی {بـاوک} دەدات، هاوکـات بەوپێـیەی /سـارا/ نـاوی تـایبەتییە، فریـزی خستنەپاڵ ناویی، کە جۆرێکی فریزی فەرهەنگییە، بونیاتدەنێت، ئەگەرچیی لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا فریزی خستنەپاڵی ناویی، بە جۆرێکی فریزی ئەرکیی دادەنرێت. بڕوانە (عەبوزەید، 2019، 43)

١. {باوکی سارا}

هێڵکاریی (٥)




## ٦/٢_١_١) بەفرێزبوونی ناوی گشتیی

وەک پێشتر خرایەڕوو، مەرجە فریز دۆخ_وەرگر بێت، چونکە دۆخ پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان X,Y یەکـانە، کە تێیـدا سـەرە دۆخـدەرەکان، دۆخ بە تەواوکەرەکانیـان دەدەن، بەوەش X,Y پـێکەوە پەیوەندییە سینتاکسییەکەی فریز ڕێکدەخەن، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەئاراوە، کە ئایا دەکرێت $N^0$ بە تەنهـا ببێت بە فریـز؟ بە واتـا فریـزی نـاویی، لە تەنهـا ناوێـک پێکبێـت، بـێ بـوونی تەواوکەر؟ بـۆ دەستخستنی وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت بە دوای ئەو پاسـاوە زانستییانەدا بگەڕێین، کە ڕێگەدەدەن ناوێک بە تەنها، گۆکردنی فریزی هەبێت.

ناوە گشتییەکان نیشانەی [+گشتی]یان هەن و ناوی گشتیش بە تەنها توانای بوون بە فریزی نییە، بۆیە بۆ گۆکردنیان لە جێکەوتەی فریـزدا، وابەسـتەی هەردوو مەرجی فۆنۆلـۆژیی و مەرجی ئەرکیی دەبن، ئەویش:

(أ) لەلایەک بەهۆی هێز/ قورساییخستنەسەرەوە، بەوپێیەی هێز جێگرەوەی فۆنۆلۆژییانەی دیارخەرە، واتا دەکرێت سترێس جێگرەوەی (det/determiner)ێکی دەرنەبڕاو بێت، ئەوکات دروسـتەکە دەبێتە

فریزێکی سەر دەرنەبڕاو (Null Head) (سەعید،2019،73)بڕوانە نموونەی (٢_أ) و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٦)دا.

٢_ أ.پەلەوەر ئەنفلۆنزای باڵندە بۆ مرۆڤ دەگوێزێتەوە. ناوی گشتی [+کۆنکرێت]
ب.ئاشتی، هیوای گەلانە. ناوی گشتی [-کۆنکرێت]
پ. خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێت. ناوی گشتیی ناسراو
ت. *ئاوەکە/ دووئاو/ ئاوێک لە پلەی سفری سەدیدا دەیبەستێت
ج. *خۆرەکە/ خۆرێک/ خۆرەکان لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێت

هێڵکاریی (٦)




ئەگەرچیی کارکردن بە گریمانەی سەری دەرنەبڕاو، دەرکردەکەی لە جۆری فریزی دیارخەریی ئەرکیی دەبێت، چونکە سەرە دەرنەبڕاوەکەی $D^0$، مۆرفیمی سفرە، بەوەش حوکمی مۆرفیمێکی سینتاکسیی دەبێت، کە پەیکاڵی سەرێکی ئەرکییە، نەک فەرهەنگیی، هەروەک جۆری سەریش کاریگەریی لەسەر دیاریکردنی جۆری فریزەکە دەبێت، هەمبەربەمە، لەو ڕوانگەیەوەو بەهۆی ئەوەی، ئەو ناوانە لە ناواخنیاندا زانیارییەکی نەگۆڕو چەسپاویان هەن، ئەمە دەبێتە پاساو بۆئەوەی بتوانن ڕۆڵی فریزێکی ناوییان هەبێت، بڕوانە (٢_پ) و هێڵکاریی (٧)، کەواتە ناوە گشتییەکان، ئەوانەی [±کۆنکرێت]ن، بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە دەتوانن گۆکردنی فریزیان هەبێت، بڕوانە (٢_أ،ب)و هێڵکاریی (٨)، کەچیی ڕێگە بە دروستەکانی (٢_ت،ج) نادرێت، بەهۆی ئەو زانیارییە زانراو و

چەسپاوەی، وشەكانی /ئاو، خۆر/ ی كردووەتە ناوێكی گشتیی ناسراو، بۆیە لكاندنی دیارخەرەكان بەو ناوانەوە، سیمانتیكییانە كەمبەهاو لەڕووی ڕێزمانیشەوە نادروست دەبێت.

هێڵكاریی (٧)




هێڵكاریی (٨)




(ب) لەلایەكی دیكەوە، توخمەكە دەچێتە جێكەوتەی سینتاكسیی فرێزەوە، چونكە هەر كەتیگۆرییەكی فەرهەنگی بچێتە سینتاكسەوە، دەبێتە كەتیگۆرییەكی سینتاكسیی/ فرێز (سەرچاوەی پێشوو، 73) ، كەواتە مەرجە فرێز دۆخ و ئەركی سینتاكسیی هەبێت. بە دەربڕینێكی تر، هەر كاتێك ناوێك، یان جێناوێكی سەربەخۆ لە سینتاكسدا ئەركی بینی، ئەوا وەك فرێز گۆیكردووە.

## ٦/٢_١_٢) بەفرێزبوونی ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ

پەیوەست بە ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆوە، پێویستە هاوشێوەی هەر ناوێکی تر، پابەندی جێبەجێکردنی ئەو مەرجانە بن، کە بۆ گۆکردنیان وەک فرێز، خورتیی و پێویستن. لەبارەی جێناوەوە، (Dryer, 2007, 51) بۆچوونی وایە (لە ڕێزمانی نەریتیدا جێناوەکان بە جێگرەوەی ناو دادەنرێن، بەڵام بە تایبەتمەندییەکی وردەوە لە فرێزە ناوییەکاندا شوێن دەگرن. لە زۆربەی کاتدا ناو و جێناو تەنها لەڕووی واتاوە لەیەکجیاوازن، ئەگەرنا لە فرێزە ناوییەکاندا وەکیەک وان.). لەوڕووەشەوە، کە (ناوی تایبەتی و جێناو، هەڵگری نیشانەی واتایی [+ناسراوی]ین) (Borton, R.N.1997,155) لە (مەعروف، 2010، 16) وەرگیراوە، واتە ئەو توخمانە لە بنەڕەتدا بە نیشانەی [+ناسراویی]یەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، لە نیشانەی [+ گشتی] کەوتوون و ئەو مەرجە جێبەجێدەکەن، کە بۆ گۆکردنی $N^0$ لە جێکەوتەی فرێز لەئارادایە، لەلایەکی تریشەوە، هەبوونی نیشانەی [+ناسراویی] و گۆکردنیان لە جێکەوتەی فرێزدا، مەرجی ئەرکیی بەفرێزبوونیان وەک DP مسۆگەردەکات، چونکە بوونی نیشانەی [+ناسراویی]، هەمان ئەو نیشانەیەیە، کە دیارخەر بە فرێزێکی ناویی دەدات و بەهۆیەوە دروستەی DP بەرهەمدێت. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێردا هاتووەکانی (٣) و نواندنیان لە هێڵکاریی (٩)دا.

٣_أ. <u>ئازاد</u> بەیەکەم دەرچوو. ناوی تایبەتیی مرۆڤ

ب. <u>من</u> دەچم بۆ زانکۆ. جێناوی کەسیی سەربەخۆ

هێڵکاریی (٩)




تاقیکردنەوەی نموونەکان لە (٣)دا ئەوە دەردەخەن، کە دەشێت ناوی تایبەتیی کەس یان جێناوێکی سەربەخۆ، بە تەنها ببنە فرێز، چونکە ناوی تایبەتیی و جێناوە کەسییە سەربەخۆکان، لە فەرهەنگدا بە نیشانەی [+ناسراویی] یەوە هەڵگیراون و هەر بەو نیشانەیەشەوە ڕێپیاندەدرێت لە

جێکەوتەی فرێزدا دەربکەون، گرنگە ئەوەش بگوترێت، فرێزەکانی لەم چەشنە، بە فرێزی فەرهەنگیی هەژماردەکرێن، چونکە زانیاریی و نیشانەکانیان ناوەکیین.

کەواتە بەگشتی بۆ بەرهەمهێنانی ئەمجۆرەی فرێز، دەکرێت ناوەکە ناوێکی تایبەتیی، یان گشتیی [±کۆنکرێت] بێت، کە دەبێتە سەرەی فرێزەکە، زۆرجار ڕەنگە لەجیاتی ناوەکە، جێناوێک هاتبێت، بەمپێیە دەکرێت (سەرەی فرێزی ناویی، ناوێک یان جێناوێک بێت، کە کاکڵی فرێزەکەیەو هەر مۆرفیمێکی دیکەی لەگەڵ بێت، لە دەوری سەرەی فرێزەکە دەخولێنەوەو یارمەتی فراوانکردنی فرێزەکە دەدەن.) (حەسەن، 2010، 29). بە شێوازێکی دیکە دەشێت بگوترێت "سەرە ڕێزمانییەکەی فرێزی ناویی، ناوێکە، (قادر، 2015، 32)، چونکە "سەرە هەڵگری زۆرترین و گرنگترین زانیارییە سیمانتیکییەکانە." (Taller man, 1998, 98)، ئەگەرچیی لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار بە بنەمای DP دەکرێت و تەواوی NP یەکان بە DP هەژماردەکرێن، پشتبەستوو بە جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی، بۆ گۆکردنی سینتاکسییانەی ناوی گشتیی لەئارادان.

## ٦/٢_٢) ئاوەڵناوو فرێزی ئاوەڵناویی

بەپێی تیۆری X–bar و ئەو دابەشکردنانەی بۆ فرێزی کردووە، فرێزی ئاوەڵناویی، جۆرێکی دیکەی فرێزە فەرهەنگییەکانە، کە تێیدا ئاوەڵناوەکە توخمی پرۆژەسازدەرە و وەک (سەری ڕێزمانیی فرێزی ئاوەڵناویی گۆدەکات) (فەتاح، 2006، 65) و (ڕەشید، 2015، 55)، بە دەربڕینێکی تر، ئەم چەشنە فرێزە "سەرەکەی دەبێت ئاوەڵناوێک بێت" (محەمەد، 2009، 146)، ئەویش پێویستی بە تەواوکەرێکە تاوەکو دۆخی پێبدات و پرۆژەیەکی لە چەشنی AP بەرهەمبێت، کەواتە "ئاوەڵناو "لەو X°انەیە، کە Yیەک هەڵاوێردەکات، هەربۆیە دەتوانێت لە سینتاکسدا بشکێتەوەو پرۆژەی جیاوازی لە جۆری A⁻ دروستبکات" (سەعید، 2019، 87)

وەک پێشتر ئاماژەپێدرا، ئاوەڵناو لە ناواخنەکەیدا تەواوکەرێک هەڵگیراوە، کە بەپێی یاسای فۆرمدارشتنی فەرهەنگیی A+[Y] دەنوێنرێت، بەوپێیە داواکردنی ویستی سەرە ڕێزمانییەکەی ئاوەڵناو، پێویستیی پرۆژەکە بۆ بەرهەمهێنانی AP تێردەکات. کەواتە فرێزی ئاوەڵناویی، پەیوەست بە بنەمای هەبوونی سەرو ڕێسای دووپەلکییەوە، لە X,Y پێکدێت، کە بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵی /_ی/، یان/_ە/ەوە دەدرێنەپاڵ یەک و پرۆژەی خستنەپاڵە ئاوەڵناوییەکان دروستدەکەن. بە واتا (فرێزی ئاوەڵناویی لە دیوە سینتاکسییەکەیدا پێڕەوی یاسای [ N + ی] +A]  دەکات، کە تێیدا ئاوەڵناوەکە سەری ڕێزمانییەو دەچێتە کۆتاییەوە. (سعید، 2015، 26). بەمەش "ئاوەڵناو وەک سەرێکی ڕێزمانیی و

کەتیگۆرییەکی حوکمکەر، لەڕێی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە، حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات و دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵی پێدەبەخشێت." (فتاح، 2006، 65)، بەوەش لەو ڕوانگەیەوە، کە X,Y پێکەوە پێکهاتە واتاییەکانی دروستەی قووڵ پڕدەکەنەوە، کەواتە بۆ بریندارنەکردنی ڕێسا دووپەلکییەکەو لانەدان لێی، ئاوەڵناو بە تەنها گۆکردنی سینتاکسیی نابێت، چونکە بێ بوونی ناواخنەکەی، دروستەکە لەڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە تێر نابێت، بەو واتایەی پێویستیی سەر پەیوەست بە پارامیتەرو دۆخ و هەڵاوێرکردنە سیمانتیکییەکەیەوە، تێرنەبووە.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، لەبەرئەوەی لە فرێزی ئاوەڵناوییدا، A توخمە پرۆژەسازدەرەکەیە، کەواتە ئاوەڵناوەکە پاش ئەوەی ویستە فەرهەنگییەکەی داوادەکات، لە سینتاکسدا دەشکێتەوەو فرێزێکی ئاوەڵناویی دروستدەکات. بڕوانە (مەعروف، 2020، 12). وەک دروستەکانی {منداڵی زیرەک، خانووی گەورە، خواردنی خۆش}، هەروەک ئاوەڵناویش بە هەمان شێوەی ناو، لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا ڕێسای سەرکۆتایی جێبەجێدەکات. بڕوانە نموونەی (٤_ا) لە هێڵکاریی (١٠)دا، کە تێیدا بەهۆی مۆرفیێمی /-ی/ی خستنەپاڵەوە پرۆژەی خستنەپاڵە ئاوەڵناوییەکە دروستبووە؛ هەر لەو ڕوانگەیەوە، فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی، کۆتاییەکی کراوەی هەیە، واتە زۆرجار زیاتر لە ئاوەڵناوێک لە فرێزەکەدا بوونی هەیە، بەڵام فرێزەکە تەنها یەک سەری واتایی هەیەو ئاوەڵناویش سەرە ڕێزمانییەکەی پێکدەهێنێت. (محمد، 2016، 18)، بڕوانە (٤_ب)

٤_ا. {خانووی خۆش}

ب. {خوێندکاری زیرەک و ژیر و بەڕەوشت}

هێڵکاریی (١٠)



له لایەکی ترەوە، فرێزی ئاوەڵناویی لەناو فرێزی دیارخەرییدا ناشکێتەوە، واتە دیارخەرەکانی /_ەکە، _ێک، _ەکان/ نابنە دەرخەری دواوەی فرێزی ئاوەڵناویی، چونکە کەرتی دووەمی دروستەکە، ئاوەڵناوێکە، ئاوەڵناویش لە دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا سەرێکی حوکمکەرە، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە لە کۆتاییدا دیارخەرەکان وەرنەگرێت. (مەعرووف، 2010، 63)، بۆیە ڕێگە بە دروستەکانی (٥-أ، ب، پ) نادرێت، کەچیی لە (٥_ت)دا فرێزە ئاوەڵناوییەکە لە ناوەوە، دیارخەری نەناسراویی وەرگرتووە، بەمەش دروستەکەی لە [+گشتی]یەوە بۆ [+دیاریکراو] گۆڕیوە، ئەمەش بەڵگەی شکاندنەوەی فرێزی دیارخەرییە لەناو فرێزی ئاوەڵناوییدا، لەکاتێکدا دروستەکانی (*بالاکەی بەرز) و (*بالاکانی بەرز) ڕێگەپێدراو نین و نادروستن.

٥_ أ. *بالای بەرزەکە

ب. *بالای بەرزێک

پ. *بالای بەرزەکان

ت. {بالایەکی بەرز}

جێی ئاماژەیە، مۆرفیمەکانی /_تر، _ترین/، بەشێکن لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی فرێزی ئاوەڵناویی و پلەی ئاوەڵناوەکە لە چەسپیووەوە بۆ پلەی بەراوردو بالا دەگۆڕن، بەڵام حوکمی سەری ڕێزمانییان نییەو بە بەشێکی بنەڕەتیی دروستەی AP هەژمارناکرێن، بەڵکو مۆرفیمی /_تر/ دەچێتە سەر کۆی دروستەی AP یەکە، هەرچی مۆرفیمی /_ترین/یشە لە (٦_ا)دا، پلەیەکی داخراوی بە ئاوەڵناوەکە بەخشیوەو ئاوەڵناوەکەی گەیاندووەتە لوتکە، بۆیە هاتنی دەرخەری /زۆر/ لە پێشیەوە، کەمبەهایەو لە ڕووی واتاوە دروست و ڕێگەپێدراو نییە، بڕوانە (٦_ب)، بەپێچەوانەوە لە (٦_پ)دا، ئاوەڵناوەکە دەتوانێت لە هەمان کاتدا پلەو مۆرفیمی پلەی بەراورد وەربگرێت، چونکە /-تر/ پلەیەکی دانەخراوی بە ئاوەڵناوەکە داوە. بڕوانە (سەرچاوەی پێشوو، 59)

٦_ ا. {گەورەترین باخ}

ب. * زۆر گەورەترین باخ

پ. {باخێکی زۆر گەورەتر}

ت. {لە سارا جوانتر}

لە (٦_ت)دا ئاوەڵناوی پلەی بەراوردی {جوانتر}، PP ی {لە سارا} ی وەک تەواوکەر بە بێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵی/_ی/، هەلاوێرکردووە. بڕوانە نواندنەکەی لە هێلکاریی (١١)دا.

هێڵکاریی (١١)




لەلایەکی دیکەوە، ئاوەڵناوەکان لە نواندنە سینتاکسییەکەیاندا ڕێسای سەرکۆتایی جێبەجێدەکەن و فرێزێک وەک تەواوکەر هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەگەر بڕوانینە نموونەکانی (٦_ا، ت)، جیاواز لە (٤_أ، ب) هەڵسوکەوتدەکەن، چ لەڕووی هەڵبژاردنی تەواوکەرو چ لە ڕووی جێکەوتەی سەرەوە لە دروستەی فرێزە ئاوەڵناوییەکەدا، کەواتە (ئاوەڵناوی شکاوە (inflected Adjective) بۆ پلەی بەراوردو باڵا پەیوەست بە جۆری تەواوکەر و جێکەوتەی سەری ڕێزمانی هەڵسوکەوتی جیادەکەن، بەوپێیەی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد جگەلە ناو، دەتوانێت تەواوکەرێکی لە جۆری فرێزی پێشناویی بۆ خۆی هەڵبژێرێت) (مەعرووف، 2020، 13)، ئەمەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە (ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردییدا، فۆرمێکی فەرهەنگیی و فۆرمێکی شکاوە/ سینتاکسییان هەن. فۆرمە فەرهەنگییەکە، خودی ئاوەڵناوە فەرهەنگییەکە دەگرێتەوە،... هەرچیی ئاوەڵناوی سینتاکسییشە، لە ئەنجامی گۆڕانی زانیاریی سینتاکسیی پەیوەست بە گۆڕانی واتای ڕێزمانییەوە بەرهەمدێن.) (سەعید، 2019، 87-88)

بەوپێیە فرێزی ئاوەڵناویی {جوانتر} لە (٦_ت)دا، فرێزێکی پێشناویی وەک تەواوکەر ئاڕاستەدەکات، (بەوەش ئاوەڵناو لەو فۆرمەدا پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسیی (pp)یەک دیاریدەکات، چونکە فۆرمی شکاوەی ئەو فۆرمەی ئاوەڵناو لە سینتاکسدایەو ئاڕاستەی حوکمەکەشی وەک پێشناوەکانە) (مەعروف و ئەوی تر، 2011، 414). هەروەها ئەگەر لە (٦_ا) بڕوانین، دەبینین ئاوەڵناوی {گەورەترین}، NP ی {باخ}ی وەک تەواوکەر دیاریکردووە، بەمەش "لە ئاڕاستەی حوکمکردنەکەیدا هەڵسوکەوتی پێشناوەکان دەکات." (سەرچاوەی پێشوو، 414)، کەواتە ئاوەڵناوی پلەی باڵا، بەپێچەوانەوە حوکمی تەواوکەرەکەیان دەکەن و ئاڕاستەی دۆخپێدانەکەیان لە ڕاستەوە بۆ چەپە، کە تێیدا

"ئاوەڵناوی پلەی باڵا بۆ ترۆپک (Topic) هێنراوەتەپێشەوەو بە ستریس بە خستنەتەکیەک (Coordinate) حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی دەداتێ" (مەعرووف، 2020، 13)، بڕوانە هێڵکاریی (١٢)

هێڵکاریی (١٢)




## ٣_٦/٢) فرێزی پێشناویی PP

لە تیۆری X-bar دا، پێشناو P وەک توخمێکی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەر دیاریکراوەو جۆرێکی دیکەی فرێزی فەرهەنگیی بەرهەمدەهێنێت، کە دروستەی فرێزی پێشناوییە. بەوەش "پێشناوەکان لە زمانی کوردییدا هاوشێوەی پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار)ەکان، سەری فەرهەنگیین و بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدان و لەسەر بنەمای ڕێسای دوو پەلکیی، پڕۆژە ناوەندییەکانی لە چەشنی فرێز بەرهەمدێنن. "(سەعید، 2019، 115)، تێیدا P وەک سەری ڕێزمانیی فرێزەکە گۆدەکات، بەوەش لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی P+[Y] دەکات، کە دەریدەخات لە ناواخنیدا تەواوکەرێک هەڵگیراوە، بۆیە جێبەجێکردنی ویستە فەرهەنگییەکەی، دەبێتە مەرجێکی حەتمیی ڕێزماندروستیی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکەی PP، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، فرێزی پێشناوییش وەک فرێزەکانی دیکە، وابەستەی جێبەجێکردنی ڕێسا دووپەلکییەکە دەبێت، بۆیە پێکهاتەی ئەمجۆرە فرێزەش، بە X,Y یەوە لە سینتاکسدا دەنوێنرێت، بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٧_أ)و هێڵکاریی (١٣). هەر لەمڕووەوە، تیۆرەکە پێشناوە سینتاکسییەکان وەک سەرێکی دۆخدەر پێشنیازدەکات، بۆیە پێشناوەکە، کە حوکمی $X^{o}$ ی هەیە، پاش هەڵاوێرکردنی تەواوکەر، حوکمیدەکات و دۆخیشی دەداتێ، بەڵام (پێشناوەکان پەیوەست بە جێکەوتەوە جیاواز لە فرێزە فەرهەنگییەکانی

دیکە، کە سەرکۆتان، ئەمان (پێشناوەکان) هەڵسوکەوتی جیایان هەیەو لەپێش ناوو فرێزە ناوییەکانەوە دەردەکەون و حوکمی دۆخی ڕێزمانییان دەکەن.) (مەحویی، 2011، 232)، هەروەها بڕوانە (مەجید، 2016، 16)، واتە ئەمجۆرە فرێزە سەرسەرەتایە، بۆیە پێشناوەکە، ئاڕاستەی حوکمکردن و پێدانی دۆخیشی، بەپێچەوانەی فرێزە فەرهەنگییەکانی دیکەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپە.

٧_ أ. منداڵەکە <u>بە تۆپ</u> یارییدەکات.

ب. دیارییەکم <u>بۆ شارا</u> کڕی.

هێڵکاریی (١٣)




ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، کە پێشناوە سینتاکسییەکان ئارگومێنت-داواکەرن، بەوپێیە (پەیوەندی نێوان پێشناوو تەواوکەرەکەی، پەیوەندیی شوێنکەوتویی نییە، بەڵکو پەیوەندیی حوکمکردنە، لەبەرئەوە پێشناوەکە بڕیاری هەڵبژاردن و دیاریکردنی جۆری تەواوکەرەکەی دەدات، ئەوە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە هیچ کاتێک پێشناوەکە وەک سەرێک ناتوانێت جێگەی هەموو ڕۆنانەکە بگرێتەوە.) (ڕەشید، 2015، 69)، بڕوانە (٨_أ،ب)، ئەمەش هاوتەرییە لەگەڵ ئەو مەرجەی تیۆری X-bar بۆ فرێزی داناوە، کە پێویستە هەموو فرێزێک لە X,Y پێکبێت، بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (٧_أ،ب)

٨_أ. *ئازاد بە یاریدەکات

ب.* دیارییەکم شارا کڕی

پێشناوەکان بە گشتی لەڕووی فۆرم و پێکهاتەیانەوە جیاوازن، بەشێکیان لە فەرهەنگدا سەربەخۆ تۆمارکراون، واتە "بە زۆری لەڕووی بوونیانەوە لە زمانەکەدا سەربەخۆن" (محەمەد، 2002، 47)و وەکخۆیان دەهێنرێنە ئاستی بنەرەت و لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێن، ئەمانەش بە پێشناوە ڕەسەنەکان ناسراون، کە بریتین لە /لەگەڵ، پێش، ئینجا، پاش، لەکاتێکدا، لە، بە، بۆ، تا، وەک ، بێ، ە/، بەشەکەی تریشیان نواندنێکی فەرهەنگییان هەیەو بە پێشناوە ناڕەسەنەکان ناسراون، کە لە فۆرمی /پێـ، تێـ، لێـ/دا خۆیاندەنوێنن، ئەمانە لە فەرهەنگدا نین، بەڵکو وەک بەشێکی بنجیی کردار بە فۆڕمێکی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگییەوە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون. (عەلی، 2015، 106)، کە ئەمجۆرەیان بەپێچەوانەی پێشناوە سینتاکسییەکانەوە، پرۆژەسازدەر نین، واتە دەسەڵاتی هەڵاوێرکردنی واتایی و سینتاکسیی تەواوکەریان نییە، بەڵکو لە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کرداردا، ناوی کرداریی بە فۆڕم و واتای نوێوە هەڵدەگوێزن، کە پاش شکاندنەوەی ڕەگەکانیان لە سینتاکسدا، پەیوەست بە زانیاریی ناواخنی توخمەکانەوە، تەواو جیاوازن، بۆیە لە فەرهەنگیشدا بە دەروازەی زانیاریی جیاواز تۆماردەکرێن. بڕوانە (٩_أ،ب). هەر لەوڕووەوە (حسێن، 2001، 65) چەند تایبەتمەندییەکی پێشناوە سینتاکسییەکانی خستووەتەڕوو: (أ. ڕواڵەتی سەربەخۆیان هەن. ب. لە ڕستەدا کاردەکەن. پ. لەگەڵ وشەی تردا، واتای تەواو بەدەستەوەدەدەن.)، هەروەها بڕوانە (شوانی، 2003 ، 51). هاوکات (حسەین، 2012 ،67)یش، تایبەتمەندییەکی دیکەی پێشناوەکانی بەوە پەسنکردووە، کە "بۆ پێدانی نیشانەی واتایی، خۆیان بە سەربەخۆیی نایدەن و بەهۆی ئەو لاگرە ئاوەڵکردارییانەی، کە دەچنە دوای فرێزی ناوییەکەوە دەیگەیەنن"، وەک >من لە سلێمانییەوە دەگەڕێمەوە.<، بەوەش هەندێکجار پێشناوەکانی /لە، بە/ لە بەشێکی دروستەکەیاندا پاشناوی ئاڕاستە [ـەوە] ،[ـدا] یان لەگەڵدایە، وەک >سارا لە هەولێرەوە هاتەوە.< (عەول، 2008، 18). هەرلەمڕووەوە گرنگە بگوترێت، فرێزی پێشناویی لەناو بەشەکرداردا ڕوودەدات و لە دەرەوەی ئەو بەشەکردارییە هیچ گۆکردنێکی نییە، چونکە فرێزی پێشناویی لەڕووی سینتاکسییەوە پەیوەندی لەگەڵ کرداردا هەیەو لەڕووی واتاشەوە زانیاری لەسەر کردارەکە دەدات. (مەعرووف، 2010، 69)

٩_ أ. من کارەکەم کرد. /کردن/

ب. من کارەکەم بە ئەو کرد. /پێکردن/

گرنکە ئەوەش بگوترێت، کە پێشناوە سینتاکسییەکان بە سەری فەرهەنگیی دادەنرێن، چونکە وەک سەرە فەرهەنگییەکانی دیکە، خاوەنی فۆڕمی سەربەخۆی فەرهەنگیین و دەبنە تێکردەی پێکهاتەی سینتاکسیی. هەروەها ئەم پێشناوانە دەتوانن دۆخی داتیڤیی بە تەواوکەرەکانی لە جۆری ( DP, AP,

NP) بدەن، بڕوانە نموونەکانی (١٠)، بەوپێیەی "پێشناو p کەرەستەی بەدەسەڵاتەو توانای هەڵبژاردنی کەرەستەی تری هەیە تا لەگەڵیدا ڕێکبکەوێت". (محمد، 2016، 85)

١٠_أ. پەرتوکەکەم بۆ دایکی شیرین بردەوە.

ب. میوانەکان لە شوێنی خۆش دابنێ.

پ. دوێنێ لە دوکانەکە، مستیلەیەکم کڕی.

ت. *خانووەکەم بە فرۆشت

ج. *خانووەکەم ئازاد فرۆشت

لە (١٠_أ)دا، پێشناوی سینتاکسیی /بۆ_/ دۆخی بە NP ی {دایکی شیرین} داوە، لە (١٠_ب)دا پێشناوی /لە_/ دۆخی بە AP ی {شوێنی خۆش} و لە (١٠_پ)یشدا، بەDP ی{دوکانەکە} بەخشیوە. کەچیی نموونەکانی (١٠_ت،ج)، نادروست و ناڕێزمانیین، چونکە لە (١٠_ت)دا، "پێشناو بە بێ تەواوکەر، کە فریزێکی ناوییە، هیچ گۆکردێکی نییە." (مەعروف، 2010، 66)، لەبەرئەوەی پێشناوەکە دۆخەکەی بەتاڵنەبووەتەوە، بۆیە پێویستی بە تەواوکەرێک هەیە، هەروەک لە (١٠_ج)یشدا، تەواوکەرەکە دۆخی وەرنەگرتووە.

نموونەکان دەریدەخەن، (بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان سەرو تەواوکەرەکەدا هەیە، هەرگیز پێشناوەکە ناتوانێت وەک سەرێک جێگەی هەموو ڕۆنانەکە بگرێتەوە.) (محمد، 2016، 86)

هەر لەمڕووەوە، هاوشێوەی وشە نیشانەکان، کە بەشێکیان دەکەونە کۆتایی تەواوکەرەکەوە، (پاشگرە سینتاکسییەکانی وەک /-دا، -ەوە/ لە هەندێک فریزی پێشناوییدا کەرتێکی پێشناوەکەن و کەوتوونەتە کۆتاییەوە، بۆیە پێشبینییدەکرێت بۆ پاراستنی پارامیتەری سەرکۆتایی بن) (مەعروف، 2020، 16)، بڕوانە (١١)، کە هەندێکجار هاتنی ئەم پاشگر/ پۆستپۆزشنانە لەگەڵ پێشناوەکەدا خورتییە، واتە خاوەنی ئەرکن، بۆیە کرتاندنیان ڕێگەپێنەدراوە، چونکە تێکدانی دروستە، یان گۆڕینی واتایی لێدەکەوێتەوە. بڕوانە (١٢)

١١_ أ. لە سلێمانییەوە هاتووم.

ب. بە سارادا نامەکەم نارد.

١٢_ لە کەرکوکەوە گەڕامەوە. ≠ لە کەرکوک گەڕامەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، کە پێشناوەکان لە دروستەی فریزی پێشناوییدا سەری حوکمکەرن و دۆخی ڕێزمانیش دەدەن، بوونیان خورتییە، بەڵام هەندیک کات دەتوانرێت پێشناوەکە دەرنەبڕدرێت، لەکاتێکدا:

١. ئەگەر تەواوکەرەکەی فریزێکی دیارخەریی بێت و فریزە دیارخەرییەکەش بە ناوێکی ئاوەڵکردارییی دەرخرابێت، چونکە گشت ئەو ناوە ئاوەڵکردارییانە هەمان نیشانەی پێشناوەکەیان هەن، کە [+شوێن]ە، بۆیە ئەو ڕۆڵە ئاوەڵکردارەکان بەهۆی قورسایی خستنەسەرەوە دەیبینن). (مەعروف، 2010، 67) بڕوانە (١٣)

١٣_أ. ماڵمان لە تەنیشت مەزارەکەیە. ~ ماڵمان تەنیشت مەزارەکەیە.

ب. منداڵەکە لە نزیک باخچەکە دابەزێنە. ~ منداڵەکە نزیک باخچەکە دابەزێنە.

٢. کاتێک تەواوکەرەکە ئاوەڵکردارێکی کاتی، یان فریزێکی دیارخەریی بێت و فریزە دیارخەرییەکەش بە یەکێک لە (ناوی کات) (حسێن، 2001، 65) وەک (شەو، ڕۆژ، زستان، نیوەڕۆ، نیوەشەو...) دەرخرابێت، ئەوا بە هەمانشێوەی خاڵی یەکەم دەتوانرێت پێشناوەکە لاببرێت بێ ئەوەی کار لە واتای دروستەکە بکات. بڕوانە (١٤)

١٤_أ. ئاهەنگەکە لە ڕۆژدا ئەنجامدرا. ~ ئاهەنگەکە ڕۆژ ئەنجامدرا.

ب. کۆبوونەوەکە لە شەوی پاییزدا بوو. ~ کۆبوونەوەکە شەوی پاییز بوو.

نموونەو ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بەڵگەی ئەوەن، کە ئەگەرچیی هەندێکجار ڕێگە بە دەرنەبڕین/ کرتاندنی پێشناو دەدرێت لەناو دروستەی فریزە پێشناوییەکەدا، بەڵام ئەم دەرنەبڕینە، تەنها لە دروستە ڕووکەشەکەدا ڕوودەدات، بە واتا لە دروستەی قوڵی فریزەکەدا پێشناوەکە بوونی هەیە، ئەمەش پشتبەست بەو زانیارییەی (پێشناو بە بێ تەواوکەر هیچ واتایەک و گۆکردنێکی سینتاکسیی نییەو پەیوەندیی نێوانیان پەیوەندییەکی نەپچڕاوو لێک نەترازاوە) (مەعروف، 2010، 66)

جگەلە پێشناوە سینتاکسییەکان، پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ ناوە کردارییەکانی لەجۆری /پێزانین، تێگەیشتن، لێخۆشبوون/ هەڵدەگوێزن، بەڵام دواتر، کە دێنەناو سینتاکسەوە، ئەم پێشناوە فەرهەنگییانە فۆرمەکەیان بۆ فۆرمی پێشناوی سینتاکسیی دەشکێتەوە و وەک سەری ڕێزمانیی حوکمکەر گۆدەکەن. (سەعید، 2019، 116)، بڕوانە نموونەکانی (١٥)

١٥_ أ. /پێزانین/ ← ئێمە بە کارەکەمان زانی.

ب. /لێبوردن/ ← من لە تۆ دەبوورم.

پ. /لێخۆشبوون/ ← ئێمە لە ئەوان خۆشدەبین.

لە نموونەکانی (١٥)دا، پێشناوە فەرهەنگییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لەناو مۆرفۆسینتاکسدا هەیە بەوەی، کە لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا ڕۆڵ بە ناوو جێناو دەدەن و فرێزی پێشناویی دروستدەکەن. (عەلی، 2015، 106)

سەبارەت بە گواستنەوەی فرێزی پێشناویی، "فریزە پێشناوییە سینتاکسییەکان ئەگەرچی لەناو گروپی کرداردا ڕوودەدەن، بەڵام بۆ واتا ئازادانە بۆلای ڕاست و چەپ دەگوێزرێنەوە" (قادر، 2015، 35). بڕوانە نموونەی (١٦)، چونکە ئەو PP یانەی گۆکردنی ئاوەڵکردارییان هەن، بوونیان سەرپشکییەو تەنیا زانیاریی زیادە لەبارەی خستنەڕووی لایەنێکی کردارەکەوە دەدەن.

١٦. من لە بەڵێنەکەم پەشیمان بوومەوە ← من پەشیمانبوومەوە لە بەڵێنەکەم.

پەیوەست بە فۆڕمی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە، کە بۆ هەڵگواستنی ناوی کرداریی نوێ کاردەکەن، هەریەکە لەو پێشناوانە لەناو فەرهەنگدا بەشێکی زگماکیی کردارن و لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا ڕۆڵی پێشگر دەبینن، بۆیە وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێوە لەناو دادەڕێژن، وەک /پێگەیشتن، تێگەیشتن، لێکردنەوە، پێگرتن، تێگرتن، لێدان، ...هتد/، کەواتە پێشناوە فەرهەنگییەکان ناتوانن دۆخی ڕێزمانی ببەخشن و بە هەمان فۆرمەوە حوکمی فرێزێکی ناوییان پێناکرێت، هەربۆیە دەبێت لە دروستەی ڕووکەشدا فۆڕمی پێشناوی ڕەسەنیان پێبدرێت، وەک لە نمونەکانی (١٥)دا دیارە.

## ٦/٢_٤) فرێزی کرداریی و دروستەکانی

## ٦/٢_٤_١) دروستەی بنەڕەتیی فرێزی کرداریی

مەبەست لە دروستەی بنەڕەتیی فرێزی کرداریی، ئەو کەرەستانەن، کە خورتیین و بەپێی ویستی فەرهەنگیی ناواخنی کردارەکەو پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی، بەشداریی بەرهەمهێنانی دروستەی فرێزە کردارییەکە دەکەن. بۆ نموونە کردارە تێپەڕەکان، کە ناواخنەکەیان پەیڕەوی یاسای V° + [Y] دەکەن، تەواوکەری کردارەکە دەبێتە بەشێکی بنەڕەتیی و خورتیی دروستەی فرێزە کرادرییەکە، بۆیە دەستخستنی دروستەیەکی بێکەموکوڕیی، پێویستی بە جێبەجێبوونی ویستە واتایی و سینتاکسییەکانی کردارەکە دەبێت. لەمڕووەوە (محەمەد، 2000 ، 67) پێیوایە، دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداریی، "پێکهاتنی کارێکە، بەپێی هەموو ئەو مۆرفیمە جۆراوجۆرانەی کە هاوبەشی لەداڕشتنی کارەکەدا دەکەن." بەڵام بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە بە تەنها (ڕەگ، تاف، کەس) ناتوانن دروستەیەکی بێکەموکوڕیی فرێزی کرداریی دەستبخەن، بەڵکو دەبێت پاش پۆلەڕەگەزدیاریکردن و تێرکردنی ناواخنی کردارە فەرهەنگییەکە، ڕەگەکە بەهۆی مۆرفیمەکانی (تاف و کەس)ەوە بشکێتەوە، ئەوکات ڕەگ/ کردارە فەرهەنگییەکە بە ناواخنەکەیەوە حوکمی فرێزێکی کرداریی دەبێت. بەوپێیە لە زمانی

کوردیدا هەموو کردارێک لە مۆرفیمێک زیاتر پێکهاتووە، هەرئەمەش پاساوە بۆئەوەی، کە لە کوردییدا کرداری سادە نییە، چونکە "ئەو کارەی، کە زمانەوانان بە سادە ناوی دەبەن لەڕووی واتاو ڕێزمانەوە هەر کاری داڕێژراون و لە هەموو لایەنێکەوە وەک ئەوان رەفتاردەکەن" (فەتاح، 2010، 235)، ئەمەش پێماندەڵێت، کە فریزی کرداریی، پشت بە دروستە/ فۆرمی ناوە کردارییەکە نابەستێت لەڕووی (سادە، هەڵگوێزراو، یان لێکدراو)ەوە، بەڵکو پاش جێبەجێبوونی ناواخنی واتایی و سینتاکسیی کردارەکە، ڕەگ و ناواخنەکەی پێکەوە، دروستەی سینتاکسیی فریزە کردارییەکە پێکدەهێنن، ئەمەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە دەوترێت "سادەترین کردار لە زمانی کوردییدا، (ڕەگ و کات و کەس)ی تێدایە، بە دروستەی ناوەوەی کردار ناودەبرێن" (عەلی، 2015، 108)، چونکە وەک گوترا، هەموو کردارێک بە تەواوکەرەکەیەوە جێکەوتەی دروستەی قووڵ پڕدەکاتەوە، بۆیە ناواخنی کردارەکەش، دەبێتە بەشێکی بنەڕەتیی و خورتیی دروستەی ناوەوەی فریزە کردارییەکە.

## ٦/٢_٤_٢) دروستەی فراوانکراوی فریزی کرداریی

لە وەچەپاری پێشوودا، دروستەی بنەڕەتیی فریزی کرداریی دیاریکرا، ئەوەش خرایەڕوو، کە وێڕای ڕەگی کردار، ناواخنی کردارەکەش خورتییەو پێکەوە پێویستیی سینتاکسیی بونیاتنانی فریزەکە تەواودەکەن. هەمبەر بەوە، فراوانکردنی دروستەی فریزی کرداریی، هەموو ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کە وێڕای بوونی کەرەستە خورتیی و بنەڕەتییەکانی دروستەی فریزەکە، کەرەستەی سەربارن و زانیاریی سیمانتیکیی لەبارەی لایەنێکی کردارەکەوە دەدەن، واتە بەشێکی بنەڕەتیی نین لە دروستەی فریزە کردارییەکە، بەڵکو سەرپشکیین و دەکرێت ڕۆڵی فراوانکردنی دروستەی فریزە کردارییەکە ببینن. بۆ نموونە فریزی (ئاوەڵکرداریی، ئاوەڵکردارئاساکان)و هەموو ئەو کەرەستانەی، بەپێچەوانەی تەواوکەرەکانەوە، ناواخنی فەرهەنگیی کردارەکان نین، نابنە بەشێکی بنەڕەتیی دروستەکە. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (١٧_أ) و بە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (١٧_ت،ج) بەراوردیبکە، هەروەها لە (١٧_أ)دا، کردارەکە پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی[V°+ [Y]]+[Y] دەکات، کە لە فۆرمداڕشتنە فەرهەنگییەکەیاندا دوو تەواوکەر لەئارادان، بۆیە هەردووکیان خورتیین، بەڵام لە (١٧_ب،پ)دا لابردنی هەریەک لە فریزەکانی {بە پیاو، ئەو}، واتای کۆی ڕستەکە دەگۆڕێت و ناڕێزمانیشی دەکات، چونکە ویستی ناواخنی کردارەکە، کە لە پۆلەڕەگەزدیارییکردنە فەرهەنگییەکەیدا دیاریکراوە، تێرنەکراوە، کەچیی فریزەکانی {بە کەوچک، لە سلێمانی} لە نموونەکانی (١٧_ت،ج)دا، بەوپێیەی تەنها زانیاریی واتاییان لەسەر کردارەکە داوە، سەرپشکیین، لەبەرئەوە تەنها وەک

کەرەستەی فراوانکردنی فرێزە کردارییەکە هەژماردەکرێن و نابینە بەشێکی بنەڕەتیی دروستەی فرێزە کردارییەکە.

١٧_أ. من ئەو به پیاو دەزانم. /پێزانین/ ب. *من ئەو دەزانم

پ. *من به پیاو دەزانم ت. من به کەوچک نانمخوارد. ج. من له سلێمانی گەڕامەوە.

## ٦/٢_٤_٣) فرێزی کرداریی VP

فرێزی کرداریی، پێکهێنێکی تری ڕاستەوخۆی دروستەی ڕستەیەو ئەرکێکی دیاریکراو له سازدانی ڕستەدا دەبینێت، ئەگەر له سادەترین ڕستەی زمانی کوردیی بڕوانین، له ڕووی پێکهاتەوه له دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم فرێزێکی ناوییەو بەشی دووەمیش فرێزێکی کرداریی، کەواته "یەکێک لەو پێکهاته گرنگانەی، که له بەشەکرداردا هەبوونی گرنگ و خورتییه، فرێزی کردارییه. له ڕستەی زمانی کوردیدا بەپێی زانیارییه سیمانتیکیی و سینتاکسییەکان چەند کردارمان هەبێت، ئەوەنده فرێزی کرداریی تێدایه، کەواته له هەموو رستەیەکی زمانی کوردیدا، به لایەنی کەمەوه فرێزێکی کرداریی تێدایه، که یەکێکه له فرێزه گرنگەکانی ناو دروستەی ڕستەو کردار سەره ڕێزمانییەکەیەتی، بۆیه دەبێت سەرەتا کردارەکه له کردارێکی فەرهەنگییەوه دەستنیشانبکەین، واته به دوای (V°)دا بگەڕێین و بیدۆزینەوه. کردار لەناو بەشەکرداردا وەک سەر گۆدەکات و یەکێک له تەواوکەرەکانی، فرێزێکی ناوییه، که ئەویش هەبوونی خورتییه، لەمەوه دروستەیەکی فریزی کرداریی دەستدەکەوێت، که جێکەوتەیەک بۆ فرێزێکی ناویی بەجێدەهێڵێت" (مەعروف، 2010، 74)

ڕەگ ناوکی دروستبوونی کردارەو له فەرهەنگدا سادەیه، واته کات و کەس و ژمارە وەرناگرێت، هەربۆیه "کرداری کاتوکەسدار تەنها له ڕستەدا هەیەو جیاوازه له کرداری فەرهەنگیی". (مەحویی، 2011، 17). ڕەگ وەک توخمێکی پڕۆژەسازدەر دەبێته سەری ڕێزمانیی فرێزه کردارییەکە، چونکه هیچ فریزێکی کرداریی به بێ ڕەگ دروستنابێت، بۆیه بوونی خورتییه، (لەکاتێکدا فریزەکانی تری ڕسته وەک فرێزی ناویی بکەر دەشێت له دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێت، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکەی لەناو فرێزه کردارییەکەدا.) (عەول، 2008، 15)، هەروەها بڕوانه (محەمەد، 2000، 66)، وەک له نموونەی (١٨)دا دەرخراوه. هاوکات "ڕەگ به کرۆکی وشە دادەنرێت.... دەبێته بناغەی کرداری (ڕابردووی بەردەوام، ڕانەبردوو، داخوازی، بکەرنادیار)، لەمیش زیاتر به هاوکاریی پێشگرو پاشگر یان وشەی واتادار دەتوانێت ناوی بکەریی، ناوی کراو، ناوی چاوگ، ناوی جێگا) پێکبهێنێت." (بێدار، 2022، 135)، کەواته ڕەگی کردار بناغەی فرێزی کرداریی و سەرچاوەی دروستکردنی ڕێژەکانی

کــرداره، وەک شــێوازی ڕێــژەی ڕاگەیانــدن ، دانــانی، داخــوازی، ئەمە جــگەلەوەی بە ســەرچاوەی دروستکردنی گەلێک وشەی ناسادەی زمانی کوردییش دادەنرێت.

١٨_أ. پوشەکە سوتا.

ب. سوتاØ.

پ. *پوشەکە

بەپێی زانیارییەکانی سەرەوە، ڕەگی کردار $V°$ وەک سەری ڕێزمانیی فرێزی کرداریی گۆدەکات، فرێزە کردارییەکەش دروستەیەکی گرنگی ناو بەشەکرداری ڕستەکەیە، چونکە زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکانی لەخۆگرتووە، کەواتە "کردار وەک هەر سەرێکی ڕێزمانیی دیکە، ناواخنی فەرهەنگیی هەیە و هەر بەو ناواخنەشــەوە لە فەرهەنگدا تۆمـارکراوە" (ســەعید، 2019، 98)، هەربـۆیە دەشـێت بگوترێـت "ڕەگی کردار لە ڕووی واتاوە کرۆکی پرۆژەیەکی لەخۆگرتـووەو لە ڕووی سینتاکسیشـەوە هەنگاوی دەســـتپێکردنی ڕســـتەیە" (قـــادر، 2015، 35). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـــت، ڕەگـــی کـــردار لەڕووی سـیمانتیکییەوە، پەیوەسـت بە تێرکردنـی ویسـتە فەرهەنگـیـیەکەیەوە، جـۆری ئـارگومێنتە نـاوەکییەکەی بەرکــار ســـیمانتیکییانە هەڵاوێردەکــات، لە ڕووی سینتاکسیشـــەوە، دۆخـــی ڕێزمـــانیی پێـــدەدات و حوکمیدەکات. بۆ زانیـاریی لەبـارەی دروسـتەی فرێـزی کـردارییەوە، بـڕوانە (بـرزو، 2012، 65)، (فەتـاح، 2010، 235)، کەچیی لە دروسـتەی فرێـزی کـرداره تێنەپەڕەکانـدا، بەوپێیەی کـرداره فەرهەنگیـیەکە لە پۆلەڕەگەزدیــارییکردنە فەرهەنگییەکەیــدا پەیــڕەوی یاســـای $V°$+ [.....] دەکــات، بــۆیە لە نــاواخنە فەرهەنگییەکەیـدا پێویسـتی بە ئـارگومێنتی نـاوەکیی نیـیە، واتە "کـرداره تێنەپەڕەکـان بەپێـی ویسـتە فەرهەنگییەکەیـان داوای ئارگومێنـت نـاکەن"(مەعرووف، 2020، 16)، لەبەرئەوە دۆخ نـادەن. وەک ڕەگـی ناوە کردارییەکانی /خەوتن، کەوتن/. لە (٥)دا یاساکانی بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی دەخرێنەڕوو.

**٥) أ_ $V° + [....] \leftarrow VP/V^{-}$**

ئەو کـردارانەی، لە ڕووی هێـزەوە تێـنەپەڕن، وەک ڕەگـی نـاوە کردارییەکـانی /چـوون، ترسـان، گەیشـتن، هـاتن)، ئارگومێنـت_داواکەر نـین، بەوەش ڕەگـی کـردارەکە بە تەنهـا بەرهەمهێـنەری فرێـزە کردارییەکە دەبێت و دروستەکە تێردەکات. بڕوانە نموونەی (١٩)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١٤_أ)دا.

١٩_ ڕۆ + [....]            /ڕۆشتن/

هێڵکاریی (١٤_أ)




٥) ب– $V^{\circ} + [D] \leftarrow VP/V^{-}$

ئەو کردارانەی، کە لە ڕووی هێزەوە تێپەڕن وەک کرداره فەرهەنگییەکانی /خوار، بڕ، کێڵ، کڕ،.../، (ئەگەرچیی بەپێی یاسا فەرهەنگییەکە دەبێت ڕەگەزەکە، کە تەواوکەری کردارەکەیە (ناو) بێت، بەڵام لە دروستەی سینتاکسیی فرێزەکەدا تەواوکەرەکە دەبێتە تەواوکەرێکی سینتاکسیی و لە هەرسێ فۆرمی $(A^{-}, N^{-}, D^{-})$دا دەردەکەوێت) (قادر، 2015، 36). بڕوانە (٢٠) و هێڵکاریی (١٤_ب).

٢٠_ خوار + [DP] /خواردن/

هێڵکاریی (١٤_ب)



### ٦/٢_٤_٤) ناوی کردارییی هەڵگوێزراو پەیوەست بە پێشناوی فەرهەنگییەوە

لە زمانی کوردییدا، هەندێک ناوی کرداریی هەن، کە لەڕووی دروستەوە لە ناوێکی کرداریی و پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ هەڵگوێزراون، وەک پێشتر خرایەڕوو، ئەم پێشناوانە لە ئاستی فەرهەنگدا دۆخدەر نین، بەڵام مۆرفۆلۆژییانە فۆڕم و واتای کردارەکە دەگۆڕن و بەوەش زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکانی کردارەکە گۆڕانیان بەسەردا دێت، کەواتە هەریەک لەو کردارانە، جگەلە گۆڕانی دروستەییان، کە بوونەتە فۆڕمێکی هەڵگوێزراو، واتاکەشیان گۆڕاوەو دەروازەی زانیاریی جیاواز بۆ هەریەکێکیان دیاریکراوە، بەوەش هەر لە بنەڕەتەوە وەک جۆری جیاوازی کردار هەڵسوکەوتی سیمانتیکیی و سینتاکسییشیان دەبێت، ئەمەش لە گۆکردنە سینتاکسییەکەیاندا دەردەکەوێت. لێرەوە یاسایەکی دیکەی بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی لە (٥_پ)دا دەستدەخرێت. بڕوانە ناوە کردارییەکانی /پێزانین، پێگەیشتن، تێگەیشتن، لێزانین/. هەر لەمڕووەوە، لەبەرئەوەی فۆرمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ لە سینتاکسدا دەبنە توخمی پرۆژەسازدەر، بۆیە فۆرمی پێشناوەکەیان بۆ فرێزی پێشناویی دەشکێتەوە، بەوەش جگەلە واتا، گۆڕانی سینتاکسییشیان بەسەردا دێت و تەواوکەرەکانیان دەبێتە فرێزێکی پێشناوییPP، بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٢١)و هێلکاریی (١٥).

٥_پ) $VP/V^{-} \leftarrow [PP] + V^{\circ}$

٢١_ من <u>بە هاتنی تۆم</u> زانی. /پێزانین/

هێلکاریی (١٥)



**٥ت- V=/VP [[[V °+ PP]v-+ N- , D-, A-]v- ] ⟵ VP / V-**

(لە زمانی کوردیدا هەندێک کرداری ترمان هەن، کە زانیاریی سینتاکسیی جیاوازیان تێدا هەڵگیراوە، چونکە بەپێی یاسا فەرهەنگییەکە جگەلە (PP)یەکە، تەواوکەری تریشیان دەوێت، کە لە فۆرمە سینتاکسییەکانی {A⁻, D⁻, N⁻} دان. (قادر، 2015، 38). بڕوانە (٢٢)و هێڵکاریی (١٦)

٢٢_ {منداڵەکەی لە دایکەکە کر}   {منداڵەکە}$^{D- /N-}$، {لە دایکەکە}$^{P-}$   /لێکردن/

هێڵکاریی (١٦)




ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەردەبڕن، کە دەرکردەی یاساکانی (٥ أ_ت)، دروستەی فرێزی کرداریین، کە هاوشێوەی فرێزەکانی {NP, PP, AP}، لە جۆری فرێزی فەرهەنگیین، بەوپێیەی سەری ڕێزمانیی فرێزەکان °V ن، واتە لەم فرێزانەدا ڕەگی کردار جڵەوی سینتاکسیی و سیمانتیکیی فرێزەکەی گرتووە، بۆیە فرێزەکە لە دەست سەرە فەرهەنگییەکەی کرداردایە، هەر ئەوەش حوکمی کۆی پرۆژەکە دەکات.

## ٦/٢_٤_٥) کرداری فەرهەنگیی هەمبەر بە کرداری سینتاکسیی

(°V) کردارێکی بەلێکسیمبووی ناو فەرهەنگەو (⁻V)یش کردارێکی سینتاکسیی ئازادە، هەربۆیە کرداری فەرهەنگیی، تەنها لە ڕەگی کردار پێکهاتووە، کە سەری ڕێزمانیی فرێزە کرداریەکەیەو

کردارێکـی بێتافـە، بـەڵام "کـرداری سینتاکسـیی، کـرداری فەرهـەنگییە بـە تەواوکەرەکەیـەوە، بۆیـە تەواوکـەری تـاف کـردارە سینتاکسـییەکەیە". (مـەعرووف، 2020، 69). هەروەهـا لەبەرئەوەی "کـرداری فەرهەنگیی پریدیکاتۆرە، کە ڕەگی کردارەو دەسەڵاتەکەی لەناو فرێزە کردارییەکەدا کۆتـایی دێت، هەر بـۆیە دەکرێـت لەمەوە پێشـبینی ئەوە بکرێـت، کە کـرداری سینتاکسـیی ($V^-$) بێـت ئەویـش بەوپێیـەی کـرداری فەرهەنگیی لەنواندنە سینتاکسـییەکەیدا بەتەواوکەرەکەیەوە دەچێتە سینتاکسـەوە، چـونکە لە بەسینتاکسـبوونی کردارەکانـدا زانیـاری تیـاگەنجکراوی کـردارەکە دەنوێنرێـت، واتە کـردار هەرگیـز بە تەنهـا نـایەتە فرێـزی کـردارییەوە، بەوەش دەبێـتە کـرداری سینتاکسـیی ئـازاد، کەواتە ($V°$) کردارێکـی بەلێکسیمبووی ناوفەرهەنگەو ($V^-$)یش کردارێکی سینتاکسیی ئازادە". (سەرچاوەی پێشوو،67-68)

## ٦/٢_٥) فرێزی دیارخەریی DP

فرێزی دیارخەریی DP، پڕۆژەی دیارخـەرەکانن، دیارخـەرەکانیش پەیوەست بە دروسـتەوە دوو جـۆرن، دیـارخەری سـەربەخۆو دیـارخەری بەنـد، کە هەریەکەیـان بەرپرسـی بەرهەمهێنـانی پـڕۆژەی جیـاوازی DP ن. هەروەک ئەو دیـارخەرانەی بەنـدن، (بـەپێی گریمانـەی (DP) دەبـن بـە سـەری فرێزەکەو تەواوکـەرێک بۆ خۆیـان هەڵدەبژێرن، لەبەرئـەوەی سـەرێکی لکـاون، بـۆیە ئـەو کەتیگۆرییـە ڕێزمانییانە شوێنی (spec) پڕناکەنەوە، بەڵکو خۆیـان دەبن بە سـەری فرێزەکە.) (ڕەشید، 2015، 44). هەرچەنـدە وەک لە بەشـی یەکەمـدا خـرایەڕوو، زمانـەوانان ڕاوبۆچـوونی جیاوازیـان لـەبارەی ئـەم چەشـنەی فرێـزەوە هەن، بە جۆرێـک لـە هەنـدێک سـەرچاوەدا (N) و (D) فرێـزی نـاویی NP و لـە هەنـدێک سـەرچاوەی دیکـەدا فرێزی دیارخـەری DP بونیاتـدەنێن، بـەڵام "لـە لێکۆڵینـەوەکانی دواتـری تیۆری X-barدا فرێزی نـاویی وەک فرێـزی دیارخـەریی DP سـەیریدەکرێت و لێکدەدرێتـەوە، چونکە بـەپێی ئـەم بۆچوونـەی دواتـری تیۆرەکـە، دەرخەرەکـە Determiner – (D)ەکـە دەبێتـە سـەرەی فرێزەکەو ناوەکەش دەبێتـە تەواوکـەری سـەرەکە". (محەمـەد، 2009، 154)، هەروەهـا بـڕوانە (Abney, 1987, 48-49)، (سعید،سازان، توێژینەوەی بڵاونەکراوە)

لـە دروسـتەی فرێـزی دیارخەرییدا، نـاوە گشـتییەکان بـەهۆی دیارخـەرەکانـەوە ڕێگەیانپێدەدرێت گۆکردنی فرێزیان هەبێت، هەرچەندە هەندێکجار ناوی گشتیی بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە نیشانەی [+ ناسراوی] پێدەدرێت و دەتوانێت بە تەنها گۆکردنی سینتاکسـیی فرێـزی هـەبێت، بڕوانە <پیاو/ ژن هەرگیز کاری وا ناکەن<، ئەمە جگە لەوەی، هەندێک ناوی گشتیی هەن، بوونەتـە زانیـاریی زانراو لای ئاخێوەر، چونکە لـە ڕسـتەیەکی ڕاسـتیی نـەگۆڕدا دەردەبڕڕێن، بۆیە لەو کاتەدا دیارخـەرەکان زیادو کەمبەهان، هەربۆیە ئەمجۆرە ناوانە بە تەنها گۆکردنی فرێزیان دەبێت، بڕوانە<خۆر لـە خۆرهەڵاتـەوە

هەڵدێت<. بەمپێیە وەک پێشتر خرایەڕوو، ناوە گشتییەکان بە مەرج دەرفەتی ڕێپێدانی سینتاکسییان پێدەدرێت، بەجۆرێک (أ) بەهۆی دیارخەرەکانەوە، کە دەبنە سەرەی فرێزەکە، گۆکردنی DP یان دەبێت بڕوانە نموونەی (٢٨_أ) و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٢٢)دا، (ب) یان بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە، ڕێگەپێدانەکەیان بۆ دەستەبەردەکرێت. (مەعرووف ، 2010، 15). بڕوانە نموونەی (٢_أ) و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٦)دا

## ٦/٢_٥_١) دروستەکانی DP پەیوەست بە چەشنی سەرەوە

پێشتر تەنها (مۆرفیمەکانی ناسراویی و نەناسراویی و وشەی نیشانە) بە دیارخەر دادەنران. بڕوانە (مەعرووف، 2010، 16_22)، (محەمەد، 2016، 76_79)، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانی دواتردا، وێڕای ئەو دیارخەرانەی ئاماژەیانپێدرا، کەرەستەکانی (وشەی نیشانە، ڕادە، ژمارە، ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا)ش، وەک دیارخەر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. هەروەک (Alexander, 2003, 55) ئارتیکڵەکانی بۆ دوو جۆر پۆلێنکردووە: (١) ناسراویی، نەناسراویی، وشەی نیشانە، خاوەنێتی، (٢) ژمارە، ڕادە. بەوپێیە بێت، جۆری دیارخەرەکان جیاوازن.

جێی سەرنجە، ئەگەرچیی (عەبوزەید، 2019، 40-42) فرێزی دیارخەریی، بە جۆرێکی فرێزی ئەرکیی دادەنێت، بێ جیاوازیکردن لە نێوان جۆری دیارخەرەکاندا، بەڵام ئەو دیارخەرانەی لە سەرەوە خرانەڕوو، پەیوەست بە سەربەخۆیی فۆرمەکانیانەوە جیاوازن، بە جۆرێک دیارخەرەکانی ناسراویی و نەناسراویی، دروستەیەکی ناسەربەخۆو بەندیان هەن، بەپێچەوانەوە دیارخەرەکانی (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە) پێکهاتەیەکی سەربەخۆیان هەن، کە (فازل، ناقد) دیارخەرە سەربەخۆکان بە (دیارخەرە ئازادەکان- Free determiners)و دیارخەرە ناسەربەخۆکانیش بە (دیارخەرە بەندەکان- Clitical determiners) ناودەبات. بڕوانە: (www.dastur.info)بەوەش جیاوازیی دروستەیی سەرە ڕێزمانییەکەی دیارخەر، هۆی بونیاتنانی فرێزی دیارخەریی جیاواز دەبێت، کە هەردوو جۆری (فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی، فرێزی دیارخەریی ئەرکیی) دەگرێتەوە، بڕوانە هێڵکاریی (١٧). هاوکات (احمد، 2023، 66، 75)یش، جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی بۆ (فرێزی دیارخەریی ئازاد، فرێزی دیارخەریی شکاوە) پۆلێنکردووە.

هێڵکاریی (١٧)




## ٦/٢_٥_١_١) فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی Lexical Determiner Phrase (LDP)

ئەو دیارخەرانەی، فۆڕمی سەربەخۆیان هەن، وەک (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە، ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا)، دەبنە سەرەی ئەمجۆرە فرێزانەو دەرکردە بەرهەمهاتووەکەشیان، فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی دەبێت. دیارخەرەکان لەڕووەوە سەربەخۆن، کە خاوەنی واتای سەربەخۆی فەرهەنگیین، بۆیە بە هەمان فۆڕمەوەو بە سەربەخۆیی، دەبنە تێکردە لە بەرهەمهێنانی LDP دا، کە بە پەیڕەوکردنی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی $[N]+D^{\circ}$ ویستە ناوەکییەکەیان تێردەکەن و بەوەش دروستەیەکی بێکەموکوڕیی LDP بەرهەمدێنن. لە (٦) دا، یاساکانی بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی، پەیوەست بە دیارخەرە سەربەخۆکانەوە شێوازبەنددەکرێن، کە پاش گواستنەوەی خورتیانەی تەواوکەرە فەرهەنگییەکە لە چەپەوە بۆ لای ڕاست و لێدانی پارامیتەر، سەرەوڕیزبوونی دروستەکە دەبێتە کوردیی.

٦) أ- $LDP \leftarrow [N]+D^{\circ}$ بڕوانە نموونەی (٢٣_أ)

ب- $LDP \leftarrow [Pre.P] +D^{\circ}$ بڕوانە نموونەی (٢٣_ب)

پ- $LDP \leftarrow [N] + D^{Num}$ بڕوانە نموونەی (٢٣_پ)

ت- $LDP \leftarrow [N] + D^{q}$ بڕوانە نموونەی (٢٣_ت)

ج- $LDP \leftarrow [N] + D^{A}$ بڕوانە نموونەی (٢٣_ج)

٢٣_أ. {ئەم کێڵگەیە، ئەو مامۆستایانە}

ب. {ئەم پەنجەرە ئاسنە، ئەو خوێندکارە زیرەکانە}

پ. {دوو پیاو، چوار سێو}

ت. {تۆزێک ئاو، کەمێک خوێ}

ج. {هەرزانترین نرخ، جوانترین هەست}

## ٦/٢_٥_٢) جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی

### ٦/٢_٥_٢_١) فرێزی دیارخەریی وشەی نیشانە

جۆرێکی دیکەی ئەو کەرەستانەی، کە فرێزی دیارخەریی بەرهەمدەهێنن، وشە نیشانەکانی /ئەم...ە، ئەو...ە، ئەم...انە، ئەو...انە/ن (CARNIE, 2011, 45)، کە جێکەوتەی دیارخەر (Determiner) دەگرن و دروستەیەکی لە جۆری LDP بەرهەمدێنن. ئەو فۆرمانە، لای زمانەوانان زاراوەی جیاوازیان بۆ بەکارهێنراوە، بۆ نموونە (جێناوی نیشانە، ڕاناوی نیشانە، وشەی نیشانە، ئاوەڵناوی نیشانە)، هەندێکیش بە "جێناوی ئاماژە/ جێناوی نیشاندان (demonstrative pronoun" (مەحویی، 2011، 11) ناویانبردووە.

وشە نیشانەکان، هەمان هەڵسوکەوتی سیمانتیکیی مۆرفیمی ناسراویی و نەناسراوییان هەن لە پێکهێنانی فرێزی دیارخەرییدا، واتە نیشانەی [+ناسراویی] بە ناوەکە دەدەن، هاوکات (وشە نیشانەکانیش، کە خۆیان لە بنەڕەتدا لە شێوەی مۆرفیمی (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوە)دا بوون، بەڵام لە سینتاکسدا بەشی یەکەمی مۆرفیمەکە وەک باسێک (Topic) دێتە سەرەتاوەو بەشەکەی تری بۆ پاراستنی ڕێسای سەکۆتایی دیارخەرەکە، هەر کۆتایی دەگرێت، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت وشە نیشانەکانیش، لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکەدا بەهۆی پاشماوەکەیەوە دەبێتە سەرکۆتایی) (مەعرووف، 2020، 14)، (سەعید، 2019، 297)

لەوڕووەوە، لە زمانی کوردییدا وشەی نیشانە وەک سەری ڕێزمانیی بۆ بونیاتنانی LDP گۆدەکەن. ئەمجۆرەی دیارخەر، جیاواز لە (مۆرفیمی ناسراویی و نەناسراویی)، بە فۆڕمی سەربەخۆ هەن، واتە فەرهەنگیین و ئازادیی ڕوودانیان هەن، بۆیە ئاستی نواندنی D°یان هەن، بەوەش ئەم وشانە بوونەتە بنەمای بەرهەمهێنانی ئەمجۆرەی DP بە هەڵاوێرکردنی تەواوکەر/ ناوێک بە نیشانەی [+گشتی، + ژمێردراو]. بڕوانە (مەعروف، 2010، 21)، بەپێی پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەی لە (٧_أ)دا، کە تەواوکەرەکەی، تەواوکەرێکی فەرهەنگییەو لە سینتاکسدا بۆ تەواوکەرێکی سینتاکسیی دەگۆڕدرێت، ئەویش لەلایەن سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکەی وشەی نیشانەوە، حوکمدەکرێت. بڕوانە

(٢٤) و هێڵكاريی (١٨). هاوكات وێڕای یاسای (٧_أ)، بەهۆی یاسای (٧_ب)يشەوە، دروستەی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی بەرهەمدێت، یاساكەی (٧_ب)يش، بە جیاوازیی دروستەی تەواوكەرەوە پەیوەستە، كە دروستەیەكی لە جۆری دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی هەیە. بڕوانە (٢٥) و هێڵكاريی (١٩)

٧) أ- LDP ← D°+[N] +D°   بڕوانە نموونەی (٢٤)

ب- LDP ← [Pre.AP]+D°   بڕوانە نموونەی (٢٥)

٢٤_ {ئەم گوڵدانە}

هێڵكاريی (١٨)



25_ {ئەم کوڕە باشە}

هێڵکاریی (١٩)




وشە نیشانەکان لەگەڵ مۆرفیمەکانی ناسراویی و نەناسراویی، جگەلە جیاوازیی دروستەیی، لەوەدا جیاوازن، کە وشەی نیشانە دەشێت تەواوکەرەکەی دەرنەبڕدرێت، ئەگەرچیی لەدروستەی قوڵیدا تەواوکەرێک هەیە، بەڵام سەربەخۆیی فۆڕمە فەرهەنگییەکەی، ڕێگەدەدات لە دروستەی ڕووکەشدا تەواوکەرەکەی دەرنەبڕدرێت، وەک {ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە}، بەپێچەوانەوە مۆرفیمەکانی ناسراویی و نەناسراویی، نائازادیی ڕوودانیان، مەرجی دەربڕینی تەواوکەرەکانیان دەسەپێنێت، چونکە مۆرفیمی بەندن و هەمیشە لەگەڵ تەواوکەرەکانیاندا پێکەوەدێن.

## ٦/٢_٥_٢_٢) فریزی دیارخەریی ژمارە

ژمارە، بە چەشنێکی دیکەی دیارخەر دادەنرێت، بە جۆرێک (ئەو ژمارانەی جێکەوتەی پێش ناوەکان دەگرن، بە دیارخەری ڕادە هەژماردەکرێن). http://davpps.in/File/8813/determiners.pdf. لەمڕووەوە، پەیوەست بە فۆرمەوە، ژمارەش

بە جـۆرێکی دیـکەی دیـارخەرە ئازادەکـان ناوزەددەکرێـت، بەوپێـیەی کەتیگـۆرییەکی سـەربەخۆی فەرهەنگیـیە، هەربـۆیە وەک تـوخمێکی پرۆژەسـازدەر (أ) لەلایەک وەک وشـەی بەدەسـەڵات/ $X^{\circ}$ هەڵسوکەوتدەکات، بەڵام بۆ جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی تری دیارخەر، هێمای /$D^{Num}$/ی دراوەتێ، کە لە پۆلەڕەگەزدیـاریکردنە فەرهەنگییەکەیـدا، تەواوکەرێـک بە نیشـانەی [+ گشـتیی، + ژمێـرراو] هەوە داوادەکات، واتە "ناوە گشتییەکە ژمارە دەیکاتە فرێز، بۆیە بە سەر هەژماردەکرێت" (احمد، 2023، 72). بڕوانە نواندنە فەرهەنگییەکەی ژمارە لە (٨)دا. (ب) لەلایەکی تریشەوە، ئەمجۆرەی دیارخەر جێکەوتەی لای ڕاسـتی سـەرە دەگرێـت، بـۆیە لە سینتاکسـدا گواسـتنەوەی تەواوکەر ڕوونـادات، بەوەش سـەرە ڕێزمانییەکەی ژمارە، جڵەوی کۆی پرۆژەکە دەگرێت و لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات. بڕوانە (٢٦) و هێڵکاریی (٢٠)

٨) $D^{Num}$ + [N]

٢٦_ {سێ ئەستێرە}




هێڵکاریی (٢٠)



## ٦/٢_٥_٢_٣) فریزی دیارخەریی ڕادە

مۆرفیمەکانی ڕادە، گۆکردنی دیارخەریان هەن و لەناو دروستەی فریزە دیارخەرییەکەدا، پەسنی چەندێتیی تەواوکەر دەکەن، بۆیە بوونیان خورتییە. بڕوانە (CARNIE, 2011, 45)،(Park, 1996)
https://repository.upenn.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1108&context=ircs_reports
لە زمانی کوردییشدا، پێشبینیدەکرێت ڕادە وەک جۆری سێیەمی دیارخەرە ئازادەکان، توخمێکی پرۆژەسازدەری فەرهەنگیی بێت و گۆکردنی سەری ڕێزمانیی فریزی دیارخەریی LDP هەبێت، لەوڕووەوە، کە هاوشێوەی ژمارە، خاوەنی فۆڕمێکی سەربەخۆی فەرهەنگییە و بە وشە دەگەیەنرێت. گەر ئەمە دروست بێت، کەواتە دیارخەرە ڕادەییەکانیش لەسەر بنەمای پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی، ناواخنەکەیان دیاریدەکرێت، هەروەک یاسای نواندنە فەرهەنگییەکەی لە (٩_أ)دا شێوازبەنددەکرێت. بۆ ئەمجۆرەی فریزی دیارخەریی، بڕوانە (٢٧) و نواندنەکەی لە هێلکاریی (٢١_أ)دا

٩) أ_ $D^q$+[Y] ← LDP

٢٧_أ. {هەندێک شەکر}

هێڵکاریی (٢١_أ)




## ٦/٢_٥_٢_٤) فریزی دیارخەریی ئاوەڵناو

پێشبینییدەکرێت، پلەی باڵای فریزی ئاوەڵناوییش، بە یەکێکی دیکە لە جۆرەکانی دیارخەریی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا هەژماربکرێت، بەوپێیەی هەمان حوکمی دیارخەرەکانی (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە)ی هەیەو پەیکاڵی ئەوان، بە نیشانەی [+ دیاریکردن، + دەستنیشانکردن]ەوە پەسنی

تەواوکەرەکەی دەکات و لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمیدەکات. بڕوانە (٢٧_ب) و هێڵکاریی (٢١_ب). بەوەش سەرباری یاساکانی بەرهەمهێنانی LDP، یاسای (٩_ب)یش بۆ فرێزی دیارخەریی ئاوەڵناو ADP، شێوازبەنددەکرێت.

**٩) ب- $D^A$ + [N] ← LDP** بڕوانە نموونەی (٢٧_ب)

٢٧_ب. {باشترین هاوڕێ}

هێڵکاریی (٢١_ب)




## ٢_١_٥_٦/٢) فرێزی دیارخەریی ئەرکیی Functional Determiner Phrase (FDP)

ئەمجۆرەی فرێز بەپێچەوانەی LDP یەوە، پەیوەست بە دیارخەری بەند/ نائازادەوە بەرهەمدێت، ئەوانەی فۆرمی سەربەخۆیان نییەو بە تەنها گۆکردنی سینتاکسییان نابێت، وەک دیارخەرەکانی ناسراویی و نەناسراویی /_ەکە، _ێک/ بڕوانە (CARNIE, 2011, 45). لەوڕووەشەوە، ئەگەرچیی

دیارخەرەکان توخمی پڕۆژەسازدەرن و هاوشێوەی توخمەکانی دیکە پڕۆژەی فریز بونیاتدەنێن، بەڵام وەک ئاماژەپێدرا، لەبەرئەوەی ناسراویی و نەناسراویی لە کوردییدا لە جۆری دیارخەری بەندن، واتە بە مۆرفیمی سەربەخۆ نین، بۆیە دروستە بەرهەمهاتووەکەشیان لە جۆری FDP دەبێت، بڕوانە (٢٨_أ) و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٢٢)دا)، هاوکات لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیاندا بەپێی $D^0$+[Y]، تەواوکەرێک بۆ خۆیان هەڵاوێردەکەن و کۆی دروستەکەش، گۆکردنی DP ی ئەرکیی دەبێت، بەوپێیەی "ناوی گشتی گۆکردنی فریزی نییە، بەهۆی دیارخەرەکانەوە دەبێت بە فریز" (مەعروف، 2010، 96)

ڕوونکردنەوەکان دەریدەخەن، جیاوازیی سەرەی فریزی دیارخەریی (ئەوانەی سەرەکانیان لە جۆری دیارخەری نائازادی ناسراویی و نەناسراوییین)، لەگەڵ سەرە فەرهەنگییەکانی دیکە لەوەدایە، کە دیارخەرە نائازادەکان بە تەنها ڕوونادەن، بەڵکو "لەناو دروستە لەناو یەکشکاوەکاندا هەبوونی هەیە" (سەرچاوەی پێشوو، 26)، بشڕوانە (قادر، 2009، 51). هاوکات لە پێکهاتەی ئەم چەشنەی فریزدا، جۆرەکانی دەستەواژیلە، کە (دەستەواژیلەی ناویی) و (دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی)ن، دەشکێنەوە، بەوەش وەک تەواوکەری سینتاکسیی سەر گۆدەکەن. بڕوانە (١٠)، کە تێیدا یاساکانی بەرهەمهێنانی فریزی دیارخەریی ئەرکیی پەیوەست بە دیارخەری (ناسراویی و نەناسراویی)یەوە، شێوازبەنددەکرێت:

١٠) أ– [N] + D° ← FDP بڕوانە نموونەی (٢٨_أ)

ب– [Pre.NP] D° ← FDP بڕوانە نموونەی (٢٨_ب)

پ– [Pre.AP] +D° ← FDP بڕوانە نموونەی (٢٨_پ)

٢٨_أ. {کوڕەکە}

ب. {کوڕە دارتاشەکە}

پ. {پیاوە دەوڵەمەندەکە}

ت. * کوڕەکە باخەوان

ج. * خوێندکارەکە زیرەک

گرنگە ئەوەش بگوترێت، ئەگەرچیی سەری پڕۆژەسازدەری فرێزی دیارخەریی ئەرکیی لە بنەڕەتدا مۆرفیمی بەندن، کەچیی کۆی دروستە بەرهەمهاتووەکەی DP بەهۆی ئەم سەرە ڕێزمانییانەوە، بە (فرێزی دیارخەریی ئازاد ناودەبرێن، ئەویش لەو ڕوانگەیەوەیە، کە کۆی فرێزەکە، لە سینتاکسدا دەرکەوتنی ئازادو سەربەخۆی دەبێت). بڕوانە (احمد، 2023، 66). لەلایەکی ترەوە، هۆی ڕێگەپێنەدانی (٢٨_ت،ج) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "دەستەواژیلەکان لەناوەوە دیارخەر وەرناگرن، چونکە (أ) دیارخەر دەبێتە دەرخەری دەستەواژیلەکە، نەک دەرخەری کەرتی یەکەمی دەستەواژیلەکە بە تەنها. (ب) هەم دەستەواژیلەیەک و هەم ناوێک، وەک یەک دیارخەر وەردەگرن، واتە وەکچۆن بەشێکی ناوێک دەرخەر وەرناگرێت، بەشێکی دەستەواژیلەش بە تەنیا دەرخەر وەرناگرێت" (مەعروف، 2010، 28)، کەچیی ڕێگە بە شکانەوەی فرێزێکی دیارخەریی دەدرێت لەناو فرێزێکی دیارخەریی تردا. (سەعید، 2019، 63) بڕوانە (٢٩)

٢٩_أ. {چاوی تۆ}
ب. {کوڕەکەی ئازاد}
پ. {منداڵێکی ژنەکە}

هێڵکاریی (٢٢)




هەر لەمڕووەوە دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت، کە هەرگیز ڕێگەنادرێت فرێزێکی دیارخەریی فەرهەنگیی بەهۆی وشەی نیشانەوە، لەناو فرێزێکی دیارخەریی ئەرکییدا بشکێتەوە، چونکە وشە نیشانەکانی /ئەم...ە، ئەو...ە، ئەم...انە، ئەو...انە/ نیشانەی [+ناسراویی]یان هەن و مۆرفیمەکانی ناسراویی و نەناسراویش بە هەمانشێوە، بۆیە لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، بەوەش پێکەوەو لەگەڵ هەمان تەواوکەردا، لەڕووی سیمانتیکەوە کەمبەهان و سینتاکسییانەش ڕێگەیانپێنادرێت. بڕوانە (٣٠)

## ٢/٥_٢) فرێزی ئەرکیی

ئەو فرێزانەی بەپێی بنەماکانی تیۆریX-bar بەرهەمدەهێنرێن، سەرباری فرێزی فەرهەنگیی، فرێزی ئەرکییش دەگرنەوە، کە پڕۆژەی سەرە ئەرکییەکانن، ئەوانیش سەرەکانی (تاف T°، ڕێککەوتن Agr°)ن، کە دەبنە سەری حوکمکەرو پڕۆژەسازدەری فرێزەکان، بەجۆرێک T° فرێزی تاف و Agr° یش فرێزی ڕێککەوتن بونیاتدەنێت. لەمڕووەوە (سەرە ڕێزمانییەکانی تاف و ڕێککەوتنیش، بەهەمان شێوەی سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکان لە کۆتاییدان، جگە لە پێشناوەکان) (مەعرووف، 2020، 88)

## ٢/٥_٢_١) فرێزی تاف TP

فرێزی تاف، پڕۆژەی سەری ئەرکیی تافە، مۆرفیمەکانی تافیش لە کوردییدا، بریتین لە /ا، ی، ت، وو، د/. بەوپێیە "کرداری زمانی کوردی تافدارە، بەوەش تاف دەبێتە دروستکەری پڕۆژەو سەری ڕێزمانیی فرێزی تاف. واتە تاف لە زمانی کوردیدا سەری ڕێزمانییەو پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسی بۆ خۆی دیاریدەکات" (مەعروف و ئەوی تر، 2011، 425)

پڕۆژەی فرێزی کرداریی، سەرەتا لە پڕۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکانەوە دەستپێدەکات، لەوڕووەشەوە، کە V° بە تەنها توانای هەڵاوێرکردنی یەک تەواوکەری هەیەو حوکمیدەکات، کرداری فەرهەنگیی و تەواوکەرەکەی پێکەوە، کرداری سینتاکسیی V⁻ بەرهەمدەهێنن، V⁻یش دەبێتە تەواوکەری سینتاکسییT°، بەوپێیەی((V⁻) فۆرمێکی گۆڕاوی سینتاکسیی نائازادەو دەستەواژیلەیەکی کردارییەو دەبێتە تەواوکەرێکی سینتاکسیی تاف (Tense)) (مەعرووف، 2020، 115)، کەواتە فرێزی تاف لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا پەیڕەوی یاسای (١١) دەکات و ئەوە دەردەخات (فرێزی تاف لە ناواخنیدا (V⁻) هەڵگیراوە، کە بۆ تەواوکردنی دروستەی T° داوایدەکات، کەواتە فرێزی تاف پڕۆژەی T°یە، کە سەرێکی ڕێزمانیی ئەرکییەو تەنها دەتوانێت حوکمی (V⁻) بکات، بەڵام جیاوازیی لەگەڵ سەرە فەرهەنگییەکاندا ئەوەیە، کە تاف تەنها حوکمدەکات و دۆخ نادات، چونکە بەپێی بنەماکانی تیۆری X-bar وەک سەرێکی دۆخدەر دیارینەکراوە.) (سەعید، 2019، 145)

١١) $TP \leftarrow [V^{-}] + T^{\circ}$ بڕوانە نموونەی (٣١)

جێی ئاماژە بۆ کردنە، پرۆژەی فرێزە کردارییەکان تا ئەم قۆناغە (پێش فرێزی ئەرکیی $^{Pre}FPh$)، لە چێوەی پرۆژەسازداندا ڕوودەدەن و وەک پێشتریش خرایەڕوو، دروستە بەرهەمهاتووەکان لە جۆری فرێزی فەرهەنگیی دەبن، بەڵام پاش ئەوەی پرۆژەی فرێزی فەرهەنگیی کردارەکان $V^-$، ڕادەستی سەرە ئەرکییەکان دەکرێن، ئەوکات هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێزە ئەرکییەکان/ FPh دەستپێدەکات، بەوەش (أ) پرۆژەکان هەنگاوێکی نوێ دەبڕن و دەبنە تێکردەی پرۆژەسازدانی فراوانکراو بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی ڕستە، (ب) لەلایەکی تریشەوە، سەرە ئەرکییەکان جڵەوی حوکمکردنی پرۆژەی فرێزە ئەرکییەکانی تاف و ڕێککەوتنیان گرتووەو جێبەجێکردنی پرۆژەکە بەهۆی ئەوانەوە ڕوودەدات. بڕوانە نموونەی (٣١) و هێڵکاریی (٢٣). پێویستە ئەوەش بگوترێت (بناغەی تافی ڕابردوو لە فەرهەنگدا، لەناو ناوە کردارییەکەدایە، بەڵام بناغەی تافی ڕانەبردوو لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت). (عەزیز، 2020، 82)، بۆیە مۆرفیمی تافی ڕابردوو جێکەوتەیەکی جێگیری هەیە، لەبەرامبەردا تافی ڕانەبردوو، بە نیشانە دەنوێنرێت.

٣١_ {سێوەکە خوارد، بە هاتنی تۆ زانی}$^{T^-}$

هێڵکاریی (٢٣)



## 2/٥_٢_٢) فریزی ڕێککەوتن AGRP

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە فریزە فەرهەنگییەکان لە چوارچێوەی ڕێسای پڕۆژەسازاندا بەرهەمدێن و پێکهاتەی سینتاکسیی و واتایی خۆیانیان هەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە ئەم فریزانە بە تەنها توانای بەرهەمهێنانی پڕۆژەی ڕستەیان نییە، چونکە "ڕێسای پڕۆژەسازدان ڕێسایەکە دروستەی فریزەکانی پێبەرهەمدێت، نەک ڕستە. لێرەوە دەشێت بگوترێت، کە ڕێککەوتن پڕۆژەی ڕستەی زمانی کوردیی دروستدەکات، بەوەش (TP) لەناو ($AGR^-$)دا دەشکێتەوە واتە (TP) لە ڕێگای (AGR)ەوە دۆخی ڕێزمانی بکەریی (Nominative case) بە جێکەوتەیەکی دەرەکی دەدات"، (مەعروف و ئەوی تر، 2011، 427)

بەوپێیە (دوای ئەوەی کردارەکە (تاف)ی وەرگرت و پڕۆژەی فریزی تاف ($T^-$) بەرهەمهات، ئەوکاتە ($T^-$) لە پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا داوای کەس دەکات، چونکە بەبێ بوونی تاف، کەس داواناکرێت، ئەوکات ($T^-$) لەڕێی ڕێککەوتن/ ئەگریمێنتەوە، دۆخی نۆمینەتیڤ بە تەواوکەرەکەی دەدات، کە بکەرەکەیە) (سەعید، 2019، 145)، بەوەش پڕۆژەی ڕستەیەکی تێر و بێکەموکوڕیی بەرهەمدێت. بڕوانە شێوازبەندکردنی یاساکەی لە (١٢)دا. بەوپێیە بێت، تەنها ڕێککەوتنی بکەرییمان هەیە، "نەبوونی ڕێککەوتنی بەرکار (object Agreement)یش لە ڕستەی زمانی کوردیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەرکار پاش گواستنەوەی لە فۆرمە فەرهەنگییەکەیەوە، کە لای چەپی کردارە بۆ فۆرمە سینتاکسییەکەی، کە لای ڕاستی کردارە، دۆخەکەی لەڕێی هاوسێیەتییەوە ( subjacency condition) وەردەگرێت" (مەعرووف، 2020، 116) بڕوانە (٣٢) و هێڵکاریی (٢٤)، وەرگرتنی دۆخیش بە مەرجی هاوسێیەتی، لەگەڵ ڕێککەوتندا لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدایە، بە واتا ئەوکاتەی بەهۆی گواستنەوەکانەوە مەرجی هاوسێیەتی نەما، ئەوکات لە ڕێی ڕێککەوتنەوە دۆخ دەدرێت، وەک ئەو دۆخی نۆمینەتیڤی، کە پاش گواستنەوەی بکەر لەڕێی ڕێککەوتنەوە دەدرێت.

١٢) $AGRP \leftarrow [T^-] + Agr^0$ بڕوانە نموونەی (٣٢)

٣٢_ من نانەکەم خوارد.

هێڵکاری (٢٤)




## ٧/٢) گۆکردنی سینتاکسیی فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا

لە ڕوانگەی ئەرکییەوە مامەڵە لەگەڵ گۆکردنی سینتاکسیی ئەم فرێزانەدا دەکرێت، واتە ئەو ئەرکەی، هەر فرێزێک لەناو ڕستەدا دەیبینێت. بەوەش هەر فرێزێکی فەرهەنگیی، دەتوانێت بەپێی جێکەوتەکەی لە سینتاکسدا، ئەرک و گۆکردنی سینتاکسیی هەبێت، بۆیە جیاوازیی دروستەی فرێزە فەرهەنگییەکە، کاریگەریی لەسەر گۆکردنی سینتاکسییان نابێت، بەڵکو لەلایەک ناواخنی کردارەکان، لەلایەکی تریشەوە جێکەوتە، ئەرک و گۆکردنە سینتاکسییەکەی فرێزەکان دیاریدەکەن، بەوپێیەی کردارەکان بەپێی ناواخنەکەیان، نواندنی سینتاکسیی جیاوازیان هەن، بۆیە هەر لە پۆلەڕەگەزدیارییکردنە فەرهەنگییەکەیاندا زانیاریی ناواخنەکەیان پەیوەست بە جۆری تەواوکەرەکەیانەوە دەردەخرێت، کە پێدەچێت خاوەنی دروستەی جیاواز بن.

## ٧/٢_١) گۆکردنی بکەریی فرێزی فەرهەنگیی

ئەو فرێزانەن، کە لە جێکەوتەی بکەردا گۆدەکەن، ئەوانیش دروستەی (فرێزی خستنەپاڵی ناویی، فرێزی خستەپاڵی ئاوەڵناویی، فرێزی دیارخەریی)یان هەن. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٣٣)دا.

٣٣_أ. دایکی کاوە هات. NP
ب. منداڵی زیرەک باش تێدەکۆشێت. AP
پ. ئەو ژنانە/ دوو ژن خانووەکەیان پاککردەوە. DP
ت. زیوە/ ئەو یارییدەکات. DP
ج. دوکان گەشتیاری زۆر بۆ ناوچەکە ڕادەکێشێت NP

## ٢_٧/٢) گۆکردنی فرێزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی جێگری بکەردا

ئەمجۆرەی فرێز، دەتوانێت بە دروستەکانی (فرێزی دیارخەریی)یەوە، جێکەوتەی جێگری بکەر بگرێت. بڕوانە کەرەستە هێڵ_ بەژێرداهاتووەکان لە (٣٤)دا.

٣٤_ا. ئەو خوێندکارانە/ شەش خوێندکار خەڵاتکران. DP
پ. سۆز، وەک باشترین ئەکتەر دیاریکرا. DP

## ٣_٧/٢) گۆکردنی بەرکاریی فرێزی فەرهەنگیی

ئەو فرێزانەی، گۆکردنی سینتاکسیی بەرکاریان دەبێت، خاوەنی دروستەکانی (فرێزی خستنەپاڵی ناویی، فرێزی خستەپاڵی ئاوەڵناویی، فرێزی دیارخەریی، فرێزی پێشناویی)ن، بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٣٥)دا.

٣٥_أ. باوکی لاوەم بینی. NP
ب. ئەمڕۆ خوێندکاری زیرەک خەڵاتکرا. AP
پ. ئەو گوڵدانە/ دوو گوڵدانم کڕی. DP
ت. ڕێبین/ ئەوم لە بازاڕ بینی. DP

## ٤_٧/٢) گۆکردنی ئاوەڵکردارییی فرێزی فەرهەنگیی

ئەو فرێزانەی، جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکردارییی دەگرن، لە ڕووی دروستەوە، (فرێزی پێشناویی، فرێزی دیارخەریی)ن. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٣٦)دا.

٣٦_أ. من یارییەکەم لە دوکانەکە کڕی. PP
ب. دووسبەی گوڵەکان دەڕوێنم. DP

## ٥_٧/٢) گۆکردنی فریزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی بەشەبکەردا

ئەو فریـزانەی، لە جـێکەوتەی بەشـەبکەردا گـۆدەکەن، دروسـتەکانی (فریـزی خسـتنەپاڵی نـاویی، فریزی خستەپاڵی ئاوەڵناویی، فریزی دیارخەریی)یان دەبێت، بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٣٧)دا.

٣٧_ا. ئەو/ سێوە، منداڵێکی ژیرە. DP

ب. هەولێر، شارێکی دێرینە. NP

پ. ئەو گوڵانە/ سێ ئینجانەکە، پەمەیین. DP

ج. دایکی سارا میهرەبانە. NP

چ. خوێندکاری زیرەک خۆشەویستە. AP

# بەشی سێیەم

# فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا

## ١/٣ کەتیگۆریی فەرهەنگیی و سەری فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا

وەک لە بەشی دووەمدا خرایەڕوو، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان بریتین لە توخمەکانی (D°,V°,P°,N°,A°)، (هەڵبەت D°، مەبەست لە دیارخەری فەرهەنگییە، کە (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە، ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا) دەگرێتەوە). هەریەک لەو توخمانەش، سەری ڕێزمانیی و توخمی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەرن و بەشداریی لە بەرهەمهێنانی دروستەی فرێزە فەرهەنگییەکاندا دەکەن. بەوپێیەش بوونی سەر لە فرێزدا خورتییە، جگەلەوەی دەکرێتە بنەمای دیاریکردنی ڕیزبوونی سەرو تەواوکەر تێیدا، بڕوانە (نعمت زاده، 1375، 2-3) بڕوانە (٣/٢)

## ٢/٣) پارامێتەر لە فرێزی فەرهەنگیی زمانی فارسییدا

پارامێتەری سەر (head parameter) بۆ یەکەمجار لەلایەن چۆمسکییەوە ناسێنراوە، کە پێوەرێکە لەڕێیەوە چۆنیەتیی ڕیزبوونی (X,Y)یەکان لە فرێزدا دیاریدەکرێت، لەمڕووەوە دەکرێت لە هەموو زمانەکانی جیهاندا ...X°... بە پارامێتەری ئازاد (free) ناوببرێت، بەوپێیەی گشتییەو تەواوی زمانەکان تێیدا هاوبەشن، بەڵام زمانەکان بەپێی تایبەتمەندییان لەیەکجیاوازن، بەجۆرێک دەشێت پارامێتەرەکەیان لە جۆری سەرسەرەتا، یان سەرکۆتا، یان دوولایەنەیە بێت. (مەعروف، چاوپێکەوتن، 2022). کەواتە زمانەوانان بەپێی ڕێبازی گشتیی و باو، لەسەر بنەمای پارامێتەر، دوو جۆر دروستەیان بۆ زمانەکانی دونیا دیاریکردووە، هەندێک لە زمانەکان سەرسەرەتا (Initial head) و هەندێکی تریشیان سەرکۆتا (Final head) ن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئایا نواندنی دیوی سینتاکسیی ئەو فرێزانە چۆنن، کە زمانی فارسیی پەیڕەویاندەکات؟ بە واتا لە زمانی فارسییدا سەرە ڕێزمانییەکان لای ڕاست، یان چەپی تەواوکەرەکانیان دەگرن؟ پاشان چەند جۆر پارامێتەر لە زمانەکەدا هەن؟

سەبارەت بە دیاریکردنی پارامێتەری هەر زمانێک دەشێت بگوترێت، (منداڵ سێ بنەما لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت، کە (فەرهەنگ، بنەمای دروستە، پارامێتەر)ن. لەبارەی تیۆری X-barەوە، دەتوانرێت ئەو ئەنجامە دەستبخرێت، ئەوەی پێویستە منداڵ فێریبێت بەپێی زمانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی، تەنیا پارامێتەری سەرسەرەتا، یان سەرکۆتایی فرێزەکەیە، بەڵام بابەتە ئاماژەپێدراوەکانی تری وەک دەستەیەک لە کەتیگۆریی (X)، کە لایەنە گشتییەکەیە، لە دەستووری زمانی منداڵدا پێشتر هەبووە. بەمپێیە تیۆرەکە لە کاتی فێربوونی یاساو ڕێساکانی زماندا، یارمەتیی منداڵ دەدات تا ڕێسا دروستەییەکان فێربێت.) (کسائیان: 1380، 132). بە دەربڕینێکی تر (پارامێتەری سەر، جیاوازیی

زمانەکان لەڕووی ڕێکخستنی ڕیزبەندیی یەکەو توخمەکانەوە دیاریدەکات و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، کە بە کەمێک حاڵەتی شاز و لە گشتیی بەدەر، زمانەکانی دونیا سەرسەرەتا و سەرکۆتان.

پەیوەست بە پارامیتەری فرێزی فەرهەنگییەوە، لە زمانی فارسییدا لێکۆڵینەوەی زۆر کراون، بەجۆرێک جیاوازیی بۆچوونیش لەمبارەیەوە لەئارادان، تا ئەو ڕادەیەی، (أ) زۆرێک لە زمانەوانان، بەگشتیی زمانی فارسییان بە زمانێکی سەرکۆتا داناوە، (ب) هەندێکی تریشیان بە دوو پارامیتەریی (split headedness)و (پ) هەندێکیش بە زمانێکی سەرسەرەتا هەژماریانکردووە. لەمبارەیەوە بڕوانە (ابوالقاسمی ،1373 ،31)، (نعمت زاده، 1375 ،2-3)، (رضائی، 1390 ،35)

لەم نێوەندەداو بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بۆچوونانە، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ ڕابردووی زمانەکەو (یەکێک لەو فرێزانەی زمانی فارسیی، کە تێیدا لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەتوانێت کۆمەڵێک بەڵگەمان بخاتە بەردەست لەوەدا، کە زمانی فارسیی زمانێکی سەرکۆتا بووەو بەپێی کات گۆڕان تێیدا ڕوویداوە، ئەویش فرێزە پێشناوییەکانن. ئەگەر سەرنجبدەینە دۆخی سەر لە فرێزە پێشناوییەکاندا، بە درێژایی سەردەم و گۆڕانی زمانیی تا ئێستا، کۆمەڵێک بەڵگەمان دەستدەکەوێت، کە نیشانیدەدەن لەو ماوەیەدا لانیکەم فرێزە پیشناوییەکان لە سەرکۆتاوە وردە وردە بە ئاڕاستەی سەرسەرەتا لە جوڵە و گۆڕاندا بوون. لە فارسیی کۆندا پریپۆزیشنەکان دەکرا لەسەرەتاو لە کۆتاییشدا بەکاربێن.) (ابوالقاسمی، 1373، 31) لە فارسیی ناوەندیشدا ئەم بارودۆخە بەردەوامبووە. (ناتل خانلری، 1374: 302)، بڕوانە (١)

١_أ. (به دریا در منافع بی شمار است          و گر خواهی سلامت بر کنار است.

(گلستان سعدی، 1368، 71)

ب- روش دارد ستار اسمان بر          همیدون مهردارد تن به جان بر

نگردد بر وفا رامین پشیمان          نه هرگز بشکند با دوست پیمان

(ویس و رامین) لە (ابوالقاسمی، 1374، 159) وەرگیراوە.

بە سەرنجدان لە نموونەکانی (١_أ) دەردەکەوێت، هەردوو پریپۆزیشن (double preposition) ی /به...در/ی تێدا بەکاربراون، بە جۆرێک پریپۆزشنی /به_/ لە سەرەتای فرێزەکەدا سەرپشکییەو بەپێچەوانەوە پریپۆزیشنی /در_/ لە کۆتاییدا خورتییە، چونکە {به دریا در} بە واتای (در دریا) دێت، بەمەش پریپۆزیشنی دووەم لە گواستنەوەی باری واتاییدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت. هەروەها لە (١_ب)یشدا پریپۆزشنی /بر/ لە کۆتایی تەواوکەرەکەدا بەکارهێنراوە. کەواتە دەکرێت بوونی پریپۆزیشن لە کۆتایی فرێزدا، جەختکردنەوە بێت لەسەر گریمانەی سەرکۆتاییبوونی پێشناو لە ڕابردوویەکی دووردا و دواتر گۆڕانی بە ئاڕاستەی سەرسەرەتابوونی تا بەمشێوەیەی ئەمڕۆی لێهاتووە.

هاوکات (له فارسیی (میانه)شدا، پارامیتەری سەرکۆتایی فرێزی پێشناویی هەر بەردەوام و دیار بووە، لە لایەکی دیکەوە لە فارسیی (دری)یشدا بە هەمانشێوە نیشانەی /را/ لە دروستەی فرێزی پێشناوییدا، کە لە دوای ناوەوە هاتووە، ڕۆڵی پێشناوی بینیوەو بە شێوەی سەرکۆتا دەرکەوتووە. بڕوانە (ناتل خانلری، 1374، 302)، بۆ ئەم مەبەستە، ناوبراو دوو نموونەی هێناوەتەوە، بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٢)دا.

٢_أ. به خاطر داشتم چون بەدرخت گل رسم دامنی پرکنم هدیه <u>اصحاب را</u>

ب. گفتم <u>گل بستان را</u> چنانکه دانی <u>بقایی گلستان را</u> وفایی نباشد.

له (٢_أ)دا مەبەست لە {اصحاب را} (برای اصحاب)ە، لە (٢_ب)یشدا فرێزی {گل بستان را} پەیکاڵی (به گل بستان)ەو {بقایی گلستان را}یش، هاوتای (برای بقایی گلستان)ە، بەڵام ئەمجۆرە بەکارهێنانە لە سەردەمەکانی دواتردا کاڵبووەتەوە، بەجۆرێک پارامیتەری پێشناوەکان لە سەرکۆتاییەوە بۆ سەرسەرەتا گۆڕاون. هەروەک (نعمت زاده، 1375، 3)ش بۆچوونی وایە "زمانی فارسیی بە شێوەیەکی گشتیی، سەرسەرەتایە." هاوکات بڕوانە (معین زاده، 1384، 134-135)

وێڕای ئەو بۆچوونانەی لەبارەی پارامیتەرەوە لە زمانی فارسییدا خرانەڕوو، بەڵگەو تاقیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە نیشاندەدەن، کە زمانی فارسیی، دوو پارامیتەریی پەیڕەودەکات، هەروەک (مەعرووف، 2020، 32)یش لەبارەی پارامیتەری سەری ڕێزمانیی زمانی فارسییەوە پێیوایە (دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت، زمانەکە دوو پارامیتەری بێت، یان هەنگاو بۆ ئەوە بنێت)، بە بەڵگەی ئەوەی (أ) لەلایەک "زمانی فارسیی زمانێکی سەرکۆتایە، واتە ڕێسای سەرکۆتایی جێبەجێدەکات" (قادر، 2015، 76)، بەوپێیەی سەرە پڕۆژەسازدەرەکان لە دروستەکانی ( VP, AP, NP, TP, AGRP)و تەنانەت لە فرێزی دیارخەریی ئەرکیی (FDP)یشدا، جێکەوتەی کۆتایی فرێزەکە دەگرن، وێڕای ئەوەی لە فرێزی دیارخەریی فەرهەنگییشدا، ئەوانەی پڕۆژەی وشە نیشانەکانن، بە هەمانشێوە گریمانەی سەرکۆتاییبوونیان دەکرێت، چونکە "پێشبینیی ئەوە دەکریت، کە پاشماوەی نیشانەکە (Ø) بێت و لە کۆتایی فرێزەکەدا هەبێت". (سەرچاوەی پێشوو،79)، سەربارى ئەوەی، دەتوانرێت لەگەڵ نیشانەی نەناسراویی /یک/دا، مۆرفیمی /_ی/ی نەناسراویی لە کۆتایی تەواوکەرەکەدا بەکاربهێنرێت. (کامیار و دیگری، 1398، 69)، دەکرێت ئەمەش وەک پاساوێک بۆ پاراستنی ڕێسای سەرکۆتایی زمانەکە، لێیبڕوانرێت. (ب) لەلایەکی دیکەوە، ئەو فرێزانەی پڕۆژەی سەرە ڕێزمانییەکانی (ژمارە، ڕادە، تاکبەندەکان، پلەی باڵای ئاوەڵناو)ن، بەوپێیەی سەرەکان جێکەوتەی سەرەتای فرێزەکان دەگرن، زمانەکە پارامیتەری سەرسەرەتا پەیڕەودەکات. (بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی نموونەکانی هەردوو جۆری پارامیتەر، بڕوانە وەچەپاری (٤/٣)ی نامەکە.

## ٣/٣) مەودای فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا

لە زمانی فارسییشدا بە هەمانشێوەی زمانی کوردیی، دیاریکردنی مەودای فرێزی فەرهەنگیی، وابەستەی جۆری کەتیگۆریی و ئەو دۆخانەیە، کە سەرە فەرهەنگییەکان دەیدەن، وەک لە پێشتردا ئاماژەیپێدرا، بەپێی بنەماکانی تیۆری دۆخ، مەرجە هەر تەواوکەرێک لەلایەن سەرە دۆخدەرەکەیەوە، دۆخی پێبدرێت. پێدانی دۆخیش لەلایەن سەرە فەرهەنگییەکانەوە بەپێی جێکەوتەیە، چونکە لە فرێزە فەرهەنگییەکاندا تەواوکەرەکان بە سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکانەوە پەیوەستن، بۆیە پێدانی دۆخ تێیاندا، لەڕێی ڕێککەوتنەوە ڕوونادات. بڕوانە (٤/٢)

## ٤/٣) فرێزو جۆرەکانی بەپێی چەشنی سەرە لە زمانی فارسییدا

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە (سەرە) دەکرێتە سەنگی محەک بۆ دیاریکردنی جۆری فرێزەکان و لەڕێیەوە چەشنەکانی فرێزی فەرهەنگیی و فریزی ئەرکیی، لەیەکجیادەکرێنەوە، بەجۆرێک لە فرێزی فەرهەنگییدا، سەرە کەرەستەیەکی فەرهەنگیی و لە فرێزی ئەرکییشدا، سەرە کەرەستەیەکی ئەرکیی دەبێت. هەروەک ئاماژە بەوەش درا، کە سەرە ڕێزمانییەکان توخمەکانی (C°,Agr°,T°,D°,V°,P°,A°,N°) دەگرنەوە، لەناویشیاندا تەنها سەرە ڕێزمانییەکانی (P°,V°,N°,A°)، سەری دۆخدەرن و دۆخ بە تەواوکەرەکانیان دەدەن. بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر، بڕوانە (٤/٢)

## ١-٤/٣) ناو و فرێزی ناویی لە زمانی فارسییدا

بەگشتی لە زمانەکاندا هەندێک نیشانە/ مۆرفیم هەن، کە تایبەتن بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی ناو و بەهۆیانەوە پۆلەڕەگەزی ناویان پێدەناسرێتەوە، بۆ نموونە مۆرفیمی /the/ لە زمانی ئینگلیزییدا، کە فۆرمی وشەی هەیەو نیشانەی /ال/یش لە زمانی عەرەبییدا، پەیوەست بە دەوروبەری شکانەوەی کەتیگۆریی (ناو)ەوە گۆدەکەن، بەڵام پەیوەست بە زمانی فارسییەوە، (ناو نیشانەیەکی تایبەت و ئاشکرای نییە، کەچیی ئەگەر ناوەکە _کەرەستەکە_، گۆکردنە جیاوازەکانی وەک بکەر، بەرکار، دەرخەر، دەرخراو .....ی لە ڕستەدا هەبێت، ئەوە هەڵسوکەوتی سینتاکسییانەی ناوی لەگەڵدا دەکرێت). (کامیار و دیگری، 1398، 67)، بەوەش گۆکردنە سینتاکسییەکەی، دەبێتە پێوەر لە دیاریکردنی پۆلەڕەگەزەکەیدا.

بە گشتی لەبارەی پەسنکردنەکانی فرێزی ناویی لە زمانی فارسییدا، زۆرینەی زمانەوانان جەختیان لەوە کردووەتەوە، دروستەکە ناوێک، یان جێناوێکە، کە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە پێکدەهێنن

و کەرەستەی خورتیین، هەمبەر بەوە، دەرخەرەکانیان بە کەرەستەی سەرپشکیی داناوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەوبارەیەوە، بڕوانە (رحیمی، 1389، 143)، (مشکوه الدینی، 1370، 146)، (حق شناس و دیگران، 1381، 92)، (حق شناس و دیگران، 1382، 67)، (دابرولسکی و دیگری، 1389، 211)، (سمیعی، 1387، 139)

هەر پەیوەست بە فرێزی ناوییەوە، لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتری زمانی فارسییدا، هاوشێوەی زمانی کوردیی، هەندێک لە کەرەستەکانی وەک (وشەی نیشانە، ئاوەڵناوی ژمارە، ڕادە)، بە دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناویی دادەنران، بەجۆرێک کە هەمیشە لە پێش سەرەی فریزە ناوییەکەوە دێن و تایبەتمەندییەکانی ناوەکە دەردەخەن. بڕوانە نموونەکانی (٣). کەچیی دواترو لە گەشەی تیۆری X-bar دا، هەریەکە لەو کەرەستانە، بە دیارخەر هەژماردەکرێن و هەڵسوکەوتی سینتاکسییانەی سەریان لەگەڵدا دەکرێت، چونکە ناوە گشتییەکان خۆیان بە تەنها توانای گۆکردنی فرێزیان نییە، بەڵکو (أ) ئەو دیارخەرانە، ڕێگەپێدانی سینتاکسییانە بۆ ناوەکان دەڕەخسێنن، بەوەش ناوە گشتییەکان بەهۆی ئەم دیارخەرانەوە دەبنە فرێز، (ب) بەپێی خاڵی (أ)، هەریەک لە توخمەکانی /این، دوو، بعضی/، ڕۆڵی سەرە لە دروستەی فرێزەکەدا دەبینن و دەرکردەی پرۆسەکەش، لە جۆری فرێزی دیارخەریی DP دەبێت. (رضائی، 1390 ،41)

٣_أ. {این دختره} (ئەم کچە)

ب. {دوو بچە} (دوو منداڵ)

پ. {بعضی بچە} (هەندێک منداڵ)

هەر لەمڕووەوە لە زمانی فارسییدا، هەندێک لەو کەرەستانەی وەک دەرخەری دواوەی فرێزی ناویی دیاریکرابوون، بریتیبوون لە /_ی/ی نیشانەی نەناسراویی، نیشانەی کۆ، (کامیار و دیگری، 1398، 87) بڕوانە نموونەکانی (٤)، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی بۆچوونەکانی دواتر، هەریەک لەو کەرەستانە، بە سەری ڕێزمانیی دروستەی فرێز هەژماردەکرێن، بڕوانە /_ی/، لە (٤_أ)و /_ها/ لە (٤_ب)دا، وەک سەری ڕێزمانیی فرێزی دیارخەریی و {بزرگ}یش لە (٤_پ)دا، وەک سەری ڕێزمانیی فرێزی ئاوەڵناویی گۆدەکەن. بڕوانە (قادر، 2015، 77، 78)

٤_ أ. {مردی} (پیاوێک)

ب. {کتابها} (کتێبەکان)

پ. {مرد بزرگ} (پیاوی گەورە)

### ٤/٣-١-١) بەفرێزبوونی ناوی گشتیی لە زمانی فارسییدا

لە کاتێکدا تیۆری X-bar بوونی سەرو تەواوکەر دەکاتە مەرجی ڕوودانی هەر فرێزێک، بۆیە بۆ هەر سەرێک، پێویستە ناواخنێکی فەرهەنگیی لەئارادابێت، ئەوکات X,Y یەکە پێکەوە پەیوەندییە سینتاکسییەکەی فرێز ڕێکدەخەن، کەچیی ناوە گشتییەکان لە زمانی فارسییدا، بە تەنها توانای گۆکردنی فرێزیان هەن، ئەمەش ئەو بنەمایەی تیۆرییەکەی پێشێلکردووە. پاساوی زانستیی ڕوودانی سینتاکسییانەی ناوە گشتییەکان لە زمانی فارسییدا ئەوەیە، کە "ئەگەر ناو دیارخەریش وەرنەگرێت، هەر فرێزێکی ناوییە، چونکە بە قورساییخستنەسەر دەتوانرێت دیارخەرێک یان چەند دیارخەرێک بۆ ناوەکە بهێنرێت" (کامیار ودیگری، 1398، 67). ئەوکات (أ) لەلایەک هێز جێگرەوەی دیارخەری دەرنەبڕاو دەبێت، بڕوانە (٥_أ، ب)و هێڵکاریی (١)، (ب) لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی، ئەو ناوانە لە ناواخنیاندا هەڵگری زانیارییەکی چەسپاون، بۆیە بە تەنهاو بێ تەواوکەر، دەرفەتی گۆکردنی سینتاکسییانەی فرێزیان دەبێت، بڕوانە (٥_پ) و هێڵکاریی (٢). جێی ئاماژەیە، لێکۆڵینەوەکە کار بە بۆچوونی دووەم دەکات و بۆ شیکردنەوەی نموونەکان پەسەندیدەکات/ پشتیپێدەبەستێت، چونکە لە پارەکانی دواتردا، دیارخەرەکان بە سەری ڕێزمانیی بەرهەمهێنانی جۆرێکی دیکەی فرێز دادەنێت، جیاواز لە فرێزی ناویی. هەر لەمڕووەوە ناوە گشتییەکان، کە وەک سەرە بەشداریی دروستەی فرێزێکی ناویی دەکەن، (ناوی گشتیی ناسراو، ناوی گشتیی [+کۆنکرێت]، ناوی گشتیی [_کۆنکرێت] دەگرنەوە (کامیار و دیگری، 1398 ،91). بەوپێیەو پەیوەست بە خاڵی (أ)ەوە، ڕێگە بە ناسراوکردنی ئەو ناوانە نادرێت، کە بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە بوون بە فرێز. شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە دەشێت فرێزی ناویی، تەنها لە ناوێکی گشتیی پێکهاتبێت، ئەویش بە پابەندبوون بەو مەرجانەی بۆ بەفرێزبوونی لەئارادان، بڕوانە (٦/٢_١_١)

| | | |
|---|---|---|
| ٥_ أ. مار خزنده است. | مار خشۆکە. | ناوی گشتیی [+ کۆنکرێت] |
| ب. نیرو در وحدت است. | هێز لە یەکگرتندایە. | ناوی گشتیی [ - کۆنکرێت] |
| پ. بهشت جاودانی است. | بەهەشت نەبڕاوەیە. | ناوی گشتیی ناسراو |

هێڵکاریی (١)




هێڵکاریی (٢)




## ٣/٤-١-٢) بەفرێزبوونی ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ لە زمانی فارسییدا

لە زمانی فارسییدا، هەرچەندە ناوی تایبەتیی و جیناوی کەسیی سەربەخۆ، وشەی سەربەخۆی ناو فەرهەنگن، بەڵام گرنگە بپرسین، ئایا لە زمانی فارسییدا، ناو، یان جێناوی کەسیی سەربەخۆ، بە تەنها توانای گۆکردنی فرێزی ناوییان هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەکرێت پشت بە بۆچوونی زمانەوانانی زمانی فارسیی ببەستین، کە زۆرینە، بوونی ناو، یان جێناویان لە دروستەی فرێزی ناوییدا بە خورتیی داناوە، لە بەرامبەریشدا دەرخەرەکانی پێش و دوای سەرەیان بە سەرپشکیی داناوە. کەواتە هاوشێوەی زمانی کوردیی، دەکرێت ئەو توخمانە بەهۆی جێکەوتەوە، گۆکردنی فرێزی

ناوییان هەبێت. بەڵگەش بۆ بەفرێزبوونی ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ ئەوەیە، کە (دەتوانن جێکەوتەی بکەر، یان بەرکار لە ڕستەدا بگرن.) (فرامکین و دیگران ،1387، 146). بەوپێیە (جێناوە سەربەخۆکان بەگشتیی دەتوانن لە جێکەوتەی فرێزی ناوییدا بەکارببرێن، ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی، کە فرێزە ناوییەکان یەکەیەکی ڕێزمانیین). (اگریدی و دیگران، 1386). بڕوانە (٦)

٦_أ. افروز رفت.     (ئەفرۆز ڕۆشت.)
ب. او آمد.        (ئەو هات.)

لە ڕاستییدا هەبوونی نیشانەی [+ناسراویی] لە هەردوو توخمەکەداو گۆکردنیان لە جێکەوتەی فرێزدا، مەرجی بەفرێزبوونیان وەک DP مسۆگەردەکات، چونکە بوونی نیشانەی [+ ناسراویی]، هەمان ئەو نیشانەیەیە، کە دیارخەر بە فرێزێکی ناویی دەبەخشێت و بەهۆیەوە فرێزێکی دیارخەریی بەرهەمدێت. بڕوانە (٧-أ،ب) و هێڵکاریی (٣)

٧_ أ. سارا خوابیده. ~ دختره خوابیده.     (سارا خەوتووە. ~ کچەکە خەوتووە.)
ب. من او را دیدم.     (من ئەوم بینی.)
پ. شیراز شهری قدیم است.     (شیراز شارێکی دێرینە.)

لە نموونەکانی (٧،أ.ب) دا، (ناوی تایبەتیی کەس، جێناوی سەربەخۆ)، بە هەمانشێوەی زمانی کوردیی، بە تەنها گۆکردنی فرێزیان هەیە، چونکە وەک گوترا، ئەو توخمانە، نیشانەی ناسراوییان تێدایە و هەر بەو نیشانەیەشەوە توانای گۆکردنی فرێزیان دەبێت، بۆیە ڕێگە بە دروستەکانی {*ساراکە، سارایەک، ساراکان}، {*منەکە، منێک، منەکان} نادرێت، بەڵکو ئەم توخمانە هاوشێوەی ناوە گشتییەکان، بە دەرکەوتنیان لە جێکەوتەی بکەردا، گۆکردنی فرێزی ناوییان دەبێت، بەڵام پێویستە ئەوە بگوترێت، کە لە (7،پ)دا ناوی تایبەتیی شوێن جیاوازە لە ناوی تایبەتیی کەس و جێناوی سەربەخۆ، واتە بە تەنها نییە، بەڵکو لە دروستەی قوڵیدا تەواوکەرێکی دەرنەبڕاوی لەگەڵە، بۆیە فرێزەبەرهەمهاتووەکە لەچەشنی فرێزێکی خستنەپاڵی ناوییان دەبێت نەک فرێزێکی دیارخەریی .

هێڵکاریی (٣)




## ٣/٤-١-٣) فرێزی خستنەپاڵی ناویی لە زمانی فارسییدا

لە زمانی فارسییدا، "هاوشێوەی زمانی کوردیی، فرێزی ناویی پڕۆژەی ناوەکانەو لە دروستەیەکی خستنەپاڵی ناوییدا خۆی دەنوێنێت" (قادر، 2015، 76). ناوەکان وەک توخمێکی پرۆژەسازدەر، دەبنە سەری ڕێزمانیی فرێزی ناویی، هەربۆیە "ناوکی فرێزی ناویی (NP)، بریتییە لە ناو (N)ێک" (هادسن، 1382، 128)، ناوەکانیش لە چەشنی ناوی تایبەتیی (کەس و شوێن)ن، وێڕای جێناوی سەربەخۆش، کە هەمان گۆکردنی ناوی دەبێت. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (٨)و نواندنیان لە هێڵکاریی (٤)دا.

٨_ أ. {چشم <u>او</u>} (جێناوی سەربەخۆ)

ب. {دیوان <u>خیام</u>} (ناوی تایبەتیی کەس)

ب. {شهر <u>اصفهان</u>} (ناوی تایبەتیی شوێن)

هێڵکاریی (٤)




ئەو ناوانەی، بەشداریی لە بونیاتنانی دروستەی فرێزی ناوییدا دەکەن، لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیاندا، تەواوکەرێکی سینتاکسیی لە جۆری DP هەڵاوێردەکەن. لە زمانی فارسییدا، بە گشتی پێنج جۆر فرێزی خستنەپاڵی ناویی جیاکراونەتەوە، ئەوانیش فرێزەکانی (خستنەپاڵی خاوەنداریی، خستنەپاڵی تایبەتی (تخصیصی)، خستنەپاڵی بیانی (ئاشکرا)، خستنەپاڵی شوبهاندن (تشبیهی)، خستنەپاڵی داواکراو (استعاری)ن. (بهار و دیگران، 1343، 34-35)، کە لە هەریەکێکیاندا، نیشانەی (کەسرە) ئەرکی دانەپاڵی ناوەکان دەبینێت. بڕوانە (٩)

٩_أ. {خانه بهمن} (خانووی بەهمەن)
ب. {زین اسب} (زینی ئەسپ)
پ. {انگشتر طلا} (مستیلەی ئاڵتون)
ت. {تیر مژگان} (تیری برژانگ)
ج. {دست روزگار} (دەستی ڕۆژگار)

## ٢-٤/٣) ئاوەڵناوو فرێزی ئاوەڵناویی لە زمانی فارسییدا

هاوشێوەی زمانی کوردیی، ئاوەڵناو پۆلەڕەگەزێکی زمانی فارسییەو بە زانیارییە شاراوەکانییەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە. "فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی پرۆژەی ئاوەڵناوەکانەو تێیدا ئاوەڵناو دەکەوێتە کۆتاییەوە" (قادر، 2015، 77). ئاوەڵناو جیاواز لە هەر کەتیگۆرییەکی تر، هەمیشە لەگەڵ ناوێک، یان فرێزێکی ناوییدا دێت و پەسنیدەکات. بڕوانە نموونەی (١٠) و هێڵکاریی (٥). بەوەش ئاوەڵناو پێویستی بە تەواوکەرێکە تاوەکو لە سینتاکسدا بشکێتەوەو فرێزێکی ئاوەڵناویی لە چەشنی $A^-$ دروستبکات.

لەمەوە "ئاوەڵناو وەک دەرخەرێکی ناو بە بێ ناو هیچ گۆکردنێکی نییە." (مەعروف، 2010، 60)، واتە "ئاوەڵناو هەرگیز بە تەنها دەرکەوتنی سینتاکسیی لە جێکەوتەی فرێزدا نابێت، بەڵکو هەمیشە بە ناواخنەکەیەوە پڕۆژەکانی ⁻A تێردەکەن. ئەو پڕۆژانەش، کە بەرهەمی توخمی فەرهەنگی °A ن، لە هەر هەنگاوێکدا بەهۆی تیۆری X-barەوە دەنوێنرێن." (سەعید، 2019، 87)

١٠_ {مرد دانا} (پیاوی دانا)

هێڵکاریی (٥)




سەبارەت بە دروستەی فرێزی ئاوەڵناویی، لە زمانی فارسییدا ناوو ئاوەڵناوەکە بەهۆی کەسرە (ـِـ)ی دانەپاڵەوە دەدرێنەپاڵ یەک، کەسرەکەش تەنها لە کاتی دەربڕیندا فۆنەتیکییانە هەستپێدەکرێت، واتە بەرجەستەکردن/ نواندنێکی فۆنۆلۆژییانەی نییە، وەک {مادر مهربان}، ئەمە جگەلەوەی لە هەندێک حاڵەتدا، کەسرەکەش گۆکردنە فۆنەتیکییەکەی نامێنێت و دەرنابڕدرێت. ئەویش کاتێک ڕوودەدات، کە فرێزە ئاوەڵناوییەکە نیشانەی ناسراویی وەرگرتبێت، بەمشێوەیە دەخرێتەسەر شێوازی دەستەواژیلەیەکی ئاوەڵناویی و ئەوکات نیشانەکە وەردەگرێت وەک [[دختر بزرگ]ه] ~ [[کچە گەورە]کە]، هەروەها کاتێکیش ناوەکە کۆتایی بە پیتێکی بزوێن هاتبێت، ئەوکاتە (e)ی دانەپاڵەکە نامێنێت، بەڵام (y)ی ویقایە_ پارێزگاریی_ دەمێنێتەوە، وەک {خانەی بزرگ، عبای پشمی، موی سفید}، بەمپێیە لەنێوان سەرو تەواوکەرەکەدا نیشانەی (e) دەردەبڕدرێت: {مرد پیر (mard-e pir)} (وحیدیان، 1343، 47)، واتە نیشانەی (e)/ (ـِـ) ڕۆڵی مۆرفیمی خستنەپاڵی سینتاکسیی لە دروستەکەدا دەبینێت، بەمەش فرێزێکی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی بەرهەمدێت، کە تێیدا ئاوەڵناوەکە وەک سەری ڕێزمانیی و کەتیگۆرییەکی حوکمکەر لەڕێگەی نیشانەی (ـِ)ەوە، حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات و دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵی پێدەدات، ئاراستەی دۆخ پێدانەکەشی بەپێی ڕێسای سەرکۆتایی، لە چەپەوە بۆ ڕاست دەبێت. بڕوانە (١١)

١١_ {زن باهوش} (ژنی بەئاگا)

جێی سەرنجە، کەسرەی دانەپاڵ لە دروستەی ئەم چەشنە فرێزەدا، بەپێی ژینگە فۆنەتیکییەکەی دەگۆڕێت، کە دەکرێت یەکێک لەم شێوانەی هەبێت ( e((ـِـ))، ye ((ی ـِـ))، ve ((وـِـ)))، بە جۆرێک گەر لە دوای دەنگی نەبزوێنەوە هات، لە شێوەی ((ـِ))دا دەبێت و گەر لە دوای دەنگی بزوێنیشەوە هات، ئەوا لە شێوەی ((ی ـِـ)) [ye ]دا دەردەکەوێت، هەروەک لە دوای پیتی دەنگدار/ڤاوڵی / o / ow((ـُــ))یشەوە، پێدەچێت یەکێک لە شێوەکانی [ ye ]((ی ـِـ))، یان [ ve ] ((وـِـ)) ی هەبێت. (مشکوه الدين، 1370، 173). بڕوانە (١٢)

١٢_ أ. {کتاب نو} (کتێبی تازە)

ب. {خدای بزرگ} (خودای گەورە)

پ. {حو سیاه/ حوی سیاه} (ژنی ڕەش)

لە شیکردنەوەی نموونەکانی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە زمانی فارسییدا، مۆرفێمی دانەپاڵ لە شێوەی کەسرە (ـِـ)ی زمانی عەرەبیدا دەردەبڕدرێت، بەجۆرێک لە ڕێنووسدا وێنەی نییە، بەڵکو تەنها نیشانەی هەیەو لە کاتی دەربڕینیشدا فۆنەتیکییانە هەستپێدەکرێت، زۆرجاریش ڕەنگە ئەو کەسرەیە لە شێوەی دەنگێکی دیکەدا دەربڕدرێت، ئەویش پەیوەندیی بە فۆنیمی کۆتایی وشەکەوە هەیە پەیوەست بە ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەوە، کەواتە سەبارەت بە مۆرفیمی دانەپاڵ، "لە زمانی فارسییدا زیاتر گۆڕانەکان پەیوەستن بە جیاوازیی ژینگەی فۆنۆلۆژییەوە، واتا دوادەنگی ناوە دەرخراوەکە بڕیار لەسەر وەرگرتنی جۆری مۆرفێمەکە دەدات" (حەمید، 2015، 136). ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت ئەوەیە، کە، زمانی فارسیی زمانێکە "گرنگی بە دەنگەکانی ئاخاوتن لەڕووی فیسیۆلۆجییەوە دەدات، کە کەرەستە بنەڕەتییەکەی دەنگەو سروشتی (باری بیستن و گۆکردن)ی ئەو دەنگانەیە، کە مرۆڤەکان بەرهەمیاندەهێنن و لە کاتی قسەکردندا دەریاندەبڕن و لە کەرەستەیەکی ئەبستراکتەوە دەبنە کەرەستەیەکی کۆنکرێتی و گوێگر هەستیانپێدەکات." (عەلی، 2015، 7)

زۆرجار لە دروستەی ئەم چەشنە فرێزەدا، نەبوونی مۆرفێمی دانەپاڵ لەنێوان سەرو تەواوکەردا، ئاستەنگ بۆ خوێنەر، یان وەرگێڕ دروستدەکات، چونکە هەرچەندە نیشانەی کەسرە (ـِـ) وەکو مۆرفێم دەدرکێنرێت و دەخوێنرێتەوە، بەڵام وەک گوترا "مۆرفیمی دانەپاڵ لە ڕێنووسدا هیچ نیشانەیەکی نییە" (حمید، 2015، 136)، بۆیە لەو کاتەدا دەشێت ڕۆڵی ئاوازە لەبەرچاوبگیرێت بەوەی، کە ئایا هێزی قسەکردن دەکەوێتە سەر چ بەشێکی فرێز/ دەستەواژەکە، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەک <یک مهمان تازه آمده است.>دا، دەکرێت بەهۆی قورساییخستنەسەر و جیاوازیی خوێندنەوەکەیەوە، دوو واتای جیاواز بگەیەنێت، بەوەش دەکرێت ڕستەکە بە دوو دروستەیی هەژماربکرێت. بڕوانە (١٣)

١٣_أ. یک مهمان تازه آمده است.     (میوانێک، تازە هاتووە.)

ب. یک مهمان تازه آمده است.     (میوانێکی تازە هاتووە.)

ئاوەڵناوەکان لە زمانی فارسییدا بە هەمانشێوەی زمانی کوردیی، پلەدارن، واتە "لە پێشەوە بە ڕادە (پلە)و لە دواشەوە بە مۆرفیمی پلەی بەراورد /-تر/ و مۆرفیمی پلەی بالا /-ترین/ دەردەخرێن." (Noel Burton-Roberts, 1997, 64) لە (مەعروف، 2010، 58) وەرگیراوە، بڕوانە (١٤)

١٤_ {بسیار بلند، بلندتر، بلندترین}

هەر لەم ڕوانگەیەوە، لە هەردوو زمانی کوردیی و فارسییدا، ڕادە و پلەی بالا لە فرێزێکی ئاوەڵناوییدا پێکەوە دەرکەوتنیان نابێت، هەمبەر بەوە، ڕادە و پلەی بەراورد پێکەوە ڕوودەدەن. بڕوانە (١٥_أ،ب)

١٥_أ. *خیلی بهترین شما     (*زۆر باشترینی ئێوە)

ب. خیلی بهتر از شما     (زۆر باشتر لە ئێوە)

هەروەکچۆن ئاوەڵناو بە تەنها هیچ گۆکردنێکی سینتاکسیی نییە، بە هەمانشێوەش ئەو وشانەی پلە نیشاندەدەن وەک /بسیار، خیلی،...‌/، هەروەها مۆرفیمەکانی پلەی بەراوردو بالا /_تر، _ترین/، بەبێ ئاوەڵناو گۆناکەن، بەوپێیەی تایبەتن بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناو، بۆیە دەرکەوتنیان بە هاتنی ئاوەڵناوەکەوە پەیوەستە. بڕوانە (١٦)

١٦_أ. {خانه بسیار بزرگ}     (ماڵی زۆر گەورە)

ب. {خانه بزرگتر}     (ماڵی گەورەتر)

پ. {بزرگترین خانه}     (گەورەترین ماڵ)

لە (١٦_أ)دا {بسیار} و لە (١٦_ب)یشدا /-تر/، بوونەتە دەرخەری فرێزە ئاوەڵناوییەکەی {بزرگ}و پێکەوە بوونەتە سەرەی فرێزێکی ئاوەڵناویی. هەروەها (ئاوەڵناوی پلەی بالا وەک فۆرمە فەرهەنگییەکەی، ناوێک بە تەواوکەر دیاریدەکات، لە ئاڕاستەی حوکمکردندا هەڵسوکەوتی پێشناوەکان دەکات.) (مەعروف و ئەوی تر، 2011، 414)، بەوەش {بزرگترین} لە (١٦_پ)دا ئاڕاستەی دۆخپێدانەکەی لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەبێت.

لە (١٦_پ)دا، {بزرگترین} لەلایەک پلەی بالای ئاوەڵناوەکەی بەرجەستەکردووە، بەوەش وەک سەری ڕێزمانیی فرێزی ناویی {خانه} گۆیکردووە، لەلایەکی تریشەوە لە کاتی دەربڕیندا مۆرفیمی دانەپاڵی کەسرە (ـِ) هیچ دەربڕینێکی فۆنەتیکیی نەماوە. لە نموونەکانی (١٦)دا دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناو جیاواز لە کەتیگۆریی ناو، توانای وەرگرتنی پلەی هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە دروست نییە،

بۆیە ڕێگە بە دروستەکانی (*مدیر مدرسەتر) (*بەڕێوەبەری خوێندنگاتر)، (*اتاق بسیار علی) (ژووری زۆر عەلی) نادریت.

سەبارەت بە شکانەوەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی لەناو فرێزی دیارخەرییدا، هاوشێوەی زمانی کوردیی، فرێزی ئاوەڵناویی لەناو فرێزی دیارخەرییدا ناشکێتەوە،، چونکە (ئاوەڵناوەکان هەرگیز دیارخەرەکانی ناسراویی و نەناسراویی و کۆ وەرناگرن.) (کامیار و دیگری، 1398، 79)، بڕوانە (١٧)

١٧_أ. *دختر بزرگە (کچی گەورەکە)

ب. *پسر باهوشها (کوڕی بەئاگاکان)

پ. {باغ بزرگها} (باخە گەورەکان)

ت. {اتاقی بزرگ} (ژوورێکی گەورە) ~ {اتاق بزرگی} (ژوورێکی گەورە)

ج. {مردهای بزرگی} (پیاوانێکی گەورە)

دروستەکانی (١٧_أ،ب) ڕێگەپێنەدراون، بەڵام وەک لە (١٧_پ)دا دیارە، ئەگەر ئاوەڵناوەکە مۆرفیمی ناسراویی، یان مۆرفیمی کۆی وەرگرت بەپێی سەرەوڕیزبوونی (ناو+ ئاوەڵناو+ مۆرفیمی ناسراویی، یان مۆرفیمی کۆ)، ئەوا لەم کاتەدا مۆرفیمی دانەپاڵی کەسرە (ـِ)، بە هیچ جۆرێک گۆکردنی فۆنەتیکییانەی نابێت. (وحیدیان، 1343، 47)، بەمەش ناوو ئاوەڵناوەکە دەخرێنەسەر شێوەی دەستەواژیلەیەکی ئاوەڵناویی، بەڵام ئەگەر شێوەی ئاوەڵناوێکی لێکدراوی وەرگرت و بوو بە لێکسیمێکی سەربەخۆی ناو فەرهەنگ، وەک /قدبلند/ (باڵابەرز)، ئەوکات مۆرفیمی ناسراویی و کۆ دەچنە کۆتایی ئاوەڵناوەکەوەو دەبێتە {قدبلندها} (باڵابەرزەکان)، بەڵام لە دروستەی قوڵی فرێزەکەدا تەواوکەرێکی دەرنەبڕدراو هەیە.

لە (١٧_ت)یشدا، مۆرفیمی نەناسراویی /_ی/ دەتوانێت بە دوو شێوەی جیاواز لەناو فرێزی ئاوەڵناوییدا دەربکەوێت، جارێک لە دوای تەواوکەرەکەوەو جارێکیش لە کۆتایی سەر/ ئاوەڵناوەکەدا، هەردوو جارەکەش هەمان واتای نەناسراویی دەداتە دروستەکە. (کامیار و دیگری، 1398، 79)، بەپێچەوانەی مۆرفیمی نەناسراویی لە زمانی کوردییدا، کە تەنها لەناو فرێزە ئاوەڵناوییەکەدا توانای شکاندنەوەی هەیەو ناتوانێت لە کۆتایی ئاوەڵناوەکەدا دەربکەوێت، بڕوانە {ژوورێکی گەورە} و بە {ژووری گەورەیەک} بەراوردیبکە، کە دوو دروستەی جیاوازیان هەن.

هەر لەمڕووەوە لە زمانی فارسییدا، ئەگەرهاتوو نیشانەی کۆ و نەناسراویی پێکەوە بخرێنەسەر فریزێکی ئاوەڵناویی، ئەوا نیشانەی کۆ لە دوای تەواوکەرو نیشانەی نەناسراوییش لە دوای ئاوەڵناوەکەوە دێت، وەک لە (١٧_ج)دا دیارە، لە کاتێکدا لە زمانی کوردییدا، هەردوو نیشانەی (کۆ و

نەناسراویی) پێکەوە دەچنە کۆتایی ناو/ تەواوکەرەکەوە، بۆیە ڕێگە بە دروستەیەکی وەک (*پیاوانی گەورەیەک) نادرێت، ئەمەش بە خاڵێکی دیکەی جیاوازیی نێوان هەردوو زمانەکە دادەنرێت.

فرێزی ئاوەڵناویی دەشێت فراوانبکرێت، بە جۆرێک ژمارەیەک ئاوەڵناو لە دوای ناوە دەرخراوەکەوە دێن، بەوەش ئەم چەشنە فرێزە پڕۆژەیەکی دانەخراوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، نیشانەی نەناسراویی /ـی/، دەکەوێتە کۆتایی ئاوەڵناوەکەوە، وەک >کتاب خوب بزرگ گرانی خریدم<. (کتێبێکی چاکی گەورەی گرانم کڕی.)، بەپێچەوانەوە لە زمانی کوردییدا، نیشانەی نەناسراویی هەر لەسەر تەواوکەر دەمێنێتەوە، بەوەش ڕێگا بە دروستەیەکی لە جۆری (*کتێبی چاکی گەورەی گرانێک) نادرێت. هەر لە دروستەی فرێزی ئاوەڵناوییدا، فرێزی پێشناویی لە توانایدایە لە دروستەی بەراورددا فرێزەکە فراوانبکات. وەک {بچە <u>بهتر از او</u>} (مندالێکی باشتر لە ئەو). لەوبارەیەوە، بڕوانە (مەعرووف، 2020، 24-25 )

## ٣-٤/٣) فرێزی پێشناویی لە زمانی فارسییدا

هەروەک پێشتر لە وەچەپاری (٢/٦_٣)دا ئاماژەیپێدرا، مەودای گۆکردنی فرێزی پێشناویی PP، تەنها سنوری فرێزی کردارییە، واتە PP یەکە لەناو بەشەکردار/ VP دا ڕوودەدات، هەروەک (مشکوة الدینی، 1370، 188-189) پێیوایە (دەکرێت فرێزی پێشناویی لە جێکەوتە جیاوازەکانی ڕستەدا دەربکەوێت، جگەلە شوێنی بکەر و نیهاد _بەشەبکەر_و بەرکار)، ئەگەرچی هەندێک تەواوکەر دروستەی PP یان هەن.

لە زمانی فارسییشدا هاوشێوەی زمانی کوردیی، پێشناوەکان بە ناواخنە فەرهەنگییەکەیانەوە گۆدەکەن، بەوەش وەک توخمێکی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەر لە توانایاندایە فرێزی پێشناویی بەرهەمبهێنن. کەواتە (پێشناو، ناوێک بە کردارەوە پەیوەستدەکات، لەم بارەشدا ناوەکە بەهۆی پێشناوەکەوە ڕۆڵی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت). (خیامپور، 1344، 99). دیارترینی پێشناوەکانی زمانی فارسیی، /بە، با، از، بو، تا، در، اندر، نزد، نزدیک، پیش، برای، روی، زیر، زبر، سوی، میان، پی،../ن (جواد، 1344، 193). بڕوانە (١٨)

ئەم چەشنە فرێزە، لە سەر/ P یەک و تەواوکەرێک پێکدێت، واتە X,Y پێکەوە فرێزێکی پێشناویی/ $P^-$ بەرهەمدێنن. نواندنە فەرهەنگییەکەی P°، یاسای P+[Y] جێبەجێدەکات، بڕوانە هێڵکاریی (٦)، کەواتە پێشناوەکان توخمی پڕۆژەسازدەرو سەری حوکمکەرن، بەجۆرێک حوکمی تەواوکەرەکەیان دەکەن و دۆخیشیان پێدەدەن، ئاڕاستەی حوکمکردنەکەشیان لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەبێت، بەپێچەوانەی هەندێک لە سەرە فەرهەنگییەکانی دیکەوە.

هێڵکاریی (٦)




به گشتیی پێشناوەکان له زمانی فارسییدا له ڕووی دروسته و پێکهاتەیانەوە جیاوازن، سادەکان /از، به، با، بر، بی، تا، جز (بجز)، چون، در، مگر،../ و ناسادەکانیش پێشناوەکانی /بجز، بهر، بَرِ، همچون، همچو/ دەگرنەوە. (فرشیدورد، 1394، 283)، بڕوانە (١٨)

١٨_ أ. {از تو} (له تۆ)

ب. {بجز تو} (بێجگەله تۆ)

هەریەکه لەو پێشناوانەی سەرەوە له فەرهەنگدا سەربەخۆ تۆمارکراون و وەکخۆیان دەهێنرێنه ئاستی بنەڕەت و ڕێسای سەرسەرەتا جێبەجێدەکەن. ئەمه جگەلەوەی (هەندێک کات پێشناو لەم چەشنه فرێزەدا لادەبرێت و فرێزێکی پێشناویی کورتکراوە پێکدێت، وەک {بوسیله، بنزدیک، در عقب، بتوسط، بپیش، در جلو، بسوی، درمیان، دربین، بدنبال، درپی،..} ،که دەبن به {وسیله، نزدیک، عقب، توسط، پیش، جلو، سوی، میان، بین، دنبال، پی،...} (سەرچاوەی پێشوو، 283)، بڕوانه پێشناوه هێڵ_بەژێرداهاتووەکان له (١٩)دا.

١٩_ أ. کاغذرا وسیله پست فرستادم. (نامەکەم له ڕێگەی پۆستەوە نارد.)

ب. او پیش ما نشته است. (ئەو لای ئێمه دانیشتووە.)

له کاتێکدا له زمانی کوردییدا (١٩_أ) ڕێگەپێنادرێت، کەچیی ڕستەیەکی وەک (١٩_ب) باوو ڕێگەپێدراوە.

پێشناوەکان له زمانی فارسییدا هاوشێوەی زمانی کوردیی، دەشێت ئەو تەواوکەرەی هەڵاوێریدەکەن، دروستەکەی له چەشنی (DP, AP, NP) بێت، که له (١٣)دا شێوازبەنددەکرێت، واته (ئەم چەشنه فرێزه دروستەیەکه، که به پێشناو دەستپێدەکات و تەواوکەرێکی تایبەت و دیاریکراوی نییە، بەڵکو دەکرێت دروستەی/ فرێزی ناویی، یان فرێزی ئاوەڵناویی، یان فرێزی دیارخەریی هەبێت). (سمیعی و دیگران، 1387، 141)

١٣) أ. P + [NP]  بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٢٠_أ) و هێڵکاریی (٧)
ب. P + [AP]  بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٢٠_ب) و هێڵکاریی (٧)
پ. P + [DP]  بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٢٠_پ) و هێڵکاریی (٧)

٢٠_أ. لباس را از شیراز دوختم.  (جلەکەم لە شیراز دوری.)
ب. خانەرا بە مرد ثروتمندی فروختم.  (خانووەکەم بە پیاوێکی دەوڵەمەند فرۆشت.)
پ. علی کتاب را از کتابفروشە خرید.  (عەلی کتێبەکەی لە کتێبفرۆشەکە کڕی.)

هێڵکاریی (٧)




بە گشتیی، فرێزە پێشناوییەکان لە ڕستەدا سەرپشکیین، بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٢٠)دا، جگە لەو PP یانەی گۆکردنی تەواوکەریان هەن، کە بوونیان لە ڕستەدا خورتییە. لەمەوە ئەو فرێزە پێشناوییانەی خورتیین، لابردنیان ڕستەکە ناڕێزمانیی دەکات، ئەوەش بۆ جۆری کردارەکە دەگەڕێتەوە، کە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا تەواوکەرێک لە جۆری PP هەڵگیراوە، بەوەش پەیڕەوی یاسای V+ [PP] دەکات، کەواتە ئەو کردارانەی لەم چەشنەن، "جگەلە بکەر،

پێویستیان بە فرێزێکی پێشناویش هەیە و بە کرداری (تێپەڕ بە تەواوکەر) (گذرا بە متمم) ناودەبرێن." (کامیار و دیگری، 1398، 17) بڕوانە (٢١) و وەچەپاری (٦/٢_٤_٤)

٢١_شهر شیراز بە علمای خود می نازد.   (شاری شیراز بە زاناکانی خۆیەوە شانازی دەکات.)

هەر پەیوەست بە پێشناوەکانەوە، ئەگەرچیی (لە زمانی فارسییدا، هەندێکجار کرتاندنی پێشناو لەناو دروستەی فرێزە پێشناوییەکەدا بە شێوەی سەرپشکیی گونجاوە، کەچیی پێشناو بە تەنها ناتوانێت جێکەوتەی فرێزی پێشناویی پڕبکاتەوە.) (عمادی، 1389، 49)وەرگیراوە لە (قادر، 2015، 80). بە دەربڕینێکی دیکە "ژمارەیەک لەو فرێزە پێشناوییانەی، کە گۆکردنی ئاوەڵکرداری شوێنییان هەن، دەتوانرێت پێشناوەکەیان لە کاتی بەکارهێناندا دەرنەبڕدرێت." (دبیر مقدم، 1388، 178)، بڕوانە (٢٢)

٢٢_أ. سارا دیروز <u>مغازه</u> بود.   (سارا دوێنێ <u>لە دوکان</u> بوو.)
ب. ژیلا رفت <u>مدرسه</u>.   (ژیلا ڕۆشت <u>بۆ خوێندنگا</u>.)

لە نموونەکانی (٢٢)دا، پێشناوەکان بە گواستنەوەیەکی سەرپشکییانە کرتێنراون، بەوەش هەردوو فرێزە تەواوکەرییەکەی {مغازە، مدرسە}، بە تەنها جێکەوتەی فرێزە پێشناوییەکانی {در مغازە، با مدرسە}یان پڕکردووەتەوە، هەرچەندە بەپێی تیۆری X-bar، هاتنی سەرە لە فرێزە پێشناوییەکەدا خورتییە، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە، کە "هێز جێگرەوەی دەرنەبڕینە لە زمانی فارسییدا" (قادر، 2015، 80)، کەواتە پاساوێکی زانستیی بۆ پێشێلنەکردنی بنەماکانی تیۆرەکە لەئارادایە. لە کاتێکدا لە زمانی کوردییدا، دروستەی (*سارا دوێنی دوکان بوو) ناڕێزمانییە، چونکە لە زمانی کوردییدا بە شێوەیەکی گشتی، تەواوکەر بە تەنها جێکەوتەی PP پڕناکاتەوە، مەگەر (ئەو ناوە ئاوەڵکردارییانەی، کە خۆیان هەمان نیشانەی پێشناوەکەیان هەیە، کە [+شوێن]ە، بۆیە ئەو ڕۆڵە ناوە ئاوەڵکردارییەکان بەهۆی قورسایی خستنەسەرەوە دەیبینن) (مەعروف، 2010، 67)، کەواتە بە مەرج ڕێگەپێدانی سینتاکسییانە بۆ گۆکردنی فرێزە تەواوکەرییەکەی PP لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەستەبەردەکرێت.

ئەو پێشناوانەی لە زمانی فارسییدا خرانەڕوو، بە پێشناویی سینتاکسیی دادەنرێن، سەبارەت بە پێشناوی فەرهەنگیی، کە لە زمانی کوردییدا بە فۆرمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە هەن و ڕۆڵیان لە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کرداردا هەیە، وەک /پێکردن، تێخستن، لێکردن/، لە زمانی فارسییدا نین، بەوەش لە زمانی فارسییدا ناوە کردارییەکان بەو فۆرمانەوە نین، کە لەڕێی (گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کردار)ەوە هەڵگوێزراون، بەمپێیە (کردارەکانی لەو جۆرانەی زمانی فارسیی، تەنها یەک دیوی

سینتاکسییان هەن و دیوی فەرهەنگییان نییە، کەواتە پێشناوە فەرهەنگییەکان لە زمانی فارسییدا، بە فۆرم جیانەکراونەتەوە، بەڵکو جیاکارییەکەیان تەنها لە سینتاکسدایە، نەک لە فەرهەنگدا، بەمەش زانیاریی ناو کردارەکان لە سینتاکسدا بەهۆی سترێسەوە دەردەخرێت، کە کردارەکە تەواوکەرێکی دیکەی لە جۆری تەواوکەری ناڕاستەوخۆ دەبێت.) (مەعرووف، چاوپێکەوتن، 2023/3/7). لێکەوتەی ئەمەش، نواندنی فەرهەنگیی و سینتاکسیی ئەو جۆرانەی کردارەکانی زمانی کوردیی و فارسیی لەیەکجیاوازن، ئەویش لەو ڕوانگەیەوەیە، کە کردارەکانی زمانی کوردیی، هەردوو دیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییشیان هەن و جیاوازییەکەش لە فەرهەنگدا بە فۆرم داڕێژراوە، کەچیی لە زمانی فارسییدا، تەنها دیوە سینتاکسییەکەی کردارەکان، دەرخەرو نیشاندەری جیاوازییەکانن. بڕوانە (٢٣)

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣_أ. من او را مرد دانستم. /دانستن/ | (من ئەوم بەپیاو زانی.) | /پێزانین/ |
| ب. من شما را می فهمم. /فهمیدن/ | (من لە تۆ تێدەگەم.) | /تێگەیشتن/ |
| پ. من او را پرسیدم. /پرسیدن/ | (من لە ئەوم پرسی) | /لێپرسین/ |

لە نموونەکانی سەرەوەدا، لەبەرئەوەی زمانی فارسیی، فۆرمی فەرهەنگیی بۆ پێشناوەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ نییە، بۆیە ناوە کردارییەکان لە فارسییدا، فۆرمی سادەیان بۆ داڕێژراوە، بڕوانە /دانستن: پێزانین/، /فهمیدن: تێگەیشتن/، /پرسیدن: لێپرسین/ و دروستەییانە بەراوردیانبکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەو پێشناوە فەرهەنگییانە، لە دروستەی قوڵی کردارەکاندا هەن.

## ٤/٣-٤) فرێزی کرداریی و دروستەکانی لە زمانی فارسییدا

### ٤/٣-٤-١) دروستەی بنەڕەتیی فرێزی کرداریی

لە زمانی فارسییدا، مەبەست لە دروستەی بنەڕەتیی فریزی کرداریی، ئەو کەرەستانەن، کە خورتیین و بەپێی ویستی ناواخنی کردارەکەو پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی، بەشداریی بەرهەمهێنانی دروستەی فریزی کرداریی دەکەن، ئەمەش ئەو کردارانە دەگرێتەوە، کە ئارگومێنت_داواکەرن، واتە بۆ تێرکردنی دروستەکانیان، پێویستیان بە تەواوکەرە، هەربۆیە کرداری فەرهەنگیی/ ڕەگ، بە ناواخنەکەیەوەو پاش جێبەجێکردنی ویستە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکانی، حوکمی فرێزێکی کرداریی دەبێت. بڕوانە (٦/٢_٤_١)

### ٤/٣-٤-٢) فراوانکردنی دروستەی فرێزی کرداریی

فراوانکردنی دروستەی VP، تەواوی ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کە خورتییانە وابەستەی جێبەجێکردنی پێویستییە سینتتاکسیی و سیمانتیکییەکانی دروستەکە نین، بەڵکو کەرەستەی سەربارن و بەوەش نابنە بەشێکی ناچاریی و بنەڕەتیی تێرکردنی دروستە/ پێکهاتەکە، بۆیە بە کەرەستەی سەرپشکیی ناودەبرێن، چونکە زانیاریی زیادەن و تەنها سیمانتیکییانە ڕۆڵیان لە پەسنکردنی لایەنێک، یان زیاتری فرێزە کردارییەکەیەدا دەبێت. بڕوانە (٦/٢_٤_٢)

### ٤/٣-٤-٣) فرێزی کرداریی لە زمانی فارسییدا

لە هەر زمانێکدا، فرێز گرنگترین بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستەیە، کە سەرەکیترینیان (فرێزی ناویی و فرێزی کرداریی)ن. لەناو بەشەکردارییشدا، فرێزی کرداریی گرنگترین پێکهاتەیە، کە لانیکەم لە (ڕەگی کردار، تاف، کەس) پێکهاتووە. (کامیارو دیگری، 1398، 32)، هەروەک (حق شناس، 1382، 143)یش دەڵێت: "فرێزی کرداریی، دروستەیەکە لە سەرەیەک و تەواوکەرێک، یان چەند تەواوکەرێک پێکهاتووە"

لە دروستەی فرێزی کردارییدا، کرداری فەرهەنگیی/ ڕەگی کردار، ناوکی دروستبوونی کردارە، واتە بەشێکی خورتییە لە دروستەکەداو سەرە ڕێزمانییەکەیەتی، بەوپێیەی زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکان لە ناواخنیدا هەڵگیراون. (ڕەگ گرنگترین بەشەپێکهێنی خورتیی و جێگیرە لە دروستەی فرێزی کردارییداو لە ڕوانگەی واتاییشەوە، هەڵگری واتای بنجیی کردارەکەیە). (ابراهیم جهرمی و دیگری، 1383، 159)، هاوکات (لە پێکهاتەی کرداری فەرهەنگییدا، ڕەگی کردار پرۆژەسازدەری فرێزە کردارییەکەیە، چونکە (أ) ڕەگی کردار زانیاریی سینتاکسیی و واتایی تێدایە. (ب) بەهۆی ڕەگەوە کەتیگۆرییەکانی فریزی کرداریی دیاریی و دەستنیشاندەکرێن، بۆیە ڕەگی کردارەکان دەبنە سەری VP (مەجید، 2016، 73)، هەروەک پەیوەست بە زانیارییە سینتاکسیی و سیمانتیکییەکانەوە چەند کردار هەبێت، واتای بوونی ئەوەندە فرێزی کرداریی دەگەیەنێت.

جێی سەرنجە، لە زمانی فارسییدا هەندێک ناوی کرداریی بەرچاودەکەون، کە (پێیاندەوترێت چاوگی بابەتیی، ئەویش مەبەست لەوەیە، کە لە بنچینەدا چاوگ نین، بەڵکو لە کۆتایی وشەیەکی فارسیی، یان عەرەبییەوە، مۆرفیمی /_یدن/یان پێوەلکێنرابێت. هەندێک لەو چاوگە عەرەبییانە وەک /طلبیدن، بلعیدن، فهمیدن/، لە زمانی فارسییشدا وەک /ترسیدن، جنگیدن، آغازیدن/، کە ئەمڕۆ لە خودی ئەو ناوە کردارییانەوە، فرێزی کرداریی بەرهەمدەهێنرێت). (قریب و دیگران، 1371، 216). بڕوانە (٢٤)

٢٤_أ. زنه رقصيد.		(رقصيدن: رقص كردن)	ژنەکە سەمایکرد.		(سەماکردن)

ب. من از خدا طلبيدم.	(طلبيدن: طلب كردن)	من داوام لە خودا کرد.		(داوالێکردن)

پ. ما با شما جنگيديم.	(جنگيدن: جنگ كردن)	ئێمە لەگەڵ ئێوەدا شەڕمانکرد. (شەڕکردن)

لە نموونەکانی (٢٤)دا، گەر مۆرفیمی /_یدن/ لە ناوە کردارییەکان بکرێنەوە، ئەوا فۆڕمەکانی /رقص، طلب، جنگ/ دەستدەکەون، کە هیچیان بە ڕەگ دانانرێن، بەڵکو وشەیەکی سەربەخۆی ناو فەرهەنگی زمانی عەرەبیی، یان فارسیین، کەچیی لە ناواخندا واتای ئەنجامدانی کارێکیان هەڵگرتووە. لە لایەکی دیکەوە ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە بەرهەمهێنانی ناوە کردارییەکان لە زمانی کوردیی و فارسییدا لەیەکجیاوازن، ئەویش لەوڕووەوە، کە لە زمانی کوردییدا بۆ دروستکردنی ناوە کردارییەکانی لە چەشنی (٢٤) (ئەوانەی کەرتی یەکەمیان وشەی بیانیین)، زیاتر ڕێگای لێکدان دەگیرێتەبەر و پێواژۆکە بەهۆی خستنەتەکی ناوە کردارییەکەی /کردن/ەوە جێبەجێدەکرێت، بڕوانە /مناقشە کردن، چات کردن، تطبیق کردن، منافسە کردن/، کەچیی لە زمانی فارسییدا هەردوو پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانەو لێکدانیش بۆ ئەو مەبەستە پەیڕەودەکرێن، بڕوانە /رقصیدن، طلبیدن، فهمیدن/ بۆ پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکە، کە بەهۆی پاشگر_لکاندنەوە ڕوویداوەو /رقص کردن، طلب کردن، جنگ کردن/یش بۆ پێواژۆی لێکدان. بۆ دەستخستنی نموونەی زیاتر لە زمانی فارسییدا، بڕوانە (دهخدا، 1372-1373)

ڕەگی کردار لە پەیوەندییە هەرەمییەکەیدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کە (أ) چ جۆرە فرێزێکی سینتاکسیی دەبێتە بەرکار/ تەواوکەرەکەی، (ب) بەرکار لەگەڵ کرداری تافداردا بکەر هەڵدەبژێرن، لەڕووی واتاییشەوە بە هەمانشێوەیە. (قادر، 2015، 80-81). لەم چەشنە فرێزەدا جگەلە کردار، کە بەشی سەرەکیی فرێزەکەیە، چەند کەرەستەیەکی دیکە لە پێکهاتەکەیدا هەن و وەک تەواوکەر دەچنە دروستەی فرێزە کردارییەکەوە، بوونی ئەو کەرەستانەش بەپێی ئەو زانیارییە سینتاکسییانە دەبێت، کە لە فەرهەنگدا ناواخنی ڕەگی کردارەکان دیارییاندەکەن، کەواتە کردارە فەرهەنگییەکانی زمانی فارسیی، بەپێی تیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن بۆ دوو یاسای فەرهەنگیی دابەشدەکرێن، ئەویش بەوپێیەی ئەوانی تر لە چێوەی دروستەی سینتاکسیی فرێزە کردارییەکەدا دەردەکەون. بڕوانە (١٤)، شێوازبەندکردنی یاسای فرێزی کرداریی لە زمانی فارسییدا.

١٤) أ– $VP / V^{-} \leftarrow [....] + V^{\circ}$

ب– $VP \leftarrow [DP, AP, NP] + V^{\circ}$

بەمپێیە ئەو کردارانەی، لەڕووی هێزەوە تێنەپەڕ (ناگذر/ لازم)ن، بێدۆخن و پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی (١٤_أ) دەکەن، بەوەش ئارگومێنت_داواکەر نین، هەربۆیە $V^{\circ}$ بە تەنها دروستەی فرێزە کردارییەکە تێردەکات و بونیاتیدەنێت، لەبەرئەوە دەشێت ئەمجۆرە بە سادەترین چەشنی فرێزی کرداریی ناوببرێت، چونکە "تێنەپەڕ کردارێکە، تەنها پێویستی بە بەشەبکەر هەیە." (کامیار و دیگری، 1398، 48)، بە دەربڕینێکی دیکە (کرداری تێنەپەڕ (لازم)، پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ نییە) (خیامپور، 1344، 64) بڕوانە (٢٥)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٨)دا.

٢٥_ أ. رو/ رف (ڕۆ)

ب. خواب/ خوابی (خەو)

هێڵکاریی (٨)




بە پێچەوانەوە لە زمانی فارسییدا ئەو کردارانەی لەڕووی هێزەوە تێپەڕ (گذرا)ن، پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی (١٤_ب) دەکەن، کە بەپێی یاسا فەرهەنگییەکە دەبێت تەواوکەرەکەی ناو بێت، بەڵام لە دروستە سینتاکسییەکانی فرێزەکەدا تەواوکەرەکە دەبێتە تەواوکەرێکی سینتاکسیی و لە سێ فۆڕمی جیاوازی (DP,AP,NP) دا دەردەکەوێت و لەلایەن ڕەگیشەوە دۆخیان پێدەدرێت، بڕوانە نموونەکانی (٢٦_أ،ب،پ) و نواندنیان لە هێڵکاریی (٩، ١٠، ١١ )دا.

٢٦_أ. نویس  (نووس)

ب. خور   (خۆر)

پ. خر    (کڕ)

هێڵکاریی (٩)




هێڵکاریی (١٠)



هێڵكاریی (١١)




هەر پەیوەست بە كرداره تێپەڕەكانەوە لە زمانی فارسییدا، بەپێی جۆری ئەو تەواوكەرەی هەڵاوێریدەكەن، سێ جورن "أ. تێپەر بە بەركار (گذرا به مفعول)، ب. تێپەڕ بە فرێزی پێشناویی (گذرا به متمم)، پ. تێپەڕ بە مسند (گذرا به مسند). (كامیار و دیگری، 1398، 48). بڕوانه نموونەكانی (٢٧)، هەروەها بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەوبارەیەوە، بڕوانه (جهرمی و دیگری، 1383، 165)

٢٧_أ. (تێپەڕ بە بەركار): علی روزنامه می خواند. (عەلی ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە.)

ب. (تێپەڕ بە مسند): حسادت زندگی ادمهارا نابود میكند. (حەسادەت ژیانی مرۆڤەكان وێراندەكات.)

پ. (تێپەڕ بە تەواوكەری بەیاریدە): آدمهای نیكوكاری را به جامعه بخشیدەایم. (مرۆڤانێكی چاكەكارمان بە كۆمەڵگا بەخشیوە.)

لە (٢٧_ب)دا كردارەكە فرێزی {وێراندەكات}ە، كە كرداره فەرهەنگییەكەی داوای تەواوكەرێك دەكات، تاوەكو دۆخی ئەكوزەتیڤیی پێبدات، هاوكات لە (٢٧_پ)یشدا، فرێزی پێشناویی {به جامعه} خورتیی و داواكراوە، بەوەش دۆخی ئەكوزەتیڤیی لەلایەن ڕەگی كردارەكەوە پێدەدرێت، فرێزی {جامعه}ش لە ناوەوە، لەلایەن پێشناوی /بە_/وە دۆخی داتیڤی وەرگرتووە.

گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، ئەگەرچیی گشت جۆرەكانی كردار بە تێپەڕو تێنەپەڕەوە، دەتوانن فرێزێك، یان چەند فرێزێكی پێشناویی بە شێوەی سەرپشكیی وەربگرن، بەڵام لەگەڵ هەندێك كرداردا، فرێزە پێشناوییەكە بەڵگەیی و داواكراو دەبێت، ئەوكات وێڕای بەركار، كە دروستەی DP /NP ی دەبێت، تەواوكەری دووەم دروستەی PP ی دەبێت، كەواتە هەردوو تەواوكەرەكە خورتیین و لابردنی هەریەكێكیان، ڕستەكە ناڕێزمانیی دەكات، (بەو جۆرە كردارانە، كە جگەلە بەركار، پێویستیان

به فرێزێکـی پێشـناوییش دەبێـت، دەگوترێـت (کـرداری تێـپەڕ بە تەواوکەری ڕاسـتەوخۆ و فرێـزی پێشناویی" (گذرا به مفعول و متمم ) (کامیار و دیگری، 1398 ،19، 49). بڕوانە (٢٨)

٢٨_أ. پرستار شیر را به بچه داد. (پەرستارەکە شیرەکەی بە منداڵەکە دا.)

ب. همدان را در قدیم اکباتان می نامیدند. (هەمەدانیان لە زەمانی زوودا بە ئاکباتان ناودەبرد.)

لە نموونەکانی (٢٨_أ،ب)دا، هەریەک لە فرێزە پێشناوییەکانی {بە بچە، اکباتان} خـورتیین و بەپێـی تیۆری X-barیش، هەر سەرێک تەنها لە توانایدایە یەک دۆخ بە تەواوکەرەکەی بدات، بۆیە کردارەکە ناتوانێـت لە هەمانکاتـدا دوو دۆخ بە فرێـزە پێشـناوییەکەو فرێـزە دیـارخەرییەکەش بـدات، لەبەرئەوە کرداره فەرهەنگییەکە دۆخی ئەکوزەتیڤی بە PP یەکە داوەو دواتـریش کـردار لە ئاسـتی $\bar{V}$دا، هەمـان دۆخ بە DP یەکە دەدات، ئەمە جگەلەوەی فرێزە پێشـناوییەکان خـاوەنی دۆخـی نـاوەکیین، بە جۆرێـک لەناو دروستەی PPیەکەدا، DPیەکان دۆخیان لە پێشناوەکانیانەوە وەرگرتووە.

هەنـدێک لە زمانەوانـان "ئـەو کۆمەڵـە کـردارە تێنەپـەڕانەی، کـە لەگـەڵ پێشـناودا بـەکاردێن، بـە کردارێکی (تێپەڕ بە فرێزی پێشناویی) (گذرا به مـتمم) نـاودەبەن "(انوری و دیگری، 1387، 65)، بۆنمـونە /مصاحبه کردن/ (گفتوگۆکردن)، کە پێویستی بە پێشناوی /با_/ هەیە، بڕوانە (٢٩)

٢٩_ خبرنگار با رئیس جمهور مصاحبەکرد. (پەیامنێرەکە لەگەڵ سەرۆککۆماردا گفتوگۆیکرد.)

لە زمـانی فارسـییدا، جیـاواز لە زمـانی کـوردیی (هەنـدێک کـردار هەن دەکرێـت دوو شـێوازی دەرکەوتنیان هەبێت، هەندێکجار لە شێوەی تێنەپەڕ (ناگذر) و هەندێکجاریش لە شێوەی تێپەڕ (گذرا)دا، ئەمانە بە کردارە دوانەییەکان (فعلهای دوگانە)، یان کردارە دووڕووەکان (فعل های دو وجهی)، یـاخود (ذو وجهین) نـاودەبرێن، واتە هەنـدێک کـات ئارگومێنت_داواکەرن و هەنـدێک کـاتیش پێویسـتیان پێـی نییە.) (سـەرچاوەی پێشـوو، 66-67). نمـوونەی جـۆری ئەو کـردارانەش وەک: {ریخـت، شکسـت، آموخـت، سـوخت، پخـت، پژمـرد...}، کە دەکرێـت ئەمە بە خـاڵێکی جیـاوازیی نێـوان زمـانی کـوردیی و فارسـیی دابنرێـت، چـونکە لە زمـانی کوردییـدا کردارێکـی لەو جـۆرە بەرچاوناکەوێت، کە بە هەمـان فـۆرمەوە جارێـک وەک تێپـەڕو جـارێکیش وەک تێنەپەڕ گۆبکـات. کەواتە (أ) لە زمـانی فارسـییدا، کردارەکـان بە هەمـان فۆڕمەوە بە گۆڕانی هێـزی کردارەکە لە تێنەپەڕەوە بـۆ تێپەڕ، ڕوودەدەن، ئەوکـات زانیـارییە سینتاکسـیی و واتاییەکـانی نـاواخنی کـردارەکە گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت، هەروەک گریمانەدەکرێـت گـۆڕانەکە بەهـۆی سـترێس/ قورساییخستنەسـەرەوە وەک جێگـرەوەی فـۆڕمدارشـتنی مۆرفۆلۆژییـانە ڕوودەدات. هاوکـات بەرجەسـتەکردنی نـاواخنی کـردارەکەش، بە کەتیگـۆریی سینتاکسـیی/ تەواوکەر،

دەنوێنرێن. (ب) کەچیی لە زمانی کوردییدا، بۆ گۆڕینی هێزی کردار لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، مەرجی دروستەیی_ گۆڕانی فۆڕم لەئارادایە، کە مۆرفۆلۆژییانە لەڕێی لکاندنی مۆرفیمی /_اندن/ەوە، لە فەرهەنگدا فۆرمی بۆ دادەڕێژرێت، بەوەش پەیوەست بە گۆڕینی هێزەوە، هەم فۆڕم و هەم زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکانیشی گۆڕانیان بەسەردا دێت، کە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی کردارەکەو دواتریش لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا، دەنوێنرێت/ نیشاندەدرێت. بڕوانە نموونەکانی (٣٠) کرداری تێنەپەڕ (لازم/ ناگذر)، هەمبەر بە نموونەکانی (٣١)، کرداری تێپەڕ (متعدی/ گذرا)و لەڕووی سینتاکس و واتاوە بەراوردیانبکە.

٣٠_أ. شیشە شکست. (شوشەکە شکا.)
ب. برگها ریخت. (گەڵاکان وەرین.)
پ. آب ریخت. (ئاوەکە ڕژا.)
ت. شاگرد آموخت. (قوتابییەکە فێربوو.)
ج. گل پژمرد. (گوڵەکە ژاکا.)

کرداری تێنەپەڕ (لازم/ ناگذر)

٣١_أ. علی شیشەرا شکست. (عەلی شوشەکەی شکاند.)
ب. باد برگهارا ریخت. (هەوا گەڵاکانی وەراند.)
پ. حسن آب را ریخت. (حەسەن ئاوەکەی ڕشت.)
ت. شاگرد درس را آموخت. (قوتابییەکە وانەکە فێربوو.)
ج. افتاب گل را پژمرد. (خۆرەکە گوڵەکەی ژاکاند.)

کرداری تێپەڕ (متعدی/ گذرا)

شایانی ئاماژەپێدانە، ئەگەرچیی کردارەکانی (٣٠، ٣١) هەمان فۆڕمیان هەن، بەڵام لە فەرهەنگدا بە دەروازەی زانیاریی جیاواز هەڵگیراون، هەرچەندە (کامیار و دیگری، 1398، 49) پێیانوایە "لە بەکارهێنانی ئەمجۆرە کردارانەدا، مەرجە گۆڕانی واتایی ڕوونەدات، بەڵکو پێویستە هەردوو فۆڕمە تێپەڕ و تێنەپەڕەکە لە کاتی بەکارهێناندا، هەمان واتایان هەبێت"، کەچیی جیاوازیی دەروازەی زانیارییان، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوەو دەبێتە بەڵگە بۆ جیاوازیی کرۆک و واتای کردارەکان. هەروەک هەندێک کردار، خاوەنی چەندین واتای جیاوازن و هەر واتایەکی جیاوازیش، بەهۆی کردارێکی جیاوازەوە گەیەنراوە. بڕوانە کرداری {گرفت}، کە لە (٣٢_أ)دا واتای (دەستپێکردن) و لە (٣٢_ب)یشدا واتای (لێوەرگرتن) دەدات. بۆ زانیاریی زیاتر لەوبارەیەوە، بڕوانە نموونەکانی (٢٣)

٣٢_أ. باران گرفت. /شروع شد/ (باران دەستیپێکرد.) /دەستپێکردن/

ب.علی کتاب را از دوستش گرفت. (اخذکرد) (عەلی کتێبەکەی لە هاوڕێکەی وەرگرت.) /لێوەرگرتن/

## ٤/٣-٤-٤) فرێزی دیارخەریی لە زمانی فارسییدا

هاوشێوەی زمانی کوردیی، لە زمانی فارسییدا فرێزی دیارخەریی، پڕۆژەی دیارخەرەکانن، کە هەندێکیان لە جۆری دیارخەری سەربەخۆ/ ئازادو هەندێکشیان لە جۆری دیارخەری بەندن. بڕوانە (٦/٢_٥_١)، کەواتە دیارخەرەکان پەیوەست بە سەربەخۆیی فۆرمەوە جیاوازن، ئەوانەی لەناو فەرهەنگدا فۆرمێکی سەربەخۆیان هەن، فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی بەرهەمدەهێنن، ئەوانەشی لە ڕووی فۆرمەوە بەندن، پڕۆژەی فرێزی ئەرکیی بونیاتدەنێن. لە دروستەی ئەم چەشنە فرێزەدا، زمانی فارسیی پەیکاڵە لەگەڵ زمانی کوردییدا، بەوەی ناوە گشتییەکان بەهۆی دیارخەرەکانەوە ڕێگایانپێدەدرێت گۆکردنی فرێزیان هەبێت، بۆئەوەش چەند مەرجێک لەئارادایە: (أ) (ئەو ناوە گشتییانەی، کە لە جێکەوتەی بکەردا دەردەکەون، بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە ناسراودەکرێن.) (کامیار ودیگری، 1398 ،90-91)، (وحیدیان، 1343، 25)، بەمەش توانای گۆکردنی فرێزیان دەبێت، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (دایی جواد، 1344، 86)،(سعید،سازان، توێژینەوی بڵاونەکراوە) وەک: <مرد برای کارهای سخت مناسب تر است>. (پیاو بۆ کارە قورسەکان گونجاوترە.). (ب) ئەو ناوە گشتییانەی، کە واتای ڕاستییەکی نەگۆڕیان تیدایە و بوونەتە زانیاریی زانراو، پێویست بە دووبارە ناساندنەوەیان ناکات. وەک: <هوا برای زندگی کردن لازم است>. (هەوا بۆ ژیان پێویستە.). لەلایەکی ترەوە، سەرباری ئەوەی نیشانەی ناسراویی لە زمانی فارسییدا سفرە، بە هەمانشێوە "نیشانەی جنس (بابەت)یش سفر Ø ـە" (مشکوه الدینی، 1370، 148)، بەوپێیەی لە ڕوانگەی واتاوە ئاماژە بە (بابەت)، یان (جۆر) ی شتێک دەکات، بەوەش بووەتە زانیارییەکی زانراوو چەسپاو، ئەمە بووەتە پاساو بۆ دەرنەکەوتنی نیشانەی ناسراویی لە فارسییدا، بە شێوەیەک، کە دووبارە پێویست بە ناساندنەوەیان نەکات، بۆیە ئەو ناوانەی ئاماژە بۆ بابەت دەکەن، دیارخەرەکان وەرناگرن، بەڵکو بە تەنها توانای گۆکردنی فرێزیان دەبێت. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٣٣_أ)

٣٣_أ. <u>اسب</u> حیوان نجیبی است. (ئەسپ ئاژەڵێکی ڕەسەنە.)

ب. اسبها حیوان نجیبی هستند. (ئەسپەکان ئاژەڵێکی ڕەسەنن.)

پ. بچەها عقلشان نمی رسد. (منداڵەکان عەقڵیان پێناشکێت.)

کەواتە "زۆرێک لە فرێزە ناوییەکان کاتێک نیشانەی کۆیان دەچێتەسەر، ناکرێت بە ناسراو دابنرێن، چونکە ناوی بابەت دیارخەر وەرناگرن." (راسخ مهند، 1388، 98)، بۆیە لە نموونەکانی (٣٣_ب،پ)دا، نیشانەی /ها-/ واتای کۆ و ناسراویی بە فرێزەکانی {اسبها، بچەها} نەبەخشیوە، بەڵکو بەو نیشانەیەوە، واتای (هەموو ئەسپێک، هەموو منداڵێک) دەگەیەنن، بۆیە هاتنی دیارخەر لەگەڵ ناوی بابەتدا، کەمبەهایە. مەبەست لە ناوی جنس (بابەت)یش ناوێکە، کە ئاماژە بۆ گروپێک دەکات. بە

شێوەیەکی گشتیی ناوی جنس لە زمانە جیاوازەکاندا نیشانەیەکی تایبەتییان نییە، لە زمانی فارسییشدا بە هەمانشێوە ناوی جنس دەتوانێت بە بێ تەواوکەر بێت. (سەرچاوەی پێشوو، 92). هەروەها (هەر ناوێکی تاک، یان کۆ، وشەی نیشانەی لەسەر دەرنەکەوتبێت، بە مەرجێک لەکاتی گفتوگۆدا ئامادەیی هەبێت، هەر ناسراوە.) (وحیدییان، 1343، 25-26)، کەواتە (مەبەست لە ناوی ناسراو ئەو ناوەیە، کە لای قسەکەر ئاشکراو باو (معلوم و معهود) بێت، واتە بووبێتە زانیارییەکی زانراوی دانپێدانراو.) (دایی جواد، 1344، 85)، بڕوانە (٣٤)

٣٤. نامه مال شماست. ~ این نامه مال شماست. (ئەم نامەیە هی تۆیە).

لە (٣٤)دا، قسەکەر بە ئاماژە نامەکە نیشاندەدات، کە گریمانەدەگرێت لە دەربڕین/ ئاخاوتندا، قورساییخستنەسەر جێگرەوەی دیارخەر بێت و دەرفەتی گۆکردنەکە بڕەخسێنێت، لەکاتێکدا نموونەی (٣٤) لە کوردییدا بە بێ وشە نیشانەکانی /این ، ان/ ناڕێزمانییەو لەڕووی واتاشەوە لەنگە، ئەگەرچیی لەکاتی گفتوگۆشدا بوونی هەبێت، بۆیە مەرجی ڕوودانی، وابەستەی ئاماژەپێدانیەتی بەهۆی وشەی نیشانەوە.

## ٤/٣-٤-٤-١) دروستەکانیDP پەیوەست بە چەشنی (سەر)ەوە لە زمانی فارسییدا

جیاوازیی دروستەیی ئەم چەشنە فرێزە لە زمانی فارسییدا، بە هەمانشێوەی زمانی کوردیی، بۆ جیاوازیی فۆرمی دیارخەرەکان دەگەڕێتەوە، چونکە دیارخەرەکان بەرپرسی بەرهەمهێنانی جۆری جیاوازی DP ن، بەجۆرێک ئەوانەی دروستەی سەربەخۆیان هەن، فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی LDP و ئەوانەشی لەڕووی دروستەوە بەندن، فرێزی دیارخەریی ئەرکیی FDP بەرهەمدەهێنن. بڕوانە هێڵکاریی (١٧)ی بەشی دووەم.

## ٤/٣-٤-٤-١-١) فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی LDP لە زمانی فارسییدا

ئەو دیارخەرانەی، پڕۆژەی ئەم چەشنە فرێزە لە زمانی فارسییدا بونیاتدەنێن، دیارخەرە سەربەخۆکانن، کە بریتیین لە (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە)، هەریەکە لەم دیارخەرانە توخمی پڕۆژەسازدەرن و وەک سەری ڕێزمانیی فرێزەکە گۆدەکەن، بەوەش لەلای ڕاستەوە بۆ چەپ، حوکمی تەواوکەرەکەیان دەکەن. یاساکانی بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا پەیوەست بە دیارخەرە سەربەخۆکانەوە، لە (١٥)دا شێوازبەنددەکرێن:

١٥) أ- $LDP \leftarrow [N] + D^{\circ}$ بڕوانە نموونەی (٣٥_أ)

ب- $LDP \leftarrow [D^{Plu} + [[Pre.NP] + D^{\circ}]$ بڕوانە نموونەی (٣٥_ب)

پ- $LDP \leftarrow [D^{Plu} + [[Pre.AP] + D^{\circ}]]$ بڕوانە نموونەی (٣٥_پ)

ت- $LDP \leftarrow [N] + D^{Num}$ بڕوانە نموونەی (٣٥_ت)

ج- $LDP \leftarrow [N] + D^{q}$ بڕوانە نموونەی (٣٥_ج)

٣٥_أ. {این/ ان پسر} (ئەم/ ئەو کوڕە)

ب. {این/ ان پسرخالە/ ها} (ئەم/ ئەو کوڕەخاڵە/ انە)

پ. {این/ ان لباس جدیدە/ ها} (ئەم/ ئەو جلەتازە/ انە)

ت. {پنج سرباز} (پێنج سەرباز)

ج. {بعضی بچە} (هەندێک منداڵ)

## ٤/٣-٤-٤-٢) جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی

### ٤/٣-٤-٤-٢-١) فرێزی دیارخەریی وشەی نیشانە

ئەو جۆرەی فرێز، کە بەهۆی وشەی نیشانەوە بەرهەمدێت لە زمانی فارسییدا، هەندێکجار بە (فرێزی دیارخەریی ناویی) ناوزەددەکرێت، کەواتە خودی فرێزەکە، پڕۆژەی وشە نیشانەکانن، بڕوانە {این کشور}، (www.dastur.info) "وشە نیشانەکان ئەو دیارخەرانەن، کە بە ئاماژەپێدانێکی بەرجەستەکراو تەواوکەرەکەیان نیشاندەدەن" (فرشید ورد، 1394، 214). لە دروستەی ئەم چەشنە فرێزەدا وشە نیشانەکان وەک سەری ڕێزمانیی فرێزەکە گۆدەکەن و مەرجە تەواوکەرەکەشی، نیشانەی [+گشتی]ی هەبێت. بڕوانە (٣٨_أ) و هێڵکاریی (١٢). هەروەها بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی وشەی نیشانەوە لە زمانی فارسییدا، بڕوانە (وحیدییان، 1343، 25). وشە نیشانەکان لە زمانی فارسییدا بە گشتی ئەمانەی خوارەوەن:

أ- (این، ان): بۆ ئاماژەپێدانێکی ڕەها.

ب- (همین، همان): بۆ شوناس و جەختکردنەوە.

پ- (چنین، چنان): تایبەت بە چۆنییەتیی و سەرسوڕمان.

ب-(اینهمه، انهمه، انقدر): بۆ ڕێژەیەکی نادیار.

لەناو ئەو وشانەدا، "وشە نیشانەکانی (این، آن) و (همین، همان) تایبەتن بە ناسراوکردنی ناو" (صادقی و دیگری، 1358، 99)، هەروەها "تەواوکەری وشە نیشانەکانی (این، ان) و (همین و همان)، نیشانەی (ی) ی نەناسراویی وەرناگرن" (سەرچاوەی پێشوو، 214)، بڕوانە (٣٦)

٣٦_أ. *آن پسری برادر من بود. (*ئەو کوڕێک برای من بوو)

ب.*آن یک پسر برادر من بود. (*ئەو یەک کوڕە برای من بوو)، (/یەک/ وەک نیشانەی نەناسراویی)

لە (٣٦_أ، ب) دا هۆکاری ڕێپێنەدانی دەرکەوتنی نیشانەی نەناسراویی لەگەڵ وشە نیشانەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خودی وشە نیشانەکان هەڵگری نیشانەی [+ناسراویی]ن و بەوەش تایبەتێتیی ناسراوکردن بە تەواوکەرەکانیان دەبەخشن، بۆیە هاتنی دوو دیارخەری پێچەوانە لە دروستەیەکدا، کە یەکێکیان هەڵگری نیشانەی [+ناسراویی] و ئەویتریان [+ نەناسراویی]یە، پەیوەست بە واتاو ڕێزمانەوە نالۆجیکیی و نادروستە.

هەندێک لە ڕێزماننووسانی زمانی فارسیی پێیانوایە، زۆرێک لەم وشە نیشانانە دەکرێت خۆیان لە شوێنی تەواوکەر (موصوف)دا بێن، لەمڕووەوە ئەمانەیان بە جێناوی نیشانە (ضمیراشارە) داناوە. (کامیار و دیگری، 1398، 86)، (دایی جواد، 1344، 86)، بڕوانە (٣٧)

٣٧_أ. این را از من شنیده باشید. (ئەمەتان لە من بیستبێت.)

ب. همین را میگویم. (هەر ئەوە دەڵێم.)

پ. این راز را از من شنیده باشید. (ئەم ڕازەتان لە من بیستبێت.)

ت. همین پسررا میگویم. (هەر ئەم کوڕە دەڵێم.)

بە سەرنجدان لە نموونەکانی (٣٧_أ،ب)، دەردەکەوێت لە دروستەی قوڵی هەریەک لەو وشە نیشانانەدا، تەواوکەرێک هەیە، بەڵام لە دروستەی ڕووکەشیاندا دەرنەبڕدراوە، بە بەڵگەی ئەوەی، هەمیشە (وشە نیشانەکان لەگەڵ ناوێکدا دێن و زیاتر لە کاتی گفتوگۆدا بەکاردێن، کە دەبنە دەرخەری ناوەکەو لە ناوە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەری جیایدەکەنەوەو دەیناسێنن.) (راسخ مهند، 1388، 91)، بۆیە زۆرجار دەرنەبڕینی فرێزە تەواوکەرەکە لە دروستەی ڕووکەشدا، کاریگەریی لەسەر واتای دروستەکە نابێت، چونکە لە ناواخنی سەرە ڕێزمانییەکەدا، تەواوکەرەکە هەڵگیراوەو ئاماژەیپێدەدات، بۆیە دەشێت نموونەکانی (٣٧_أ،ب)، خاوەنی دروستە قووڵەکانی (٣٧_پ،ت) بن.

لە زمانی فارسییدا، وشە نیشانەکان بۆ تاکی نزیک و دوور، بەگشتی لە دروستەی ڕووکەشیاندا هیچ پاشگرێک لە کۆتایی تەواوکەرەکەیانەوە دەرناکەوێت، بڕوانە (٣٨_أ)، بەڵام لە بەکارهێنانیاندا بۆ کۆی نزیک و دوور، ئەوا تەواوکەرەکان بەهۆی وشە نیشانەکانی (اینها، آنها)وە دەردەخرێن و نیشانەی /_ها/ش دەکەوێتە کۆتایی تەواوکەرەوە، زۆرجاریش ئەم نیشانەیە بە مەبەستی ئاسانیی

دەربڕین لە کاتی ئاخاوتندا بۆ /ا/ دەگۆڕێت، بە مەرجێک ناوەکە بە نەبزوێن کۆتاییهاتبێت. بڕوانە (٣٨_ب)

٣٨_أ. {این/ آن پسر} (ئەم/ ئەو کوڕە)

ب. {این/ آن معلمها/ معلما} (ئەم/ ئەو مامۆستایانە)

پ. {این/ آن پسر Ø} (ئەم/ ئەو کوڕە Ø)

لە (٣٨_ب)دا مۆرفیمی /_ها/ سیمانتیکییانە پەیکاڵی /_ان/ی کۆیە، لە کاتێکدا ئەگەر وشە نیشانەکە لەسەر دروستەکە لاببرێت، ئەوا هەر هەمان نیشانەی /_ها/ بەتەنها ناوەکە دەکات بە کۆی ناسراو، بەوەش فریزی {معلمها} بە واتای {مامۆستاکان} دێت، نەک {مامۆستایان}، لە کاتێکدا لە زمانی کوردییدا، ئەگەر وشەی نیشانەی /ئەم...ە/ لەسەر دروستەیەکی وەک {ئەم مامۆستایانە} لاببرێت، ئەوا دروستەکە دەبێتەوە ناوێکی گشتیی نەناسراو {مامۆستایان}، نەک {مامۆستاکان}.

شیکردنەوەی نموونەی (٣٨_ب) و هەبوونی نیشانەی /_ها/ لە کۆتایی ئەو تەواوکەرانەی،کە کۆن و بەهۆی وشە نیشانەکانی (اینها، آنها)وە دەردەخرێن، گریمانەی ئەوەمان دەداتێ، کە لە کاتی بەکارهێنانی وشە نیشانەکان بۆ تاکی نزیک و دووریش، نیشانەی Ø جێکەوتەی کۆتایی تەواوکەرەکە بگرێت، چونکە جێکەوتەی /_ها/ لە حاڵەتی کۆدا، دەبێتە بەڵگەی هەبوونی جێکەوتەیەکیش لە باری تاکێتیی وشە نیشانەکاندا، بۆیە پڕکردنەوەی جێکەوتەکە، پەیوەست بە نیشانەی Ø ەوە ڕوودەدات، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ئەگەر تەواوکەر دروستەی دەستەواژیلەی هەبێت، ئەوا پاشماوەی وشە نیشانەکەی /_ە/ دەردەکەوێت، بڕوانە (٣٩_ب)، کە دروستەیەکی لە جۆری [این [لباس جدید]ه] ی هەیە، ئەمەش دەبێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی پێشبینییەکەی سەرەوە سەبارەت بە بوونی جێکەوتەیەک بۆ نیشانەی Ø لەگەڵ ناوی تاکدا. ئەگەر ئەمە دروست بێت، ئەوا (٣٨_أ) پەیکاڵی دروستەی (٣٨_پ) دەبێت. بڕوانە نواندنی (٣٨_پ) لە هێڵکاریی (١٢)دا، بەڵام جێکەوتەی دیارخەرە سەربەخۆکان بەگشتی، لە پێش تەواوکەرەوە دیاریدەکرێن، چونکە سەرچاوەی پێدانی زانیاریین. بڕوانە (عەبدوڵا، ٢٠١٣)

هێڵكاریی (١٢)




فرێـزە دیارخەرییەكـانی زمـانی فارسـیی، دەتـوانن لەنـاو فرێزێكـی دیـكەدا بشـكێنەوە، بـڕوانە تاقیكردنەوەی نموونەكان لە (٣٩)دا.

٣٩_أ . {آن پنج درخت} (ئەو پێنج درەختە)
ب. {این لباس جدیده} (ئەم جلە تازەیە)
پ. {این لباس جدیدها} (ئەم جلە تازانە)
ت. {این لباسهای جدید} (ئەم جلە تازانە)
ج. {این كتابهای كتابخانەها} (ئەم كتێبانەی كتێبخانەكان)
ح. {این كتابهای كتابخانە} (ئەم كتێبانەی كتێبخانە)
خ. *آن پنج درختها (*ئەو چوار درەختانە)
د.*آن بعضی بچە/ ها (*ئەو هەندێك منداڵ/ انە)
ز. {آن درختها} (ئەو درەختانە)

لە نموونەکانی (٣٩)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕێگە بە دروستەکانی (٣٩ أ_ح) دەدرێت، لە کاتێکدا نموونەکانی (٣٩_خ،د) نادروستن، چونکە ئەو دیارخەرانەی، هەمان ئاماژەو ئەرکیان هەن، لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان و پێکەوە لە دروستەیەکدا ڕوونادەن، هەروەک لە (٣٩_خ)دا دیارخەری ژمارە /پنج/ و نیشانەی کۆی /_ها/، هەردووکیان پەیوەست بە چەندێتیی ناوەکانەوە گۆدەکەن، بۆیە هاتنی هەردووکیان پێکەوە، ڕێگەپێنادرێت، بەڵکو بە لابردنی یەکێکیان، دروستەیەکی ڕاست و دروست دەستدەخرێت، بڕوانە (٣٩_أ، ز)

جێی سەرنجە لەڕووی ڕێزمانەوە، (٣٩_ت) لە (٣٩_پ) جیاوازە، کەچیی سیمانتیکییانە هاوتاو پەیکاڵی یەکن، لە کاتێکدا نموونەی (٣٩_ت) لە زمانی کوردییدا دروست نییە، بەوپێیەی دەستەواژیلەکان لەناوەوە مۆرفیم/ دیارخەر وەرناگرن، بۆیە ڕێگە بە دروستەیەکی لە جۆری (ئەم جلەکانی تازە) نادرێت.

سەبارەت بە فۆڕمی دەستەواژیلە، بۆچوونەکانی لە سەرەتادا بەو جۆرە بوون، کە لە زمانی فارسییدا یاساو دەستورێکی تایبەت و دیاریکراویان نییە، وەک ئەوەی لە زمانی کوردیدا دەبینرێن، کەچیی پەیوەست بە فرێزی دیارخەرییەوە، چ لە جۆری فەرهەنگیی بێت، یان ئەرکیی، دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی بەرچاودەکەوێت، ئەویش بەهۆی شکانەوەی دیارخەر لەناو فرێزێکی ئاوەڵناوییدا، بە جۆرێک (مۆرفیمی دانەپاڵی کەسرە (ـِـ) ی سەر فرێزە ئاوەڵناوییەکە لادەبرێت و دەخرێتەسەر شێوەی ناوێکی لێکدراو، وەک {لباس جدید}، دواتر دیارخەرە فەرهەنگیی و ئەرکییەکان وەردەگرێت. بەوەش دەستەواژە/ فرێزێکی ئاوەڵناویی بەرهەمدێت، وەک لە نموونەکانی {این لباس جدیده، لباس جدیده}دا دیارە. زۆرجاریش لە ڕستەدا بەپێی جۆری کردارەکە نیشانەی /را/ بە کۆتایی فرێزە دیارخەرییەکەوە دەلکێت، بەتایبەت ئەو ڕستانەی، کردارەکانیان تێپەڕن.) (اعطار شرقی، 1399، 28) بەوپێیە دەکرێت یاسای دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی لە (١٦)دا دابڕێژرێت، وەک {لباس جدید}. بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەوبارەیەوە، بڕوانە (وحیدیان، 1343، 47)

١٦) Pre.AP ← [A] + N

### ٤/٣-٤-٤-٢-٢) فرێزی دیارخەریی ژمارە

ژمارە یەکێکە لەو دیارخەرانەی، کە لە پێش ناوەوە دێت. (حق شناس و دیگری، 1381، 92)، واتە ژمارەش هاوشێوەی (وشەی نیشانە)، دەتوانێت وەک توخمێکی پرۆژەسازدەر بەشداریی بونیاتنانی دروستەیەکی سینتاکسیی- پرۆژەی فرێزی دیارخەریی ژمارە بکات، تێیدا ژمارەی بنجیی، یان ژمارەی ڕێکخستن، وەک سەری ڕێزمانیی فرێزەکە گۆدەکەن و دەکەونە پێش تەواوکەرەوە. هەروەک (ئەو ناوانەی دیارخەرەکانیان پێوەدەلکێت، پێویستە خاوەنی نیشانەی [+گشتی]، [+ژمێرراو] بن، چونکە ناوی تایبەتیی خۆی لە خۆیدا هەڵگری نیشانەی [+ناسراویی]یە، (مەعروف، 2010، 17). دواتر ژمارەکە لە لای ڕاستەوە بۆ لای چەپ، حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات. لەمڕووەشەوە، حوکمی فرێزە پێشناوییەکانیان دەبێت. دروستەی ئەم چەشنە فرێزەش، پێشتر لە (١٥_ت)دا شێوازبەندکراوە. بڕوانە نموونەکانی (٤٠، ٤١) و نواندنیان لە هێڵکاریی (١٣)دا.

٤٠_ {چهار درخت}      (چوار درەخت)

٤١_ {دومین کتاب}      (دووەمین کتێب)

هێڵکاریی (١٣)



هەروەها لە دروستەی ئەم چەشنە فرێزەدا، هاوکات ڕێگە بە هاتنی ڕادە نادرێت، لەکاتێکدا هاتنی وشە نیشانەکان گونجاوو ڕێگەپێدراون. بڕوانە (٤٢)

٤٢_أ.* بعضی چهار خانه (*هەندێک چوار ماڵ)

ب. {این چهار خانه} (ئەم چوار ماڵە)

### ٤/٣-٤-٤-٢-٣) فرێزی دیارخەریی ڕادە

ئەو وشانەی لە زمانی فارسییدا ڕادەیان پێدەردەبڕدرێت، وشەکانی / بعضی، کمی، عدەای، برخی، مقداری، تعدادی.../ن، کە لەناو فەرهەنگدا بە سەربەخۆیی تۆمارکراون، هەربۆیە دیارخەری ڕادەش لە فارسییدا، وەک دیارخەرە ئازادەکان هەڵسوکەوتدەکەن، ئەمانە وەک توخمێکی پڕۆژەسازدەر، دەبن بە سەرەی فرێزە دیارخەرییەکەی ڕادەو هاوشێوەی وشەی نیشانە و ژمارە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی تەواوکەرەکەیان دەکەن. بڕوانە (٤٣_أ،ب)و هێڵکاریی (١٤)

٤٣_أ. {بعضی بچه} (هەندێک منداڵ)

ب. {کمی/ یک کمی نان} (تۆزێک/ یەک تۆز نان)

پ. *بعضی بچەها (*هەندێک منداڵەکان)

هۆکاری ڕێگەنەدانی (٤٣_پ) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دوو دیارخەری (ناسراویی و نەناسراویی) لەناو هەمان دروستەدا، لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدا دەبن.

هێڵکاریی (١٤)



### ٤/٣-٤-٤-٢-٤) فرێزی دیارخەریی ئاوەڵناو

وێڕای ئەو جۆرانەی دیارخەر، کە خرانەڕوو، لە زمانی فارسییدا پلەی باڵای فرێزی ئاوەڵناوییش، لە فۆڕمی دیارخەرییدا بەکاردەبرێن و بەوەش کۆی فرێزەکە، بە (فرێزی دیارخەریی ئاوەڵناویی) ناودەبرێت. (www.dastur.info) ، کەواتە فرێزی ئاوەڵناویی لە پلەی باڵادا، بە دیارخەرێکی سەربەخۆ هەژماردەکرێت، لەبەرئەوە هەمان گۆکردنی (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە)ی دەبێت و هاوشێوەی ئەوان، لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات. بڕوانە (٤٤) و هێڵکاریی (١٥). بەوەش سەرباری یاساکانی (١٥ أ_ج)، کە پێشتر خرنەڕوو، یاسای (١٥_ح)یش شێوازبەنددەکرێت.

١٥) ح- $LDP \leftarrow [N] + D^{A}$ بڕوانە نموونەی (٤٤)

٤٤. {گرانترین کفش} (گرانترین پێڵاو)

هێڵکاریی (١٥)




گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، جیاوازیی دیارخەریی پلەی باڵای ئاوەڵناو لەگەڵ جۆرەکانی تری دیارخەرە سەربەخۆکان، لەڕووی دروستەییەوەیە، بە جۆرێک دیارخەرە ئاوەڵناوییەکە دروستەی فرێزی هەیەو تێیدا ئاوەڵناوەکە لە دەوروبەرە مۆرفۆلۆژییەکەیدا بەهۆی دیارخەریی /_ترین/ەوە شکاوەتەوە، بەوەش فۆڕمە شکاوەکە گۆکردنی دیارخەری دەبێت، لەکاتێکدا دیارخەرە سەربەخۆکانی

تری /وشـەی نیشـانە، ژمـارە، ڕادە/، دروسـتەی وشـەیان هەن  و هەر بە فۆڕمە فەرهەنگییەکەیـانەوە گۆکردنی دیارخەرییـان هەن، کەچیـی هەردوو جـۆرەکە، وێڕای جیـاوازیی دروسـتەییان، هـاوئەرک و هاوجێکەوتەی ڕوودانیشن.

## ٤/٣-٤-٤-١-٢) فرێزی دیارخەریی ئەرکیی FDP لە زمانی فارسییدا

وەک پێشـتر لە (٦/٢_٥_١_٢)دا خـرایەڕوو، ئـەم چەشـنەی فرێـز، بەهـۆی دیارخـەری بەنـدەوە بەرهەمدێن. پەیوەست بەمەوە بە گشتیی هەوڵدەدەین ئەو مۆرفیمانە وەربگرین، کە لەبەشی دووەمداو لە فرێزی دیارخەریی ئەرکییدا باسکراون، ئەوانیش مۆرفیمەکانی (ناسراویی، نەناسراویی، کۆ)ن.

## ٤/٣-٤-٤-٣) جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی ئەرکیی

## ٤/٣-٤-٤-٣-١) فرێزی دیارخەریی ناسراویی

زمانـەوانان ڕاوبۆچـوونی جیاوازیـان لـەبارەی چـەمکی ناسـاندن لـە زمـانەکەدا خسـتووەتەڕوو، بەوەی "لـە زمـانی فارسـییدا نیشـانەیەک بـۆ ناسـاندن نییـە، لـە کاتێکـدا ئەگەر دوو شـت لـەئارادابن، یەکێکیان نیشانەی هەبێت و ئەویتریان بە بێ نیشانە ناسرا، ئەوا خودی بێ نیشـانەییەکە نیشـانەیە." (دایی جواد، 1344، 94)

وەک دەگوترێت لە زمانی فارسییدا (نیشـانەی ناسـاندن سـفرە، واتـە نـاوی ناسـراو نیشـانەیەکی تایبەت بە خۆی نییە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ناوێک لای قسـەکەر ناسـراو بێت، ئەوە بە نـاوێکی ناسـراو ناودەبرێـت). (مشـکوة الـدینی، 1370، 148-149). هاوکـات (انـوری و دیگـری، 1387، 82)یـش جەخـت لەوە دەکەنەوە، کە "ناوە ناسراوەکان لە زمانی فارسییدا بە گشتیی نیشانەیان نییە، واتـە بـێ نیشـانەن، هـەر ئـەو بـێ نیشانەییەشـیان، نیشـانەیە بـۆ ناسـاندنی ناوەکـە". ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لـە زمـانی فارسـییدا لەمبـارەیەوە ئەنجامـدراون، ئەو ئەنجـامە دەسـتدەخەن، کـە "زمـانی فارسـیی نوسـینەکی و فەرمیـی، لە جۆری ئەو زمانانەیە، کە تەنها نیشـانەی نەناسـراوییان هـەن" (راسخ مهند، 1388، 86). بەوپێیە بێت، زمـانی فارسـیی، فـۆرمێکی مۆرفۆلۆژییـانەی بـۆ ناسـاندنی ناوەکـان نییـە، بەڵکـو ناوەکـان لە خـودی خۆیانـدا/ لە ناواخنـدا ناسـراون، ئەوانـیش (أ. نـاوی تایبـەتی، ب. نـاوی بـابەت (جـنس)، پ. نـاوی دیاردەیەکی تایبەتکراو بە تاکە شتێک وەک (هەوا، مانگ، خۆر، بەهەشـت)، ت. جێناوەکـان، ج. هەندێک لە ئاوەڵکردارە کاتییەکانی وەک (پار، ئەمساڵ، دوێنێ، ئەمڕۆ) دەگرنەوە، بە مەرجێک ئەم ئاوەڵکردارانە ڕۆڵی ناو بگێڕن، یان لە جێکەوتەی ناودا بەکاربێن. ح- ئەو ناوانەی نیشـانەی /را/ وەردەگرن و ڕۆڵی

بەرکار دەبینن..).(کامیارو دیگری، 1398، 90-91). بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی جۆرەکانی ناسراوییەوە، بڕوانە (دایی جواد، 1344، 86)

وێڕای ئەو زانیاریی و خستنەڕووانەی لەبارەی نەبوونی نیشانەیەکی سەربەخۆ و دیاریکراوەوە بۆ چەمکی ناساندن لە زمانی فارسییدا لەئارادان، بەڵام ناتوانرێت بە ڕەهایی بڕیاربدرێت، کە نیشانەی ناسراویی لە زمانی فارسییدا سفرە (لەو ڕوانگەیەوە بڕوانە نموونەکانی (٤٥))، کە بۆچوونەکە پشتڕاستدەکەنەوە، بەوەش پێشبینییدەکرێت سیستمەکە/ پێڕەوی زمانەکە پەیوەست بە مۆرفیمی ناسراوییەوە دووپەلکیی بێت، واتە (أ) لەلایەک بوونی مۆرفیمی سفر، (ب) لەلایەکیش نواندنی سینتاکسییانەی مۆرفیمی ناسراوییە، کە بە هۆی دەوروبەرە مۆرفۆلۆژییەکەی پۆلەڕەگەزی (ناو)ەوە ڕوودەدات، هەربۆیە هەندێکی دیکە لە زمانەوانان چەند نیشانەیەکیان کردووەتە بنەما تاوەکو لەڕێیانەوە ناوی ناسراو لە ناوی نەناسراو پێجیابکەنەوە. لەوڕووەوە، هەندێکیان پێیانوایە (ئەو نیشانانەی، ناوێک دەکەن بە ناسراو، بریتین لە /ە/ و /ش/ (قطره، 1385، 63)، (مۆرفیمەکانی ((a)) یان ((e)) نیشانەی ناسراویین و تەنها لەگەڵ ناوی تاکدا بەکاردێن، بۆیە بە نیشانەی تاکی ناسراو دادەنرێن. ئەمە جگەلەوەی لە هەندێک حاڵەتیشدا نیشانەی /-ش/ بە نیشانەی ناسراویی هەژماردەکرێت). (راسخ مهند، 1388، 89)، واتە (یەکێکی تر لەو نیشانە ناسراوییانەی، کە ئەمڕۆ باوە، (ە)یە، کە بە کۆتایی ناوەکەوە دەلکێت و بە (e) دەردەبڕدریت. وەک: کلاغە، اسبە، مارە،...، لە کاتێکدا ئەو وشانەی، کۆتاییان بە فۆنیمەکانی (ا، و) هاتووە، لەجیاتی (ـە، e)، /هە/ تێیاندا دادەنرێت. وەک {آقاهە، کوچولوهە،....}). (دایی جواد، 1344، 96)، هەروەک هەندێکجاریش لە کاتی ئاخاوتن/ درکاندندا، نیشانەی ناسراویی /ـە/، دەبێت بە (فەتحە)ی زمانی عەرەبیی، وەک >کتابَ اینجاست.< (کتێبەکە لێرەیە.)، بەوپێیە بوونی نیشانەکانی ناسراویی لەزمانی فارسییدا، بەڵگەن بۆ سەلماندنی پێشبینییەکەی خاڵی (ب) پەیوەست بە بوونی مۆرفیمی ناسراوییەوە، چونکە بوون و ڕوودانی هەر نیشانەیەک، وابەستەی هەبوونی مۆرفیمێکە لە بنەڕەتدا. لێکەوتەی شیکردنەوەکانی سەرەوە دەریدەخەن، کە بۆ گەیاندنی چەمکی ناسراویی، (١) یان فۆنەتیکییانە لەڕێی ئاخاوتنی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە هەستپێدەکرێت، (٢) یاخود لە ڕێگەی مۆرفیمێکەوە دەناسرێتەوە. لە (٤٥)دا نموونەی شێوازەکانی فرێزی دیارخەریی ئەرکیی پەیوەست بە دیارخەری نائازادی ناسراوییەوە دەخرێنەڕوو:

٤٥_أ. {دخترە}   (کچەکە)

ب. {آشش}   (خواردنەکەی)

پ. {مرد}   (پیاوەکە)

ت. {کتابَ}   (کتێبەکە)

هەندێکی دیکە لە زمانەوانان نیشانەی /را/ یان کردووەتە بنەما بۆ ناسینەوەی ناوێک، واتە "دەکرێت ئەو فرێزانەی /را/یان بەدوادا دێت، فرێزێکی دیارخەریی بن، چونکە /را/ نیشانەی بوون بەفرێزە، ئەویش لەبەرئەوەی فرێزی ناویی دەکات بە فریزێکی دیارخەریی" (قادر، 2015، 78)، بە جۆرێکی دیکە "تەواوکەری ڕاستەوخۆی کردار، کە نیشانەی نەناسراویی لەسەر نەبێت، ئەگەر لە دوایەوە /را/ بێت، ئەوە ناوەکە دەبێت بە ناسراو. (وحیدیان، 1343، 25) بڕوانە (٤٦)

٤٦_أ. کتاب را خواندم. (کتێبەکەم خوێندەوە.)

ب. خانەرا خریدم. (خانووەکەم کڕی.)

لەمەوە هەندێک پێیانوایە، (مۆرفیمی /را/ لە هەمان کاتدا دوو ئەرکی جیاوازی ڕێزمانیی دەبینێت، جارێک نیشانەی ناسراوییەو جارێکیش نیشانەی بەرکارییە.) (مهری باقری، 1375، 152) لە (حمد، 2014، 202) وەرگیراوە، بە جۆرێک "نیشانەی ناسراویی ناو، لە ڕۆڵی تەواوکەری ڕاستەوخۆدا بریتییە لە /را/" (کامیار و دیگری، 1398، 90). بڕوانە (٤٧)

٤٧_أ. من /یک/ مرد /_ی/ را دیدم. (من یەک پیاو/ پیاوێکم بینی.)

ب. من آن فروشگاه را رفتم. (من بۆ ئەو فرۆشگایە ڕۆشتووم.)

پ. من علی را پول دادم. (من پارەم بە عەلی دا.)

بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەو زمانەوانانەوە، کە پێیان وایە ئەو فرێزە ناوییانەی لە جێکەوتەی بەرکاردا بێن، مەرجە نیشانەی /را/یان لەسەر بێت، بەڵام دەکرێت بڵێین مەرج نییە نیشانەی /را/ لەسەر هەر فرێزێکی ناویی دەرکەوت، نیشانەی ناسراویی بێت. بۆنموونە لە (٤٧_أ) دا، نیشانەی /را/ چووەتەسەر ناوێکی نەناسراو، کە نیشانەی نەناسراویی /یک_/، /_ی/ ی وەرگرتووە، بەمەش نیشانەی /را/ لەم ڕستەیەدا تەنها وەک مۆرفیمی بەرکاری ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە، نەک ناسراویی، چونکە وەک گوترا هاتنی دوو دیارخەر پێکەوە، ڕێگەپێنەدراوە. هەروەها مەرجیش نییە ئەو فرێزە ناوییەی، کە نیشانەی /را/ی وەرگرت، گۆکردنی بەرکاریی هەبێت، چونکە نموونەی (٤٧_ب) نیشانیدەدات، کە نیشانەی /را/ لەسەر فرێزە پێشناوییەکەی {آن فروشگاه} دەرکەوتووە، نەک لەسەر بەرکار/ تەواوکەرێکی ڕاستەوخۆ.لە (47-پ)یشدا نیشانەی (را) لەسەر فرێزی پێشناویی{علی}دەرکەوتووە، نەک لەسەر بەرکار/ تەواوکەری ڕاستەوخۆ.

هەر پەیوەست بە دەرکەوتنی نیشانەی /را/ لەسەر فرێزێکی ناویی، ناکرێت ڕۆڵی ئاوازە لە دەربڕینەکاندا پەراوێزبخرێت، بۆنموونە سەرنجی (٤٨) بدە.

٤٨_أ. دیروز چ کار کردی؟ (دوێنێ چیت کرد؟)

ب. کتاب را خواندم. (کتێبم خوێندەوە.) ~ (کتێب، نەک شتێکی تر). {کتاب را} (١)

لە (٤٨_ب)دا نیشانەی /را/ ناوەکەی ناسراو نەکردووە، بەڵکو تەنها جۆری بەرکارەکەی دەستنیشانکردووە، کە خوێندنەوەی کتێب بووە، بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار لە گوێگر بکرێت، بە مەرجێک زانیارییەکی پێشینە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا هەبێت، ئەوا هەمان وەڵامی سەرەوە، ناوەکە دەکاتە ناوێکی ناسراو، بە مەرجێک لە کاتی دەربڕینیدا هێز لەسەر نیشای /را/کە دابنرێت. بڕوانە (٤٩) و هێڵکاریی (١٦).

٤٩_أ. دیروز چ کار کردی؟ (دوێنێ چیت کرد؟)

↓

ب. دیروز داشتم کتاب را می خواندم ناگهان صدای آمد. (دوێنێ خەریکبووم کتێبەکەم دەخوێندەوە، لە پڕ دەنگێک هات.)

{کتاب را} (٢)

هێڵکاریی (١٦)




## ٤/٣-٤-٤-٣-٢) فرێزی دیارخەریی نەناسراویی

مۆرفیمی نەناسراوییش، دیارخەرێکی بەندەو دەبێتە سەری پرۆژەسازدەری فرێزی دیارخەریی نەناسراویی_ ئەرکیی. بەوەش یەکێکی ترە لەو مۆرفیمانەی، کە دەچنە سەر ناوی گشتیی و دەیکەن بە نەناسراو، واتە ناوەکە لای گوێگر ئاشکراو ڕوون نییە (دایی جواد، 1344، 86). ئەگەرچیی بە بۆچوونی (حسینی، 1389 ،13)، کە لە (حمد، 2014، 74) وەرگیراوە، (ناتوانرێت مۆرفیمی نەناسراویی لە زمانی فارسییدا بە گیرەک/ لاگر دابنرێت، چونکە وەک مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیی و ڕێزمانیی، پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی و سینتاکسیی دەکەن.)، بەڵام لێکۆڵینەوەکە کار لەسەر ئەوە دەکات، کە مۆرفیمی نەناسراویش هەمان هەڵسوکەوتی لاگرە سینتاکسییەکانی هەیەو پەیڕەوکردنی یاسای فەرهەنگیی و سینتاکسییش، ئەدگارێکی بنەڕەتیی گشت توخمە پرۆژەسازدەرەکانە. یاساکانی بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی نەناسراویی_ئەرکیی لە زمانی فارسییدا لە (١٧)دا شێوازبەنددەکرێن، کە بۆ دارشتنەوەیان، سوود لە (دایی جواد، 1344، 88) وەرگیراوە.

١٧) أ_ $FDP \leftarrow D^0 + [N]$ بڕوانە نموونەی (٥٠_أ)

ب_ $FDP \leftarrow [N] + D^0$ بڕوانە نموونەی (٥٠_ب)

پ_ $FDP \leftarrow [D^0 + [[N] + D^0]]$ بڕوانە نموونەی (٥٠_پ)

٥٠_أ. {قلمی} (پێنوسێک)

ب. {یک مرد} (یەک پیاو ~ پیاوێک)

پ. {یک زنی} (ژنێک) نموونەکانی (٥٠)، لە (سەرچاوەی پێشوو،88) ەوە وەرگیراون.

لـە نموونـەکانی (50- أ،پ)دا دەردەکەوێـت، کـە (مـۆرفێمی نەناسـراویی /_ی/ لـە دوای نـاوێکی گشـتییەوە دێـت و نیشـانەی [+نەناسـراویی] بە ناوەکـە دەدات، یـان بـە جـۆرێکی دیکـە لـە ناسـراویی دووریدەخاتەوە.) (کامیار و دیگری، 1398، 72)، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (دایی جواد، 1344، 94)، (مشکوة الدین، 1370، 149)، (انوری و دیگری، 1387، 84).

(دەکرێـت لـە زۆربـەی زمانەکانـدا بـە گشـتیی و لـە زمـانی فارسییشـدا بەتایبـەتی، /_ی/ی نیشـانەی نەناسراویی و /یک/ وەک نیشانەی نەناسراویی، ڕەگ و ڕیشەی ژمارە (یەک) بن). (راسخ مهند، 1388، 86)، بۆیە هەندێکجار بە واتای نەناسراوایی بەکارناهێنرێن، بەڵکو واتای ژمارە دەدەن، بۆنموونە /یک/ دەکرێت مەبەست لـە ژمـارە بێت، نـەک نەناسـراویی، بەوەش واتـای (نـەک زیاتر) ی دەبێت، بۆیە لەم کاتەدا ناکرێت لەجیاتی ژمارە (یک)، نیشانەی /_ی/ دابنرێت. بڕوانە (٥١_أ)، کە پەیکاڵی (٥١_ب) نییە. لەلایەکی تریشەوە (یک) لە ڕستەیەکی نەرێدا، واتای مۆرفێمی سەربەخۆی (هیچ) دەگەیەنێت، کە واتای نـەرێ دەبەخشـێت، بۆیە لەگـەڵ /یـک/ی نەناسـراوییدا بـەکارناهێنرێت. (سـەرچاوەی پێشـوو، 89) بڕوانـە (٥١_پ،ت)

٥١_أ. یک خربزه خریدم. (یەک خربزە/ کاڵەکم کڕی._نەک زیاتر_) ≠ ب. خربزەای خریدم. (کاڵەکێکم کڕی.)

پ. من یک کاری نکردم. (من هیچ کارێکم نـەکردووە.) ت. *هـیچ یک کار نکردم (*هـیچ یـەک کارم نەکردووە.).

کەواتــە فــۆڕمی (یــک) هەڵگــری دوو ئەرک و واتــایە: (أ) ژمــارەیەکی بنجیــیەو وەک مــۆرفێمێکی سەربەخۆ، فرێزی دیارخەریی ژمارەیی_فەرهەنگیی بەرهەمدەهێنێت، (ب) بەپێچەوانەوە هەندێکجاریش نیشــانەی نەناســراوییەو حــوکمی مــۆرفێمێکی بەنــدی ئەرکیــی هەیە، بــۆیە فرێــزی دیــارخەریی نەناسراویی_ئەرکیی بەرهەمدەهێنێت.

هەر پەیوەست بەم بابەتەوە، گرنگە ڕۆڵی ئاوازەش لەبەرچاوبگیرێت، بەوەی (ئەگەرهاتوو هێز لەسەر (یک) دابنرێت، ئەوە ئاوەڵناوێکی ژمارەیی بنجییە، خۆ ئەگەر هێزی لەسەر نەبێت، ئەوە /یک/ نیشانەی نەناسراوییە، ئەوکات ئەگەر (یک) نیشانەی نەناسراویی بێت، ئەوا دەتوانرێت لە کۆتایی ناوەکەدا، /ـی/ی نەناسراوییش وەربگرێت. (کامیار و دیگری، 1398، 69). بەوپێیە ئەگەر ناوەکە تاک بوو، هاتنی /ـی/ لەسەر ناوەکە سەرپشکییە. بۆ زانیاریی زیاتر لەوبارەیەوە، بڕوانە (دایی جواد، 1344، 90-93)و تاقیکردنەوەی نموونەکان لە (٥٢)دا.

٥٢_أ. یک روسری فروختم. (یەک لەچکم فرۆشت._نەک زیاتر_)

ب. یک مداد خریدم./ یک مدادی خریدم. (یەک پێنووسم کڕی./ پێنوسیکم کڕی.)

دەکرێت نموونەی (٥٢_ب) بە خاڵێکی جیاوازیی نێوان زمانی کوردیی و فارسیی دابنرێت، چونکە لە زمانی کوردییدا ڕێگە بە فرێزێکی وەک {یک مدادی_پێنووسێک} نادرێت و، بەوپێیەی دوو مۆرفیمی نەناسراویی لە هەمانکاتدا، دابەشبوونێکی تەواوکەرانەیان دەبێت. هاوکات (ئەگەرهاتوو /ـی/ی نەناسراویی لە ڕستەیەکی شوێنکەوتوودا لە کۆتایی ناوێکی تایبەتییەوە هات، ئەوا لەم کاتەدا ناوەکە تایبەتمەندیی خۆی لەدەستدەدات.) (کامیار و دیگری، 1398، 72)، بڕوانە (٥٣)

٥٣. حافظی، کە من می شناسم عارف بزرگی است. (حافظێک/ ئەو حافظەی، کە من دەیناسم، عارفێکی گەورەیە.).

هەر پەیوەست بە مۆرفێمی نەناسراوییەوە، "ئەم مۆرفێمە بەندە، لە زمانی فارسیدا زیاتر شێوەی نووسەک بە خۆیەوە دەگرێت، تا گیرەک، چونکە هەر کاتێک لە فرێزی فراوانکراودا بێت، توانای ئەوەی هەیە بنکەی خۆی بگۆڕێت. ئەو بنکەیەی، کە وەریدەگرێت، نابێت بە بەشێک لێی و کەتیگۆریی ئەو بەشەئاخاوتنە پیشاننادات." (حمد، 2014، 204-205) بڕوانە (٥٤)

٥٤_أ. کتابی خریدم. (کتێبێکم کڕی)

ب. کتاب خوبی خریدم. (کتێبێکی باشم کڕی.)

پ. کتاب بزرگ خوبی خریدم. (کتێبێکی گەورەی باشم کڕی.)

ت. <u>کتێبێکی</u> باشی گران بەهام کڕی. (یک کتاب خوب گران قیمتی خریدم.)

نموونەی (٥٤_پ) ئەوە نیشاندەدات، کە لە فراوانکردنی فرێزی دیارخەریی نەناسراویی لە زمانی فارسییدا، ئەگەر چەند ئاوەڵناوێک بوونە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو، ئەوا نیشانەی نەناسراوییەکە دەچێتەسەر کۆتا ئاوەڵناو، کەچیی لە زمانی کوردییداو لە هەمان حاڵەتدا، نیشانەی نەناسراویی دەچێتەسەر ناوەکە. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٥٤_ت)

### ٤/٣-٤-٤-٣-٣) فرێزی دیارخەریی کۆ

سەرەکیترین نیشانەی کۆکردنەوە لە زمانی فارسییدا، نیشانەکانی /_ان/ و /_ها/ن. (قریب و دیگران، 1371، 35)، بە جۆرێک (ناوی گیانداران بە /_ان/ و ناوی گیاندار و بێگیانەکانیش بە /_ها/ کۆدەکرێنەوە). (دای جواد، 1344، 58)، بەڵام "نیشانەی کۆی /_ها/ نیشانەیەکی گشتگیرە" (کامیار و دیگری، 1398، 73). بەو واتایەی لە ئێستای زمانی فارسییدا، دەکرێت سەرجەم ناوەکانی تاک و بەرجەستەو واتایی و..... بەم نیشانەیە بکرێن بە کۆ/ کۆبکرێنەوە، بڕوانە {کتابها، دودها، آتشها، غمها، دردها}. ئەوەی پێویستە ئاماژەپێبدریت، زۆرجار دەرکەوتنی نیشانەی /_ها/ لەسەر فرێزێکی ناویی، واتای کۆی ناسراویی بە ناوەکە دەدات، بەمەش دەکرێت نیشانەی /_ها/ وەک یەکێک لە مۆرفیمە نائازادەکانی ناسراویی و نەناسراویی گۆبکات، ئەوکات فرێزی دیارخەریی کۆ بەرهەمبهێنێت. بڕوانە (٥٥). لە کاتێکدا لە زمانی کوردییدا، /_ان/ تەنها لە توانایدایە واتای کۆ بگەیەنێت، نەک چەمکی ناسراوییش بە ناوەکە بدات، بۆیە ناتوانرێت بە بێ بوونی دیارخەرەکانی ناسراویی و نەناسراویی، فرێزی دیارخەریی ئەرکیی بەرهەمبهێنرێت.

٥٥_أ. {کتابها} (کتێبەکان)
ب. {کتابهایی} (کتێبانێک)
پ. {مارها} (هەموو/ گشت مارەکان)

بە سەرنجدان لە نموونەی (٥٥_أ) دەردەکەوێت، نیشانەی /_ها/ واتای کۆی ناسراویی /_ەکان/ و لە (٥٥_ب)دا واتای کۆی /_ان/ و لە (٥٥_پ)یشدا، واتای ( گشت/ هەموو) ی بە ناوەکان بەخشیوە.

لێکەوتەی شیکردنەوەکانی سەرەوە پەیوەست بە فرێزی دیارخەرییەوە ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، بەوپێیەی سەرە ڕێزمانییەکان توخمی پڕۆژەسازدەرن، دەبنە هەڵگری ناوی فرێزەکە، هەربۆیە (أ) لە زمانی فارسییدا، دیارخەرە فەرهەنگییەکانی لە جۆری (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە، پلەی باڵای فرێزی ئاوەڵناویی)، فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی و دیارخەرە ئەرکییەکانی وەک

(ناسراویی، نەناسراویی، کۆ)، فرێزی دیارخەریی ئەرکیی، بونیاتدەنێن. (ب) خاڵی (أ) هۆی دیاریکردنی جۆری پارامیتەری سەری ڕێزمانیی دیاخەرەکانە، بە جۆرێک پەیوەست بە چەشنی دیارخەرەکانەوە، زمانی فارسیی، دوو پارامیتەرییە، بۆئەوەش دیارخەرە فەرهەنگییەکان، پەیڕەوی پارامیتەری سەرسەرەتا دەکەن و دیارخەرە ئەرکییەکانیش، پارامیتەری سەرکۆتا جێبەجێدەکەن.

## ٥/٣) فرێزی ئەرکیی لە زمانی فارسییدا

وەک لە بەشی دووەمدا خرایەڕوو، بەپێی تیۆری X-bar، فرێزە ئەرکییەکان "ئەو فرێزانەن، کە سەرەی لێکسیکییان نییە، سەرەکەیان بریتییە لە ئەرکێکی سینتاکسیی" (سەددیق، 2013، 164)، تێیدا (فرێزی تاف/ TP)، بەهۆی (T°) و فرێزی ڕێککەوتن/ AgrP یش، بەهۆی (Agr°)ەوە وەک دوو سەری ئەرکیی، بەرهەمدێن.

### ٣/٥-١) فرێزی تاف TP لە زمانی فارسییدا

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە ڕەگی کردار سەری ڕێزمانیی فرێزی کردارییەو پێکهاتەیەکی خورتیی و جێگیرە لە دروستەی فرێزەکەدا، بە جۆرێک هەڵگری کرۆک و واتای بنجیی کردارەکەیە. کرداریش دەلالەت لە کاتی ڕابردوو، یان ڕانەبردوو دەکات، لەمڕووەشەوە "هەموو جۆرەکانی کردار لە زمانی فارسییدا، لە دوو جۆر ڕەگی کردارەوە بەرهەمدەهێنرێن" (وحیدیان، 1343، 57). واتە هەر کردارێک دوو ڕەگی هەیە، ڕەگی ڕابردوو(بن ماضی)، ڕەگی ڕانەبردوو(بن مضارع). بشڕوانە (کامیار و دیگری، 1395، 33-34).

بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی فارسییدا، چوار مۆرفیمی تافی ڕابردوو دیاریکراون، ئەوانیش مۆرفیمەکانی /ید، اد، د، ت/ن، وەک /خوابیدن، افتادن، خوردن، کشتن/ (مشکوة الدین، 1370، 128)، مۆرفیمی تافیش، یەکێکە لە سەرە ئەرکییەکان و بەهۆیەوە پرۆژەی TP بەرهەمدێت، بە جۆرێک "مۆرفێمی تاف (عنصر زمان) لە حاڵەتی ئەرێدا بێت، یان نەرێ، دەچێتە سەر ڕەگی کردار" (جهرمی و دیگری، 1383، 159)و TP بەرهەمدەهێنێت. بڕوانە (٥٦) و هێڵکاریی (١٧)

٥٦_ $\{$قلم خرید$\}^{TP}$

هێڵکاریی (١٧)




بەمپێیە جێکەوتەی مۆرفێمی تاف جێگیرو نەگۆڕەو هەمیشە دەکەوێتە دوای ڕەگی کردارەوە، بەڵام گرنگە ئەوە بگوترێت، کە مۆرفێمی تافی ڕانەبردوو لە زمانی فارسییدا، فۆرمێکی مۆرفۆلۆژییانەی نییە، واتە (فۆرمی تافی ڕانەبردوو لە زمانی فارسییدا سفرە و لەڕێی پێشگری سینتاکسیی/ می_/یەوە نیشانەدەکرێت.) (مەعروف، 2020، 26)، بۆیە بۆ دیاریکردنی جێکەوتەی تاف لە زمانی فارسییدا، زیاتر پشت بە مۆرفێمی تافی ڕابردوو دەبەسترێت، لەبەرئەوەی وەک گوترا، جێکەوتەیەکی چەسپاوی هەیە. بڕوانە (٥٧)، بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی فرێزی تافەوە، بڕوانە (٢/٥_٢_١)

٥٧_أ. خور + د + م      کرداری ڕابردوو

ب. می + خور + م      کرداری ڕانەبردوو

## ٣/٥-٢) فرێزی ڕێککەوتن AGRP لە زمانی فارسییدا

لە زمانی فارسییشدا، مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن دەبنە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە، کە پەیکاڵی پرۆژەی ڕستەیە، بۆیە بە بێ ڕێککەوتن، دروستەی ڕستەیەکی تەواو و بێکەموکوڕیی، دەستناخرێت، بەوپێیەی بێ ڕێککەوتن، پێویستییە سینتاکسییەکانی ڕستە/ فرێزی ڕێککەوتن، تێرنەکراوە. لەمڕووەوە گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، پەیوەست بە زمانی فارسییەوە هاوشێوەی زمانی کوردیی، مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن، جڵەوی پرۆژەی ڕستەی فارسییان گرتووە، بەڵام جیاوازیی لەگەڵ زمانی کوردییدا لەوەدایە، کە (دروستەی قوڵی زمانی فارسیی بە یەک گواستنەوە دەگاتە دروستەی ڕووکەش، واتە لە پێکهاتەی سینتاکسیی

زمانەکەدا، قۆناغی پێش-ڕستەیی (presentence) و ڕستەیی (sentence) هەمان نواندنیان هەن. ئەمە جگە لەوەی، لە زمانی فارسییدا ڕێککەوتنی بکەریی لە هەردوو کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوودا دەکەوێتە کۆتاییەوە، هەربۆیە ڕستەی زمانی فارسیی پرۆژەی ڕێککەوتنە، واتە پارامێتەری ڕێککەوتن لە کۆتاییدا دەبێت و ڕێککەوتن دەچێتە سەرەوەی پرۆژەی ڕستە. (مەعروف، 2020، 28، 29)، بڕوانە (٥٨)و هێڵکاریی (١٨)

٥٨_ من قلم را خریدم.

هێڵکاریی (١٨)




## ٦/٣) گۆکردنی سینتاکسیی فریزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا

وەک گوترا لە دروستەی هەر فریزێکدا، سەرو تەواوکەر پێکەوە جێکەوتەکانی دروستەی قوڵ دەگرن، بەوەش $X^{-}$ گۆکردنی کەتیگۆریی سینتاکسیی دەبێت. لەوەوە (فریز کەرەستەیەکی ئاستی

ڕستەسازییە، ڕستەسازییش وەک ئاستێکی پێکهێنەری زمان، بریتییەلە لێکدانەوەی چۆنیەتیی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە فرێزداو ڕیزبەندیی فرێزەکان لە ڕستەدا.) (رەشید، 2015، 20). لەمەوە، هەر فرێزێکی فەرهەنگیی، دەتوانێت بەپێی جێکەوتەکەی لە سینتاکسدا، ئەرک و گۆکردنی سینتاکسیی هەبێت، بۆیە جیاوازیی دروستەی فرێزە فەرهەنگییەکە، کاریگەریی لەسەر ئەرکە سینتاکسییەکەی نابێت، بەڵکو لەلایەک ناواخنی کردارەکان و لەلایەکی تریشەوە جێکەوتە، گۆکردنی سینتاکسیی فرێزەکان دیاریدەکەن. بڕوانە وەچەپاری (٧/٢)ی نامەکە.

### ١-٦/٣) گۆکردنی بکەریی فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا

ئەو کەتیگۆرییە سینتاکسییانەی، دروستەی فرێزی فەرهەنگییان هەن و لە جێکەوتەی بکەردا گۆدەکەن، دەشێت دروستەکەیان لە جۆری (فرێزی خستنەپاڵی ناویی، فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی، فرێزی دیارخەریی) بن، بڕوانە گۆکردنی فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٥٩)دا.

| | | |
|---|---|---|
| ٥٩_أ. <u>پدر حسین</u> رفت. | (باوکی حسین رۆشت.) | NP |
| ب. <u>آدم باهوش</u> وقت را تلف نمی کند. | (مرۆڤی بەئاگا کات بە فیڕۆنادات.) | AP |
| پ. <u>این پسرها</u> در اینجا کار می کنند. | (ئەم کوڕانە لێرە کاردەکەن.) | DP |
| ت. <u>علی</u> رفت و آمد می کند. | (عەلی هاتوچۆ دەکات.) | DP |
| ج. <u>شیراز</u> به علمای بزرگ خود می نازد | (شیراز شانازیی بە زانا گەورەکانی خۆیەوە دەکات.) | NP |
| ح. <u>ما</u> از کوهنەوردی برگشتیم. | (ئێمە لە شاخڕەوی گەڕاینەوە.) | DP |
| خ. <u>دووتامرد</u> از این ور دویدند. | (دوو دانە پیاو لێرەوە ڕایانکرد.) | DP |

### ٢-٦/٣) گۆکردنی فرێزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی جێگری بکەردا

بۆ گۆکردنی سینتاکسییانەی فرێزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی جێگری بکەردا، بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٦٠)دا.

| | | |
|---|---|---|
| ٦٠_أ. <u>این در</u> بستەشدەبود. | (ئەم دەرگایە داخرابوو.) | DP |
| ب. <u>شش دانش آموز</u> برگزیدەشدند. | (شەش خوێندکار هەڵبژێردران.) | DP |
| پ. <u>علی</u> مثل یک پهلوان شناختەشد. | (عەلی وەک پاڵەوانێک ناسرا.) | DP |

### ٣-٦/٣) گۆکردنی بەرکاریی فرێزی فەرهەنگیی

ئەو فرێزە فەرهەنگییانەی، گۆکردنی سینتاکسیی بەرکاریان دەبێت، دروستەکانی (فرێزی خستنەپاڵی ناویی، فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی، فرێزی دیارخەریی، فرێزی پێشناویی)یان هەن، بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٦١)دا.

٦١_أ. پدر علی را دیدم. (باوکی عەلیم بینی.) NP

ب. ماشین خوب دارم. (سەیارەی باشم هەیە.) AP

پ. دوتاخانه خریدم. (دوو دانە خانووم کڕی.) DP

ت. من او را زدم. (من لە ئەوم دا.) PP

ج. اورا در بازار دیدم. (ئەوم لە بازاڕ بینی.) DP

ح. این پول را یافتم. (ئەم پارەیەم دۆزییەوە.) DP

### ٤-٦/٣) گۆکردنی ئاوەڵکرداریی فرێزی فەرهەنگیی

ئەو فرێزە فەرهەنگییانەی، لە جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکردارییدا دەرکەوتنی سینتاکسییان هەن، بەگشتی لەڕووی دروستەوە (فرێزی پێشناویی، فرێزی دیارخەریی) یان دەبێت، بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٦٢)دا.

٦٢_أ. او با عجله کتاب را خواند. (ئەو بە خێرایی کتێبەکەی خویندەوە.) PP

پ. از راه شیراز برگشتیم. (لە شیرازەوە گەڕاینەوە.) PP

ت. پس فردا گل هارا می چانم. (دووسبەی گوڵەکان دەڕوێنم.) DP

### ٥-٦/٣) گۆکردنی فرێزی فەرهەنگیی لەجێکەوتەی بەشەبکەردا

فرێزە فەرهەنگییەکان بە دروستەکانی (فرێزی دیارخەریی، فرێزی خستنەپاڵی ناویی، فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی)، جێکەوتەی بەشەبکەر پڕدەکەنەوە. بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (٦٣)دا.

٦٣_أ. فرزانه دختر باهوشی است. (فەرزانە کچێکی بەئاگایە.) DP

ب. اصفهان شهر قدیمی است. (ئەصفهان شارێکی دێرینە.) NP

پ. دوتا گولدانه زیبا بودن (دوو گوڵدانەکە جوان بوون.) DP

ت. این گل ها سرخ هستند. (ئەم گوڵانە سورن.) DP

ج. مادر علی مهربان است. (دایکی عەلی دڵسۆزە.) NP

ح. آب سرد خوشمزه است. (ئاوی سارد خۆشە.) AP

# ئەنجام بۆ زمانی کوردیی

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی کوردیی، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:

١. فریزە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردییدا، بەهۆی کەتیگۆرییەکانی (V° ‘P° ‘N° ‘A°)ەوە، کە تیۆری X–bar وەک سەری پرۆژەسازدەر دیاریکردوون، بونیاتدەنرێن، بەوپێیەی ئەو توخمانە ئازادن و خاوەنی فۆڕمی سەربەخۆی فەرهەنگیین، بۆیە پاش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی و بەکۆنکرێتکردنی ناواخنەکەیان، فریزەکان لە سنوری ڕێسای پرۆژەسازداندا بەرهەمدەهێنرێن. هەمبەر بەوە، سەرە ئەرکییەکانی (تاف، ڕێککەوتن)، پرۆژە بەهەمهاتووەکەیان لە جۆری فریزی ئەرکیی دەبێت، بۆیە هەریەک لەو فریزانە پەیوەست بە چەشنی (سەر)ەوە، لەڕووی دروستەو گۆکردنەوە، لەیەکجیاوازن.

٢. دیارخەرەکان پەیوەست بە دروستەوە لە زمانی کوردییدا دوو جۆرن، دیارخەری سەربەخۆو دیارخەری بەند، کە هەریەکەیان بەرپرسی بەرهەمهێنانی پرۆژەی جیاوازی DP ن. بەوەش جۆرو ئەدگاری (سەرە فەرهەنگیی)یەکان، دەبنە سەنگی محەک بۆ ناسینەوەو دیاریکردنی (فریزی دیارخەریی فەرهەنگیی) و دانانی هێڵێکی جیاکەرەوە لەگەڵ (فریزی دیارخەریی ئەرکیی)دا. لەوڕووەوە، (أ) ئەو دیارخەرانەی، فۆڕمی سەربەخۆیان هەن، وەک (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە، پلەی باڵای ئاوەڵناو)، دەبنە سەرەو دەرکردە بەرهەمهاتووەکەشیان، فریزی دیارخەریی فەرهەنگیی دەبێت. کەواتە سەرباری کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی خاڵی (١)، ئەم توخمانەش وەک سەری پرۆژەسازدەری فریزی فەرهەنگیی لە جۆری LDP جڵەوی پرۆژەکەیان گرتووەو حوکمیدەکەن. (ب) دیارخەرە بەندەکان لە کوردییدا، مۆرفیمەکانی (ناسراویی و نەناسراویی)ن، لەوڕووەشەوە، ئەگەرچیی ئەمجۆرە دیارخەرانە پرۆژەسازدەرن، بەڵام لەبەرئەوەی بەندن و بە مۆرفیمی سەربەخۆ نین، بۆیە پرۆژەکەیان لە جۆری فریزی دیارخەریی ئەرکیی FDP دەبێت. بەوپێیە، پەیوەست بە خاڵی (ب)ەوە، سەرە ئەرکییەکان جگەلە (تاف و ڕێککەوتن)، دیارخەرەکانی (ناسراویی و نەناسراویی)ش دەگرنەوە.

٣. تاقیکردنەوەکانی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی کوردیی ئەوە نیشاندەدەن، کە زمانەکە دوو پارامیتەریی پەیڕەودەکات، بە بەڵگەی ئەوەی (أ) لەلایەک سەرە پرۆژەسازدەرەکان لە دروستەکانی ( VP, AP, NP, TP, AGRP, FDP)دا، جێکەوتەی کۆتایی فریزەکە دەگرن، وێڕای ئەوەی لە فریزی دیارخەریی وشەی نیشانەشدا، بە هەمانشێوە گریمانەی سەرکۆتاییبوونیان دەکرێت، چونکە پاشماوەی مۆرفیمەکە لە کۆتاییدا بۆ پاراستنی ڕێسای سەرکۆتایی دەمێنێتەوە. (ب) لەلایەکی دیکەوە، ئەو فریزانەی پرۆژەی سەرە ڕێزمانییەکانی (پێشناو، ژمارە، ڕادە، پلەی باڵای ئاوەڵناو)ن، بەپێی جێکەوتەی سەرەکان، پارامیتەری سەرسەرەتا جێبەجێدەکەن.

٤. پەیوەست بە دیاخەرەکانەوە، چەمکی ناساندن لە زمانی کوردییدا مۆرفۆلۆژییانە فۆڕمی بۆ داڕێژراوە، کە بە مۆرفیمی بەند دەنوێنرێت، بۆیە بە تەنها توانای ڕوودان و گۆکردنیان نابێت، بەڵکو لە

پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەیاندا، تەواوکەرێک لە پۆلەڕەگەزی (ناو)، یان پێکهاتەکانی (دەستەواژیلەی ناویی، دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی) هەڵاوێردەکەن و بەهۆیانەوە پڕۆژەی فرێزەکە تێردەکەن.

٥. لە زمانی کوردییدا، بۆ دروستکردنی ئەو ناوە کردارییانەی، کەرتی یەکەمیان وشەی بیانیین، ڕێگای لێکدان دەگیرێتەبەرو پێواژۆکە بەهۆی خستنەتەکیەکی ناوە کردارییەکەی /کردن/ەوە جێبەجێدەکرێت.

٦. پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/، ڕۆڵیان لە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کرداردا هەیەو فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێی ناوە کردارییەکان دادەڕێژن، بەوەش دەروازەی زانیاریی نوێیان لە فەرهەنگدا بۆ تۆماردەکرێت. لێکەوتەی ئەمەش، ئەوجۆرە کردارانەی زمانی کوردیی، هەردوو دیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییشیان هەن و جیاوازییەکەش لە فەرهەنگدا بە فۆرم داڕێژراوە.

٧. بۆ گۆڕینی هێزی کردار لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، مەرجی دروستەیی_ گۆڕانی فۆرم لەئارادایە، کە بەهۆی لکاندنی مۆرفیمی /_اندن/ەوە، مۆرفۆلۆژییانە لە فەرهەنگدا فۆرمی بۆ دادەڕێژرێت، بەوەش پەیوەست بە گۆڕینی هێزی کردارەکەوە، جگەلە فۆرم، زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکانیشی، گۆڕانیان بەسەردا دێت، کە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی و دواتریش لە نواندنە سینتاکسییەکەی کردارەکەدا، دەنوێنرێن.

# ئەنجام بۆ زمانی فارسیی

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی فارسیی، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:
١. توخمەکانی (A° ،N° ،P° ،V°) لە زمانی فارسییدا حوکمی $X^0$ یان هەن و دەسەڵاتی هەڵاوێرکردنی تەواوکەریان هەن، کە هەریەکێکیان پەیوەست بە سەربەخۆیی فۆڕم و ئازادیی ڕوودانیانەوە، بە سەری فەرهەنگیی هەژماردەکرێن، بۆیە دەبنە هەڵگری ناوی فرێزەکەو پاش برینی هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی پرۆژە ناوەندییەکان، دەرکردەی پێواژۆ سینتاکسییەکەیان لە جۆری فرێزی فەرهەنگیی دەبێت. لە بەرامبەردا، (تاف و ڕێککەوتن) بە سەری ئەرکیی دادەنرێن، هەر لەبەرئەوەشە جڵەوی پرۆژەی فرێزە ئەرکییەکانیان گرتووەو حوکمیاندەکەن.

٢ جۆری دیارخەرەکان لە زمانی فارسییدا، پەیوەست بە دروستەوە (ئازادو بەند)ن، هەردوو جۆرەکەش جڵەوی پرۆژەی DP یان گرتووە. لەو ڕوانگەیەوە (أ) دیارخەرە سەربەخۆکان، (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە، پلەی باڵای ئاوەڵناو) دەگرنەوە، کە وەک سەری ڕێزمانیی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی گۆدەکەن. بۆ ئەوەش، بە هەمان فۆڕمەوەو بە سەربەخۆیی، دەبنە تێکردە لە بەرهەمهێنانی LDP دا، کە بە پەیڕەوکردنی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی D°+[Y]، ویستە ناوەکییەکەیان تێردەکەن و دروستەیەکی بێکەموکوڕیی LDP بەرهەمدێنن. کەواتە جگەلە توخمەکانی ( V° ،P° ،N° ،A°)، هاوکات ئەم توخمانەش، وشەی بەدەسەڵاتن و پەیوەست بە ناواخنەکەیانەوە، فرێزی فەرهەنگیی بونیاتدەنێن. (ب) مۆرفیمەکانی (ناسراویی و نەناسراویی و کۆ)، وەک دیارخەری بەند لە زمانەکەدا گۆدەکەن، بەوپێیەی بەندن و ئەرکی سینتاکسییان هەن، پرۆژە بەرهەمهاتووەکەیان لە جۆری فرێزی دیارخەریی ئەرکیی FDP دەبێت، بەوەش سەرە ئەرکییەکان سەرباری (تاف و ڕێککەوتن)، دیارخەرەکانی (ناسراویی و نەناسراویی و کۆ)ش دەگرنەوە.

٣. بەڵگەو شیکردنەوەکان لە زمانی فارسییدا ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە پێڕەوی دوو پارامیتەریی لە زمانەکەدا جێبەجێدەکرێت، بەوپێیەی (أ) سەرە پرۆژەسازدەرەکان لە دروستەکانی ( VP, AP, NP, TP, AGRP, FDP) دا، سەرکۆتایین، هەروەک دەتوانرێت لەگەڵ نیشانەی نەناسراویی /یک/یشدا، مۆرفیمی /ـی/ی نەناسراویی لە کۆتایی تەواوکەرەکەدا بەکاربێت. (ب) هەرچیی پرۆژەی سەرە ڕێزمانییەکانی (وشەی نیشانە، پێشناو، ژمارە، ڕادە، پلەی باڵای ئاوەڵناو)یشن، پارامیتەری سەرسەرەتا جێبەجێدەکەن.

٤. پێشبینییدەکرێت پێڕەوی زمانی فارسیی پەیوەست بە مۆرفیمی ناسراوییەوە، دووپەلکیی بێت، (أ) لەلایەک چەمکی ناساندن لە زمانەکەدا سفرە، واتە فۆڕم و نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانەی نییە. (ب) لەلایەکی تریشەوە، بوونی نیشانەکانی ناسراویی لە زمانی فارسییداو گۆکردنیان لەگەڵ (ناو)دا، بەڵگەن بۆ بوونی مۆرفیمەکە.

٥. لە زمانی فارسییدا، هەردوو پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانەو لێکدان لە دروستکردنی فۆڕم و واتای نویی ئەو ناوە کردارییەکاندا جێبەجێدەکرێن، کە وشەیەکی بیانیی، کەرتی یەکەمیان پێکدەهێنێت.

٦. زمانی فارسیی، فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی بۆ پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ نییە، بەوەش ناوە کردارییەکانی بەو فۆڕمانەوە نیین، کە لەڕێی (گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کردار)ەوە هەڵگوێزراون، ئەمەش ڕەنگرێژی ئەوە دەکات، کە ئەو جۆرە کردارانە لە زمانەکەدا دیوی فەرهەنگییان نیین، بەڵکو تەنها دیوی سینتاکسییان هەن. بەوەش پێشناوە فەرهەنگییەکان بە فۆرم جیانەکراونەتەوە، بەڵکو جیاکارییەکەیان تەنها لە سینتاکسدایەو تێیدا زانیاریی ناواخنی کردارەکان بەهۆی سترێسەوە دەردەخرێن، بەجۆرێک کردارەکە تەواوکەرێکی دیکەی لە جۆری PP دەبێت.

٧. کردارەکان بە هەمان فۆڕمەوە لە گۆڕینی هێزی کردارەکەدا لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، ڕوودەدەن، بۆیە پێشبینییدەکرێت گۆڕانەکە بەهۆی سترێس/ قورساییخستنەسەرەوە وەک جێگرەوەی فۆڕمداڕشتنی مۆرفۆلۆژییانە ڕووبدات، کە تێیدا زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکانی ناواخنی کردارەکە گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەروەک لە بەرجەستەکردنی ناواخنی کردارەکەدا بە کەتیگۆریی سینتاکسیی/ تەواوکەر، نیشاندەدرێن.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**به زمانی کوردیی:**

**أ-کتێب:**


1. برزو، ئومێد (2012). دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا.چاپی دووەم. چاپخانەی گەنج. سلێمانی.
2. بێدار، جمال (2022). ڕێزمانی هۆرامی، چاوگ-کار. چاپی یەکەم. لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ژیوا. چاپخانەی کارۆ.
3. حسەین، ئازاد (2009). سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا. چاپخانەی یاد.
4. حسەین، شیلان (2012). پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا. چاپخانەی کارۆ.
5. خۆشناو، نەریمان (2012). ڕستەسازی، چاپی یەکەم. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.
6. عەبوزەید، سانیا (2019). جهگۆرینا کەرستان د رستێدا ((گۆڤەرا بەهدینی)). چاپی یەکەم. سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی.
7. سەعید، سازان (2020). نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. سلێمانی.
8. فەتاح، محەمەد (2010). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. چاپی یەکەم. دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.
9. قادر، سەباح (2009). هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

10. محێددین شوانی. ڕەفیق (2003). ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا. زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

11. مەحویی، محەمەد (2011). بنەماکانی سینتاکسی کوردیی. بەرگی یەکهەم. چاپخانەی پەیوەند سلێمانی.

12. مەحویی، محەمەد و قادر، عومەر و حسێن، شیلان (2010). دروستەی کردار– بنەماو دیاردە. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

13. مەعروف، عەبدولجەبار (2010). دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا. مەڵبەندی کوردۆلۆجی. زانکۆی سلێمانی.

14. ______________ (2020). لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. چاپخانەی سارا.

15. محەمەد، حاتەم (2009). پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان. چاپی یەکەم. چاپخانەی خانی. دهۆک.

## ب– نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە)

16. ئەحمەد، بڕوا (2011). دۆخ لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان. زانکۆی کۆیە.

17. احمد، ژینۆ (2023). جێندەر لە پێڕەوی فەرهەنگ و ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییدا. نامەی ماجستێر. کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور. زانکۆی هەڵەبجە.

18. حاجی، ڤیان (2007). کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە ((شێوەزاری کرمانجی سەروو)). نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

19. حسەین، ئازاد (2001). ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا. نامەی ماجستێر. زانکۆی سلێمانی.

20. حسەین، شیلان (2011). پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

21. حەسەن، مستەفا (2010). کارتێکردنی هەندێ لایەنی سینتاکسیی زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردی. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

22. حمد، شیروان (2014). توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕایەڕاندنی ئەرکی سینتاکسییدا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سلیمانی.

23. ڕەسول، خەسرۆ (2012). ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی تیۆری ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سۆران.

24. ڕەشید، طه (2015). ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژووروودا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

25. سەعید، سازان (2019). نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.

26. سەددیق، شێرزاد، (2013). ڕستە بەپێی ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سۆران.

27. سەعید، محمد (2015). فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

28. عبدالرحمن، مصطفى (2022). دروستەو دەرکردە واتاییەکانی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

29. عەبدولڕەحیم، عوسمان (2014). وشەسازی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

30. عەبدولا، گۆنا (٢٠١٣). دروستەی زانیاریی لە زمانی کوردیدا. نامەی ماجستێر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

31. عەبدولا، نیهاد (2022). ڕۆنانی گرێ لە شێوەزاری هەرکیدا بە پێی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە. نامەی ماستەر. فاکەڵتیی ئاداب. زانکۆی سۆران.

32. عەزیز، ئاریان (2020). ناوی کرداریی، کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز. تێزی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

33. عەلی، پێشڕەو (2015). یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکدا. نامەی ماجستێر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

34. عەول، محەمەد (2008). کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خوارووودا. نامەی دکتۆرا. کۆلێجی زمان. زانکۆی سلێمانی.

35. فەتاح، شنە (2006). ئاوەڵناو وەک کەرەستەی فەرهەنگیی و سینتاکسیی لە شێوەزاری هەورامیدا. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

36. قادر، ئاوات (2015). ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

37. محەمەد، بژوێن (2016). نواندنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. سکولی زمان. زانکۆی سلێمانی.

38. محەمەد، حاتەم (2000). فرێزی ناویی و فریزی کاری لە کرمانجی ژووروودا. نامەی ماستەر. زانکۆی سلێمانیی.

39. محەمەد، فەرەیدوون (1998). هەندێ لایەنی ڕستەسازی زاری هەورامی. نامەی دکتۆرا. کۆلێجی ئاداب. زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر.

40. مەجید، ئارام (2016). دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کرداریدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

41. محمد، شهرزاد (2016). ڕێکەوتن لە دروستە سینتاکسییەکانی شێوەزاری هەورامیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی گەرمیان.

42. والی، هەژار (2015). بەبەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. فاکەڵتی پەروەردەو ڕامیاری چەمچەماڵ/ سکوڵی پەروەردە. زانکۆی سلێمانی.

43. یونس، سەمیرە (2013). سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

## پ- گۆڤار:

44. مەعروف، عەبدولجەبار (2017). پارامێتەری سەری ڕێزمانی لە زمانی کوردیی و فارسییدا. گۆڤاری زانکۆی گەرمیان. بەرگی (1). ژمارە (12).

45. مەعروف، عەبدولجەبار و قادر، کاروان (2011). کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا. ژمارە 186. مجلة علمیة محکمة تصدر عن کلیة التربیة. ابن رشد. بغداد.

46. مەعرووف، عەبدولجەبار و محەمەد، بژوێن. (2018). واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی لە زمانی کوردیدا . گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی. ژمارە 41.

47. سعید،سازان. پرۆژەی سەری ئەرکیی لە زمانی کوردییدا . توێژینەوەی بڵاونەکراوە.

**ت- چاوپێکەوتن**

48. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (2022/11/8). زانکۆی سلێمانی

49. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (2023/3/7). زانکۆی سلێمانیی.

**بە زمانی فارسیی:**

**أ-کتێب**

50. أگریدی، ویلیام و دیگران (1389). در آمدی بر زبانشناسی معاصر. مترجم (درزی، علی). چاپ سوم. چاپ و صحافی: مهر قلم.

51. انوری، حسن و گیوی، حسن (1387). دستور زبان فارسی (2) .ویرایش سوم چاپ چهارم. چاپخانه خاشع.

52. بهار، شادروان و یاسمی، غلامرضا و دیگران (1343). دستور زبان فارسی. (برای سالهای دوم وسوم دبیرستانها).چاپخانه سپهر. شرکت سامی طبع نشر کتابهای درسی ایران.

53. یول جورج، (1984). بررسی زبان. مترجم (بهرامی، علی). ویراست چهارم. تهران.

54. حق شناس، علی و  سمیعی، احمد و دیگران (1382). زبان فارسی (3). چاپ پنجم چاپخانه شرکت چاپ و نشر کتابهای درسی ایران. تهران.

55. حق شناس، علی و دیگران (1381). زبان فارسی (2). چاپ پنجم چاپخانه شرکت اخست (سهامی عام). تهران.

56. دایی جواد، رضا (1344). دستور زبان فارسی و راهنمای تجزیەو ترکیب. چاپ سوم. چاپ مهین.

57. دبیر مقدم، محمد (1388). پژوهشهای زبان شناختی فارسی. چاپ دوم. مزرکز نشر دانشگاهی. چاپ و صحافی: سامان. تهران.

58. دهخدا، علی اکبر (1372-1373)، لغت نامه دهخدا، الناشر: روزنه- تهران-ایران.

59. رحیمی، فاتح (1340). دستور زبان کردی (هەورامی). چاپ سوم. سنندج.

60. سمیعی، احمد و صفوی، کورش ودیگران (1387). مبانی زبان شناسی. درس نامه‌ی دوره کاردانی و کارشناسی زبان و ادبیات فارسی. چاپ اول. چاپخانه مردسه. تهران.

61. فرامکین، ویکتوریا (1387). درامدی بر زبان( زبان شناسی همگانی). مترجم: بهرامی، علی و ضیاءالدین، سهیلا. چاپ اول. چاپخانه گوهر اندیشه.

62. فرشیدورد، خسرو (1394). دستور مختصر امروز بر پایه زبانشناسی جدید. چاپ دوم. چاپ رامین. تهران.

63. قریب، عبدالعظیم و همایی ، جلال و دیگران (1371). دستور زبان فارسی پینج استاد. نوبت چاپ سوم. چاپ رخ. تهران.

64. کامیار، تقی ویحدیان و عمران، غلامرضا، (1398). دستور زبان فارسی (1). مرکز پخش و نمایشگاه دائمی.تهران.

65. مشکوەالدین، مهدی ( 1386). سیر زبانشناسی. انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد.

66. ___________ (1370). دستور زبان فارسی بر پایه نظریه گشتاری. چاپ دوم. چاپ مؤسسه چاپ و انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد.

67. هادسن، گرور (1382). مباحث ضروری و بنیادین زبان شناسی مقدماتی (ضروریات زبان شناسی مقدماتی). مترجم (بهرامی، علی). چاپ سوم.چاپخانه گوهر اندیشه. تهران.

68. وحیدیان، تقی (1343). دستور زبان عامیانه. فارسی و بررسیهای تازه در دستور زبان فارسی. ناشر مشهد- کتابفروشی باستان. تهران.

69. ابوالقاسمی، محسن (1373). تاریخ زبان فارسی. تهران: انتشارات سمت.

69.اعطار شرقی، نوید (1399). ساخت و ترتیب وابسته‌های پسین هسته گروه اسمی در زبان فارسی.

70.خیامپور،عبدالرسول (1344). دستور زبان فارسی. چاپ پنجم. چاپ شفق. تبریز. تهران.

71.سعدی، شیخ مصلح الدین. (1368). گلستان سعدی. تصحیح و توضیح (غلامحسین یوسفی). تهران: انتشارات خوارزمی.

72.اشرف صادقی، علی و ارژنگ، غلامرضا (1358). دستور سال دوم آموزش متوسطه عمومی. فرهنگ و ادب. وزارت آموزش و پرورش. تهران.

73.ناتل خانلری، پرویز (1374). تاریخ زبان فارسی. تهران. نشر سیمرغ.

**ب_ مقاله:**

74.جهرمی، زینب و حق شناس، علی (1383). ساختار هسته گروه فعلی در زبان فارسی معیار. نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی. دانشگاه شهید باهز کرمانی.شماره 15 (پیاپی 12).

75.راسخ مهند، محمد (1388).معرفه‌و نکره در زبان فارسی.مجله دستور. ویژنامه فرهنگستان (دستور) ماه اسفند. ژماره 5.

76.رضائی، حدائق(1390).جایگاه هسته در زبان فارسی. تأملی از دیدگاه رده شناسی در زمانی.مجله پژوهش های زبان شناسی.دانشگاه اصفهان. سال سوم. شماره دوم.

77.قطره، فریبا (1385). تصریف در زبان فارسی. پایان نامه دکتورا زبانشناسی. دانشگاه علامه طباطبایی.

78.کسائیان، زهره (1380). ساخت گروهی در زبان فارسی تحلیلی بر اساس نظریه (ایکس تیره). پژوهش دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه اصفهانی. دوره دوم. شماره بیست و چهارم و بیست و پنجم.

79.معین زاده، احمد. (1384). زبان فارسی به مثابه زبانی هسته اغازین . نشریه زبان شناسی. شماره 2.

80.نعمت زاده، شهین (1375). پارامتر هستەو نمایەسازی: مقایسەای بین گروه اسمی انگلیسی و فارسی. اطلاع رسانی دوره 12. شماره 1.

## به زمانی عەرەبیی:

81.باقر، مرتضی (2002). مقدمة في نظرية القواعد التوليدية. الطبعة الاولى. دار الشروق. للنشر والتوزيع. عمان. الاردن.

## به زمانی ئینگلیزیی:

82. AARONS, D. (1994), ASPECTS OF THE SYNTAX OF AMERICAN SIGN LANGUAGE, Doctor of Philosophy, BOSTON UNIVERSITY.

83. Abney, S. (1987), THE ENGLISH NOUN PHRASE IN ITS SENTENTIAL ASPECT, DOCTOR OF PHILOSOPHY IN LINGUISTICS. Cambridge, MIT.

84. Aitchison, J. (1999), LINGUISTICS, Fifth edition, NTC/ Contemporary Publishing, Lincolnwood )Chicago), USA.

85. Alexander, L. (2003). Longman English Grammar, Twentieth impression, BRITISH LIBRARY CATALOGUING IN PUBLICATION DATA, Longman Publishing, Printed in China.

86. Carnie, A, (2001), Syntax, Blackwell Publishers, Oxford.

87. CARNIE, A. 2011, MODERN SYNTAX.

88. Cook. V. & Newson, M. (1997), Chomsky's Universal Grammar, second edition, Blackwell Publishers.

89. Cook. V. & Newson, M. (2007), Chomsky's Universal Grammar, Third edition, Blackwell Publishing

90. Chomsky, N. (1986a), knowledge of language: its nature, origin, and use, New York, praeger.

91. CRUSE, A.(2006), A Glossary of Semantics and Pragmatics.

92. Crystal, D. (2003) A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.

93. Dalarna, H and Clouppsats, E (2006). X-bar thory and standard Arabic. Said Tamadla, ho6 saita @ du.se

94. Dryer. M.s., (2007). Noun phrase stracture. Language. Typology and syntactic description, 2

95. .Haegeman, L. (1994), introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishing.

96. _____________ (1998), Introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishers Ltd.

97. 96.Gibson, T. (2005), Psycholinguistics: Syntax II/ https://ocw.mit.edu/courses/brain-and-cognitive-sciences/9-59j-psycholinguistics-spring-2005/lecture-notes/0208_syntax_2.pdf

98. KATAMBA, F. and STONHAM, J.(2006), Morphology, 2nd edition.

99. Laufer, B., (1989). A factor of difficulty in vocabulary learning: Deceptive transparency. AlLA review.6 (1).

100. MATTHEWS, P. H. (2007), Oxford CONCISE DICTIONARY OF Linguistics, Second Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.

101. Maggie,Taller man(1998),Understanding syntax.

102. Musabhien, M. (2008), Case, Agreement and Movement in Arabic A minimalist Approach. The Degree of Doctor of Philosophy, School of English Literature Language and Linguistics, Newcastle University.

103. Ott, D. (2015), X-bar theory/ http://artsites.uottawa.ca/dennis-ott/doc/Week-3.pdf .

104. 103.Sun, W. (2015), X-bar Theory, Peking University./http://59.108.48.12/lcwm/course/fs/lec/lec03.pdf

105. Trask, R.L. and Trask, R.L., (1999). Key concepts in language and linguistics. Psychology prees.

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

106. 105.http://davpps.in/File/8813/determiners.pdf .

107. 106.https://repository.upenn.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1108&context=ircs_reports .

108. https://www.dastur.info/persian-grammar/5-determiners-and-determinative- phrases/.

# چکیده


این تحقیق با عنوان "عبارات فرهنگی در زبان‌های کردی و فارسی" به هدف نمایش تولید عبارات فرهنگی مرتبط با عناصر فرهنگی انجام شده است. این مطالعه شامل نظریه‌های اختیار و پیوند می‌شود و به خصوص بر روی نظریه X-bar تمرکز دارد. اطلاعات زبان‌شناختی در فرهنگ به صورت انتزاعی در ساختارهای زبانی نمایان می‌شود و عباراتی از هر دو زبان کردی و فارسی را شامل می‌شود. برای دستیابی به این هدف، عنصر X° با عناصر ساخت پروژه مرتبط شده و Y برای همه مکملها پیشنهاد می‌شود. این مطالعه به سه بخش تقسیم شده است.

در بخش اول، که نظری است، دیدگاه‌های مختلفی را در مورد تشخیص عبارت معرفی می‌کند، به ویژه تشکیل عبارت، نظریه X-bar و دیدگاه کاربردی. سپس نظریات کاربردی در مطالعه معرفی می‌شوند. از جمله نقاط مهم این تحلیل می‌توان به نقش عناصر X-bar و تأثیر آنها بر تشکیل عبارات فرهنگی اشاره کرد. همچنین، تأثیر فرهنگ و مفاهیم فرهنگی بر نحوه شکل‌گیری و تفسیر عبارات در هر دو زبان مورد بررسی قرار می‌گیرد. بخش دوم به تولید یک پروژه عبارت فرهنگی در زبان کردی با تکیه بر سرفصلهای فرهنگی (V، P، A، N / D) تمرکز دارد. این فرآیند منجر به تولید پروژه‌های عبارت فرهنگی (VP، PP، AP، NP / DP) با رعایت قوانین پروژه‌ای تأسیس شده می‌شود. بخش سوم به عبارات فرهنگی در زبان فارسی می‌پردازد. این بخش فرآیند ساخت عبارات فرهنگی در زبان را توضیح می‌دهد که مانند زبان کردی بر اصول نظریه X-bar تکیه دارد. تجزیه و تحلیل این بخش به نتایج متعددی منجر می‌شود که شباهتها و تفاوتهای بین این نوع عبارات در هر دو زبان را از نظر قوانین و دستور زبان برجسته می‌کند. در نهایت، به نتیجه‌گیری‌ها و پیشنهادات نهایی می‌پردازد. این بخش به خلاصه‌کردن نتایج اصلی تحقیق و ارائه توصیه‌هایی برای تحقیقات آتی در این زمینه می‌پردازد. همچنین، اهمیت این تحقیق در افزایش دانش در زمینه زبان‌شناسی فرهنگی و تأثیرات فرهنگی بر زبانها و ارتباطات بین فرهنگی را تأکید می‌کند. در نتیجه، این تحقیق به تطبیق و تحلیل عبارات فرهنگی در دو زبان کردی و فارسی می‌پردازد. این تحلیل به معرفی تفاوت‌ها و تشابه‌ها در ساختار و گرامر این عبارات در هر دو زبان می‌پردازد. این تحقیق نقش مهمی در تفهیم عبارات فرهنگی در زبان‌های کردی و فارسی دارد و به افزایش دانش ما در این زمینه و درک بهتر ارتباطات فرهنگی کمک می‌کند.

# المستخلص

هذا البحث، بعنوان "عبارات المعجمية في اللغتين الكوردية والفارسية"، هو محاولة لإظهار كيفية إنتاج العبارات المعجمية المتعلقة بالعناصر المعجمية. نسل النظريات ونظرية التحكم والربط وبالتحديد نظرية-X bar، شكلت نطاق الدراسة. في هذا الصدد، يتم تخزين جميع المعلومات اللغوية بشكل مجرد في المعجم في هياكل لغوية مثل العبارات المتعلقة باللغتين الكوردية والفارسية. لهذا الغرض، يتم ربط X° بعناصر بناء المشروع ويتم اقتراح Y لجميع الاستكمالات. تم إجراء الدراسة في ثلاثة فصول:

في الفصل الأول، الذي هو الفصل النظري، يتم تقديم وجهات النظر حول تعرف العبارة، بمعنى وجهات النظر في تشكيل العبارات، ونظرية X-bar، والنظرة الوظيفية. لذلك في الدراسات بأكملها تم العمل على مبادئ نظرية X-bar والاعتماد عليها لبناء مشروع العبارة باللغتين الكوردية والفارسية ثم يتم تقديم النظريات المطبقة في الدراسة.

الفصل الثاني يتعلق بكيفية إنتاج مشروع العبارات المعجمية في اللغة الكورديـــة، استناداً إلى الرؤوس المـــعجمية (V, P, A, D/N)، من خلاله يتم إنتاج مشروع العبارات االمعجمية ( VP, PP, AP, DP/NP)، يتم بناؤها ضمن حدود قواعد المشروع.

الفصل الثالث مخصص للعبارات االمعجمية في اللغة الفارسية. هذا الفصل يتعلق بكيفية بناء العبارات االمعجمية في هذه اللغة. مثل اللغة الكردية، يعتمد على نظرية X-bar وتُطبق مبادئها على تحليلات هذا القسم. وأخيرًا، تم الحصول على العديد من النتائج والامثال في اللغة الفارسية التي تُظهر نقاط التشابه والاختلاف في هذا النوع من العبارات في كلا اللغتين، من حيث الصواب والقواعد النحوية.

# Abstract

This research is entitled (Lexical Phrase in Kurdish and Persian languages), it aims to demonstrate the production of Lexical Phrase related to lexical elements. The framework of the stud is the sub theory of Government and Binding, specifically X-bar theory. The sum total of the Linguistic knowledge inherently stored in the lexicon abstractly, are represented in linguistic structures of phrases from both Kurdish and Persian languages. To achieve this, X° is associated with projection principle elements and Y for complementizers are suggested. The study was conducted in three parts. The first part, which is theoretical, presents different perspectives on phrase recognition, namely phrase formation, X-bar theory, and the functional view. Subsequently, the applied theories in the study are introduced. The second part focuses on producing a Lexical Phrase project in Kurdish, based on Lexical heads (V, P, A, D/N). This process results in the production of lexical phrase projects (VP, PP, AP, DP/NP) within the established project rules. The third part delves into lexical phrases in Persian language. This section explains the process of constructing lexical phrases in the language, which, like Kurdish language, relies on the principles of X-bar theory. The analysis of this section yields several results that highlight the similarities and differences between these types of phrases in both languages, in terms of rules and grammar.